رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرئەچێ‌و لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

هاوکاری

التضامن

ژمارە (١٨٩) ١٩-١٠-١٩٧٣

نرخی (٢٠) فلسە

تەلەفۆن ٢٠٣٦٥

سەرۆك احمد حسن بەکر پێشوازی باڵیۆزی یەکێتی سۆڤییەتی کرد

سەر کۆمار کاك احمدحسن بکر ئێوارەی چوار شەممەی رابوردو لە بارەگاکەیانا لە کۆشکی جمهوری پێشوازی ڤنیامین لیخا چۆڤی باڵیوزی یەکێتی سۆڤییەتی‌یان کرد •

ئا•د•ع

سەرکۆمار سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد

سەرەك کۆمار کاك احمدحسن بکر پاش نیوە ڕۆی ١٧-١٠ لە کۆشکی جمهوری سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد • وە لەکۆبونەوەکەدا کەنزیکەی دوو سەعاتی خایاند لە بەرنامەی ئاسایی ئەنجومەنی ناوبراو کۆلیونەتەوە •

ئا•د•ع

ئیسرائیل دوای چەند تێك شکانێك ژەنەراڵ «عازار» لائەبات

پارتی کاری کۆریای دیموکرات بایەخ بە میللی کردنی بەشە نەوتی ئەمەریکا لەعیراقدا ئەدات

سیمینارێکی تر دەربارەی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی کوردستان

دەست درێژی ئەمەریکاو داگیرکاری ئیسرائیل بەرەو چ ئەنجامێك ئەگەن ؟!

جەنگی ئەم جارەی نێوانی گەلانی عەرەب‌و زایۆنیزم‌و ئیمپریالیزم بەجارێك خۆهەڵکێشان بە جەنگی شەش رۆژخایەنی پێنجی حوزەیران‌و هەموو هاشەو هوشەو لاف‌وگەزافی بەرەی زایۆنیزم‌وئیمپریالیزمی تێکوپێك‌داو پروپاگەندەکانیانی لەرەگوریشە هەڵکێشا • وەنەبێ ئەم ئەنجامە دڵخۆشکەرەیەش هەر گەلانی تێکۆشەری عەرەب بەگشتی‌و جەنگاوەرانی بەرەی ئەو جەنگە قارەمانانەیەی لەژووروو رۆژئاوای فەلەستینی داگیرکراودا بگرێتەوە بەڵکو راستی‌یەکە هەموو گەلانی دنیا ئەگرێتەوە ، وە هەر گەلێك رێبازی خەباتی شۆرشگێری گرتەبەرو لەسەری رۆیشت هەر بەئەنجامی باش‌و بەئاواتی نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و چینایەتی خۆی ئەگات •

جا لەوتاری ئەمرۆماندا بەپێویستی ئەزانین باسی چەند خاڵێك بکەین کە لەدوای ئەم جەنگە هاتونەتەکایەوە ین بەباشی ئاشکرابوون‌و روون بونەتەوە :

یەکەم : هەرەشەو گورەشەی نیکسۆن‌و پاڵەوان‌بازی نێوان سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی ئەمەریکاو پارتی جمهوری سەبارەت بە لایەنگیری‌و دەست گرتن‌و لەتەنگانە رزگارکردنی ئیسرائیلیە دەست‌درێژە خوێن‌رێژەکان •

ئاشکرایە کە ئەمەریکا تائێستا هیچ درێغی لەیاریدەدان‌و دەست‌گرتنی ئیسرائیل نەکردووە تائێستا لەتەنگانەدا فریای بکەوی وە هەمیشە سەرکردەکانی ئەمەریکا بۆ دڵنەوایی‌کردنی سەرمایەدارە مۆنۆپۆلیە سەهیۆنی‌یەکانی ئەمەریکاو دنیاو بۆ دۆست‌پەیداکردن لەکاتی‌هەڵبژاردندا لەنێو جولەکەکانی‌ئەمەریکادا کەوتونەتە کاکە لەقێ بۆ ئیسرائیل‌و بۆرپۆرین لەپێشکەش کردنی یارمەتی ئابوری‌و سیاسی‌و عەسکەری‌دا • بەڵام بابزانین وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەدەست‌درێژی‌کردن‌و دەست‌خستنەناو کاری ناوخۆی گەلان‌و یارمەتی کۆنەپەرستانی دنیادا چ قازانجێکیان کردووەو چ دەستکەوتێکیان بەدەست هێناوە ؟!!•

چاو خشاندنەوەیەك بە بەسەرهاتەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیادا کوتوپڕ وەڵامی ئەم پرسیارەمان ئەداتەوە بەوەی ئەمەریکا ناوبانگی زڕاو پارەی گران‌بەهای واتە (دۆلاری عەزیزی) شکاو بەدەیان هەزار سەربازی لێ‌کوژراو بریندارو سەقەت بون‌و چاکترین چەك‌و تفاقی جەنگی لەکیس‌چوو بێ‌ئەوەی بەئەنجامێکی باش‌بگەن‌و بتوانن نۆکەرەکانیان رزگاربکەن بەڵکو بەپێچەوانەوە گەلانی ڤیتنام‌و کەمبودیاو لائوس سەرکەوتن‌و ئەوەندە نابات بەتەواوی پاشماوەی کۆنەپەرستان رائەماڵن‌و وڵاتەکانیان لەنۆکەرانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا خاوێن ئەکەنەوە •

بێ‌گومان چارەنووسی ئەمەریکاو یارمەتی‌و چەك‌و تفاقە جەنگی‌یەکانیشی لەفەلەستینی داگیرکراودا هەر بەو مەرەیە ئەچێت •

دووەم : هەموو ئەزانین‌کە ئیسرائیل گوایە خاوەن شارستانێتی ! رۆژ لەدوای‌رۆژ رسوا ئەبێت‌و رای گشتی دنیا نارەزایی‌و بێزاری خۆیان دژی دەرئەبرن‌و گەلێك لەوانەی بەهەڵە چوو بوون‌وبەزەییان پیایا ئەهاتەوە بۆیان دەرکەوت کە دەزگایەکی‌شەڕانی دڕی داگیرکەری دەست درێژکەری دوژمن بەگەلانە • وە ئەو رای گشتی‌یەی لەم دواییەدا لەئەوروپا دژی ئیسرائیل دروست‌بووەو لابردنی پێوەندی دیبلۆماسی لەنێوان چواردە دەوڵەتی ئەفەریقاو ئیسرائیلدا نمونەی ئاشکرای ئەم بۆ چوونەمانن وە ئیسرائیل بەتەواوەتی کەوتۆتە قەفەزی گۆشەگیری‌یەوە •

سێیەم : ئاشکرابوو هەروەکو شارەزایانیش لەوەوپێش ئەیان‌زانی کە ئیسرائیل بەیارمەتی ئەمەریکاشەوە ناتوانێ بێتەمەیانی جەنگێکی درێژخایەنەوە لەبەرئەوە ئەنجامی ئەم جەنگی درێژخایەنەی سەرکردەکانی‌عەرەب باسی ئەکەن بەشکستی ئیسرائیل‌و سەرکەوتنی عەرەب‌کۆتایی‌دێت• چونکە دەوڵەتانی ئیمپریالی‌گەورە چ جای ئیسرائیلی کەم نفوس‌و کەم جێگاو کەم‌دەرامەت بەرگەی جەنگێکی درێژخایەن ناگرن •

لەبەر ئەوە ئیسرائیل‌و هەموو زایۆنیست‌و ئیمپریالیستەکانی هاوکاری ، چارەنوسێکی رەشیان دێتەپێش •

ئەمانەو گەلێ خاڵی‌تر کە لە رۆژانی داهاتوودا باسیان ئەکەین هەموو مژدەی تێك‌شکانی زایۆنیزم‌و ئیمپریالیزم‌و هەموو داگیرکەرو دەست‌درێژکەرو زۆرداریکمان ئەدەنێ •

ئیتر بەم بۆنەیەوە سڵاوی گەرم لەگیانی پاکی ئەو شەهیدانە ئەکەین کەبەخوێنی گەشی خوێیان خاکی داگیرکراوی فەلەستین رزگارئەکەن‌و بەرەی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستانی دنیا لاواز ئەکەن •

سادات : شکاندنی هێڵی بارلێف کارێکی جوامێرانە بوو

قاهیرە : ئا•د•ع انور ساداتی سەرۆکی میسر رۆژی ١٦-١٠ لە کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی‌گەلی میسردا وتارێکی‌خوێندەوە تیایدا وتی : پەڕینەوەی لەشکری میسر لە کەناڵی سویس‌و شکاندنی‌هێڵی بارلێف کارێکی زۆر گەورەو دلێرانە بوو • هێزەکانی میسر توانیان دوژمن‌سەرکوت بکەن‌و دەستی‌دلێرانەی لێ‌بووەشێنن • هەروەها وتی :لەبەرەی ژووروالەشکری عەرەب جوامێرانەترین شەڕ ئەکات لەگەڵ دوژمندا •

سەرۆکی میسر وتی :ئەوشەڕەی ئێستا ئیمە نەیکەین ئەلقەیەکە لەزنجیرەی ئەوشەڕە مرۆڤ پەروەرەی دژی فاشیزم‌و نازیەت ئەکرێ ،چونکە سەهیۆنیەت دووبارە بوونەوەی فاشیزم‌و نازیەتە •وەدەربارەی هەڵوێستی ئەمەریکا وتی : ئەمەریکا بەپردێکی ئاسمانی‌دا هەموو جورەچەك‌و تفاقێك بۆ دەوڵەتۆکەکەی‌سەهیۆنی ئەنێرێ • وە ئیمەش بەرامبەر بەو سیاسەتەی ئەمەریکا بێ‌دەنگ نابین •

لەدوو رۆژدا ئەمەریکا ٥٠٠ تەن چەك‌و تفاقی بۆ ئیسرائیل ناردووە

چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار لەواشنتۆن بڵاویان‌کردەوە کە لەماوەی دوو رۆژدا حکومەتی نیکسون نزیکەی ٥٠٠ تەن چەك‌و تفاقی هەمەچەشنەی شەڕی بۆ ئیسرائیل ناردوە • جگەلە فرۆکەی فانتۆم‌و فرۆکەی چەشنی‌تر • لەلایەکی تریشەوە سناتۆر مایك مانسفیلد بەتوندی داوای لە نیکسون کردووە کە سەرەرۆیی نەکات‌و لەشەڕی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە نەگلێ • هەروەها وتویە ، پێویستە نیکسون بەبێ پرسی کۆنگریس هیچ هێزێك بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست نەنێرێ • وەلەشاری بێروت نزیکەی هەزارکەسی ئەمەریکایی خۆپێشاندانێکی گەورەیان رێکخست بۆ نارەزایی دەربرین دژی ئەوسیاسەتەی نیکسون گرتویەتیە بەر لەگەڵ ئەو یارمەتی‌یەی بۆ ئیسرائیلی ئەنێرێ •

نیکسون بەم زوانە سەر لە وڵاتی سعودی ئەدات

واشنتۆن : ١٧ - ١٠ ئاژانسەکان : ریچارد نیکسونی سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی جەزایرو سعودی‌و کوێت‌و مەراکێش کۆبۆوە • وە دوای کۆبونەوەکە بلاوکرایەوە کە باسی باری ناوچەی عەرەب‌و ئەو یارمەتیە‌یان کردووە کە ئەمەریکا بۆ ئیسرائیلی ئەنێرێ • ئەسۆشیتێدپرێس ئەڵی نیکسون بە عمر سەقافی وەزیری سعودی وتووە کە بەم زووانە بە میوانی ئەچێ بۆ ریاض ! هەروەها سەقاف بەرۆژنامە نووسانی وتوە کەکوبونەوەکە سەرکەوتو بووەو ئەمیش داوای لەنیکسون کردووە کە دەورێکی ئیجابی بگێرێ بۆ وەستاندنی شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل • لەلایەکی تریشەوە ئاژانسەکان وائەگەیەنن کە نەنیکسون‌و نەچوار وەزیرەکەی عەرەب ئەوەیان نەدرکاندوە کە ئایا لەکۆبونەوەکەدا باسی نەوتیان کردووە یان نا • وەکو زانراویشەوە جۆزیف سیسکۆی وەزیری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەراستی دەرەوەی ئەمەریکا لەم کۆبونەوەیەدا بەشدار بووە • وە ئەوچوار وەزیرە پێش ئەوەی چاویان بەنیکسون بکەوێ لەگەڵ کیسینجەردا کۆبونەتەوە •

• پاش نیوەرۆی سێ شەممەی رابوردوو بەرێز عیدی ئەمین سەرکوماری ئۆگەندە لە شامەوە گەڕایەوە بۆ بەغدا • وە لە فرۆکەخانەی مثنی لەلایەن سەرکۆمار کاك أحمد حسن بکرو کاك مرتضی سعید عبدالباقی وەزیری دەرەوە چەند کار بەدەستێکی دەوڵەتەوە پێشوازی کرا • ئەوەی شایانی باسیشە سەرۆك ئەمین گەشتێکی بەچەند وڵاتێکی عەرەبدا کردو لەگەشتەکەیدا سەری لە سعودی‌و ئەردەن‌و سوریا عیراقدا • وەلە شام سەرکوماری ئۆگەندەلەکونگرەیەکی رۆژنامە نووسیدا بەتوندی هێرشی بردە سەرئەمەریکاو وتی :-

ئەمەریکاییەکان بوون بە کۆیلەی جولەکەو سەهیونی‌یەکان ، راستە نیکسون‌دەورێکی‌هەیە بەڵام کیسنجەری زایونیست حوکم ئەکات •• هەروەها وتی : من بڕوام وایە کە عەرەبەکان سەرئەکەون‌ودنیاش پشتگیری‌یان ئەکات •

ئاژانسی دەنگوباسی سودان ئەدوێ

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر رۆژی ١٤-١٠ لەوتووێژێکا لەگەڵ پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی سودان باسی زروفی ئیستاو جەبهەی شەڕو هەڵوێستی ئەمەریکای کرد • سەرکۆمار لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی هەڵوێستی هێزەکانی عیراق لەجەبهە وتی :-

ئیمە لەتوانای لەشکری عیراق دڵنیاین‌و باوەڕمان بە توانای لەشکری عەرەب هەیە لەهەر شوێنێکا بێ لەسەر خاکی عەرەب‌و ئامادەبوونی بۆ فیداکاری‌و قوربانی‌دان لەپیرۆزترین جەنگا کە نەتەوەی عەرەب ئەیگێڕێ • وە دەربارەی ئەو هەنگاوە تازانەی عیراق ئەینێ لە پرۆسێسی سەرکەوتنا سەرەك کومار وتی : هەرلەسەرەتاوە عیراق ئەم شەڕەی بەجەنگێکی رەوای نەتەوەیی‌زانیوە ، جالەبەر. ئەمە هەموو توانایەکی لەپێناوی ئەو شەڕەداتەرخان‌کردووە • وە لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەمەریکاچەك‌و تفاقی تازەی بۆ ئیسرائیل ناردووە وتی : پێویستەئەمەریکا باش بزانی کە گەلی عەرەب بەدرێژایی مێژووهەڵویستی دۆست‌و دوژمنانی لەبیر ناچێتەوە • وە نەبێ ئەوەش بزانن کە هەڵوێستی دوژمنانەیان‌و یارمەتی‌دانی ئیسرائیل زیاتر زیان بە بەرژەوەندی خویان‌ئەگەیەنێ‌نەك بە هی عەرەب • ئنجا بەرێز سەر کۆمار لەوەڵامی‌پرسیارێکی ترا وتویەتی : بانگەوازی بەکار هێنانی نەوت‌وەکو چەکێکی شەر سەبارەت بە عیراق تازە نی‌یە • چونکەئیمە یەکەمین وڵات بوین کە ئەم دروشمەمان بەرزکردەوەولەیەکی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢و ٧ی تشرینی یەکەمی١٩٧٣دا جێ‌بەجێمان کرد •

هەروەها باسی هەڵوێستی‌چەند وڵاتێکی عەرەبی لەم مەیانەدا کردوو وتی :لەکاتیکا نەتەوەی عەرەب بەخوێنی رۆڵەکانی ئەم جەنگە پیروزەی‌هەڵگیرساندوە ، بەهیچ جورێك قایل نابین نەوت‌و ئابوری‌عەرەب لە خوێنی عەرەب بەگرنگتر بزانرێ یاخود خزمەتی‌دوژمنانی نەتەوەکەمانی پێ‌بکرێت • لەکۆتاییدا سەرکومار دەربارەی باری سەرسنوری عیراق‌و ئێران‌وتی :

بریارماندا کە لەگەڵ ئیرانی دراوسێماندا پەیوەندی دیبلوماسی دابمەزرێنینەوەو‌هیوادارین ئیران بەباشی بێتەپێشەوەو باری سەرسنوریش هێمنە •

پارتی کاری کۆریای دیموکرات بایەخ بە میللی کردنی بەشە نەوتی ئەمەریکا لە عیراقدا ئەدات

رۆژنامەی رودونگ ئورگانی پارتی کاری کوریا دەربارەی میلی کردنی بەشی دوو کۆمپانیای‌مۆنوپۆلی ئەمەریکا لەکۆمپانیای نەوتی بەسرادا وتارێکی‌نووسیوە تیایدا ئەڵێ : ئەو بریارەی حکومەتی کۆماری‌عیراق دەستێکی دلێرانەبو لەئیمپریالیزمی ئەمەریکاوەشێنرا ، وە سەرکەوتنێکی گەورە بوو گەلی عیراق بەدەستی‌هێنا لە خەباتیا لەپێناوی جوامێری نەتەوەکەی‌و پەرەسەندن‌و دەستخستنەوەی سامانە سروشتی‌یەکانی •• رۆژنامەکە وتی : گەلی کوریا بایەخ ئەدات بەو خەباتە جوامێرانەیەی گەلی عیراق بێ‌وچان ئەیکات لەگەڵ ئەو سیاسەتی دژی ئیمپریالیزمیەی سەرکردایەتیە جوامێرەکەی بەسەرۆکایەتی خەباتگێر کاك احمد حسن بکر گرتویەتیەبەر • هەروەها گەلی کۆریا پشتگیری ئەو بڕیارەی حکومەتی کۆماری عیراق ئەکات •

ئا•د•ع•

لە سەعات ٧ی ئێوارەی ١٧-١٠ لەبارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی سیمینارێك رێکخرا بۆ لێکۆلینەوەی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان • ئەو سیمینارەش کە لەسەر داخوازی سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ساز کرا ، ماموستا صدام حسین جێگری سکرتیری سەرکردایەتی قطری‌و چەند کوردێکی نیشتمان پەروەری بێ‌لایەنی تیادا بەشدار بوو • جگە لە کاك نعیم حدادو تایە عبدالکریم ئەندامانی سەرکردایەتی قطری‌و ئەندامانی سەرکردایەتی لقی بەغدای پارتی بەعسی‌و غانم عبدالجلیل بەریوەبەری گشتی مەکتەبی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش •

ئەوەی شایانی باسیشە ئەوپرۆژەیەی کە ئێستا لێوەی ئەکۆلرێتەوە پێشکەش ئەکرێت بە لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەو تنخواز بو لێکۆلینەوەو گەڵاڵە کردنی ، ئنجا پێشکەش ئەکرێ بە پارتی‌دیموکراتی کوردستان•

هەروەها ئەمە چوارەمین‌سیمینارە کە سەرکردایەتی قطری لەم بارەیەوە رێکی‌ئەخات بۆ لێکۆلینەوەی پرۆژەی ئۆتۆنومی ناوچەی‌کوردستان •

وە لەمەوبەر سێ کۆبونەوەی‌تر کرا تیایدا ٢٠٠ کەسی نیشتمان پەروەرو نەتەوەیی بێ‌لایەن تیایدا بەشدار بوون هەروەها دوێنی -پێنج شەممە- هەمان سیمینار بۆ چەند کەسایێکی تورکمان‌و ئەوانەی بەزمانی سریانی قسەئەکەن سازکرا •

ئا• د• ع•

ئیسرائیل سوپا سالارەکەی لابرد

پاریس : ئا•د•ع• : رۆژی ١٧-١٠ بڵاوکرایەوە کە ئیسرائیل بریاری‌دا دێڤید عازاری سوپا سالار جەنەرال زێری سەرۆکی ئیستخباراتی لەشکر لابەرێ‌و جەنەرال بارلێف بێتەوە سەرکار • ئاژانسی دەنگوباسی تاس ئەڵی : ئەم ئاڵو گۆرەی ئیسرائیل لە ریزی لەشکرەکەیدا ئەیکات نیشانەی ئەوەیەکە ناکۆکی‌و ترس‌ولەرز کەوتۆتە ریزی کاربەدەستانی تەل ئەبیبەوە لە ئەنجامی ئەو دەستە دلێرانەیەی لەلایەن لەشکری عەرەبەکانەوە لێیان وەشێنرا •

بەڵام بارلیف هێلەکەی چاك خوی پێ‌گیرا تا سەرکردایەتی یەکەشی سەرکەویت •

***

institut kurde de paris

هێڵی بارلیف چی یەو چۆن لەشكری قارەمانی میسر داگیری كرد

ئامادەكردنی :
عبدالوهاب تالەبانی

هەروەها چاودێری كارە سوپاییەكانی جیهان دانیان بەوەدا ناوە ، كە پەڕینەوەی سەربازەكانی میسر لەنۆكەندی سوێس و لەیەكەم ڕۆژی شەڕی ئەم دواییەی نێوان گەلی عەرەب و سەهیونیەكاندا ، كارێكی گەورەو بزوتنەوەیەكی سوپایی ڕێكوپێك و لەپڕی كاریگەر بووە ، وە ئەو زیانەی كەوا چاوەڕوان ئەكرا لەسوپای میسر بكەوێ شتێكی ئەوتۆ نەبوو وە. ئەوەندە نەبوو كە بۆی دانرا بوو ، ئەمە جگە لەو ئازایەتی و لەخۆبوردنەی كە نوێنرا لەكاتی پەڕینەوەدا .

چۆن پەڕینەوە ..

نوسەری سوپایی ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆژهەڵات لەم بارەیەوە نوسیویە دەڵێ : كاتێ كەفەرمانی پەڕینەوە بۆ هێزەكانمان دەرچوو ، هەموو بە سواری بەلەمی تیژڕەو بەرەو قەراغی ڕۆژهەڵاتی نۆكەندی سوێس كەوتنە ڕێ . كاتێكیش كە گەیشتنە ئەوبەر پەیژەو كەرستەی تایبەتی هێرشیان بەكارهێناو بەدیوارە (لم)ەكەدا هەڵگژان و بەسەر سەری سەربازەكانی دوژمنەوە ڕاوەستان و لەپەلوپۆیان خستن ئەوەی دەستی كردەوە كوژراو ئەوەش تەسلیم بوو گیرا .. لە هەمان كاتدا هێزی ئاسمانیمان دەستی كردە بۆردومان كردنی فڕۆكەخانە نزیكەكانی دوژمن و چەندەها فڕۆكەی هەر لەسەر زەمین سوتاندو تێكشكاند لەپاش ئەمە بەشی ئەندازیاری سوپا كەوتە خۆی و لەماوەیەكی زۆر كورتدا چەند پردێكی دروستكرد ، ئیتر هێزەكانی تانك و پیادە كەوتنە خزیان و ئەوەبوو لەشەڕێكی گەرم و سەختدا هێڵی بارلێفیان هەڵتەكاندو ئەو خەونەی ئیسرائیلیان پووچەڵ كردەوە كە گوایە هێز نی یە ئەو هێڵە بگرێ یان هەڵتەكێنێ ..

هەروەها نوسەری ناوبراو وتویە :

لەگەڵ پەڕینەوە هێزەكانماندا ژمارەیەكی زۆری سەربازی پەرەشووتەوانیشمان لەودیوی هێڵی بارلێفەوە دابەزاندبوو وە ئەوانیش دەورێكی باڵاو دیاریان بینی لە گەمارۆدانی دوژمن و سەرلێشێواندنی .

ئەوەی شایانی باسیشە دیوارە لمەكەی پێش هێڵی بارلیف بەدرێژایی لێواری ڕۆژهەڵاتی نۆكەندی سوێس دروست كراوەو لەدووری چەند مەترێكەوە هێڵی سەختی بارلیف ڕاست بوەتەوە .

باسێكی هێڵی بارلیف :

لە نیوەڕۆی ڕۆژی ٦ی تشرینی یەكەمدا لەشكری میسر توانی سەختترین سەنگەری ئەم سەردەمە تێك بشكێنێ و دەستی بەسەرابگرێ .. ئەم سەنگەرە كە لە شێوەی هێڵێكی (٨٠) كیلومەتریە پێی دەڵێن : هێڵی بارلیف .

لەپاش جەنگی ساڵی ١٩٦٧ وە ، ئیسرائیل دەستی بە دروستكردنی ئەم هێڵە كرد پاش ئەوەی كە بینی بەرەی لەگەڵ میسراو بەدرێژایی نۆكەندی سوێس بەرەیەكی زۆر درێژەو پێویستی بە پێنج سەد هەزار سەرباز ئەبێ بۆ پاراستنی ، وە تەرخان كردنی ژمارەیەكی ئەوەندە زۆریش و بۆیەك لا یان بۆ هەموولاكانی تر هەرگیز لەتوانای ئیسرائیلدا نی یە ، بۆیە ناچار بیری لە دروستكردنی ئەم هێڵە سەختە كردەوە ، چونكە لەم حاڵەتەدا بەژمارەیەكی كەمترەوە گوایە ، لە توانایدا دەبێ ئەو بەرەیەی بپارێزێ ، لە هەمان كاتیشدا هێزەكانی تری لە سنوری سوریاو ئەردەن و لوبنانیش مۆڵدەدا بەتایبەتی سوریا لە ترسی هێرشی سوریاو لە لوبنانیش لەترسی جموجۆڵی شۆڕشگێرانی فەلەستین ...

هەروەها مەبەستێكی تریش لەدوای دروستكردنی ئەم هێڵەوە هەبوو ، كە ئەویش دڵنیاكردنی سەربازە سەهیۆنیەكان و هەموو دانیشتوانی خاكی داگیركراو كە ئیسرائیل (دەوڵەتێكە) نابەزێ و باش خۆی دەپارێزێ .

ئەمانە هەموو لەلایەكەوە ، لەلایەكی تریشەوە سەهیۆنیەكان هەوڵی هێنانەدی ئامانجێكی تریشیان دەدا كە ئەویش مانەوەیە لەو خاكەدا كە لە ساڵی ١٩٦٧دا داگیری كردو چەسپاندنی ئەم مانەوەیەی بە دامەزراندنی ئاوایی نوێی سەهیۆنی و سوود بینین لە سامانی ئەو ناوچانە .. بۆ نموونە نەوت لەسیناو میوە لەبەری ڕۆژئاوای ڕوباری ئەردەن .

هێڵی بارلیف وەكو وتمان درێژاییەكەی ٨٠ كیلومەترەو لەخواروی (پۆرفواد)ەوە دەستپێدەكاو بەلێواری نۆكەندی سوێسدا بەرەو خوار دەكشێ تاوەكو دەگاتە سەروی شاری (پۆرتوفیق) ... لە كۆنكرێتی (مسلح) وشیلمانی پۆلایین هەڵچنراوەو بەبەرزایی شوێنەكانی چاودێری كردنی ١٨ - ٢٠ مەتر دەبن ، دروستكردنی ئەم هێڵە ٢٣٨ ملیۆن دۆلاری تێچوە .

لەپشت هێڵەكەوە سەنگەری قووڵ تەنانەت بۆ شاردنەوەی ئۆتۆمۆبیل و تانكیش هەڵكەندراوە ، سەنگەرەكانی سەربازەكانیش لەچەند نهۆمێك پێك هاتوە ، بۆ نموونە نهۆمێك بۆچەك و جبەخانە تەرخان كراوە و نهۆمێك بۆ نوستن و نهۆمێك بۆ كات بەسەربردن و تەماشا كردنی فلیمی سینەما ، بۆ هەموو ئەم نهۆمانەش بۆری ئاو ڕاكێشراوەو سەری ئەم نهۆمانە ئەوەندە ئەستور بەچیمەنتۆ دروستكراون كە تەنانەت گوللەتۆپیش كاری تێ ناكا ...

بەدرێژایی ئەم هێڵە چەندەها قوولەی هەمە چەشنە .. خڕ ، چوارسووچە دروستكراون ، بەشێوەیەكیش كە یاساول ئەتوانێ لەسەر ئەو قوولانەوە چاودێری پێش و پاش و چوار دەوری خۆی بكاو لەهەموو ئەم قوولانەدا شەستیرو تۆپوچەكی ساروخی و هاوەن هەیەو سەرتاپای هێڵەكە بەقۆرپێكی بێتەل بە ستراوەتە یەكەوەو یەكسەریش بەستراون بە سەركردایەتی هێزی ئاسمانییەوە ، دەوروبەری ئەم قوولانەو بەریلای نۆكەندی سوێس تەلبەن كراوەو بەتەقەمەنی تەنراوە .

حاییم بارلێفی سوپاسالاری پێشوی سەهیۆنی و ئەوكەسەی كەبیری لەدامەزراندنی ئەم هێڵە كردەوەو بەناویشیەوە ناوی نرا لە ٢٦ی نیسانی ١٩٧١دا وتی : من دڵنیام لەوەی كە ئەگەر بێتو میسر شەڕمان لەگەڵابكا لەتوانایدا نابێ هێزەكانی لە نۆكەندی سوێس بپەڕێنێتەوە ، چونكە لەبەردەم سەنگەرەكانی هێڵی بارلیفدا ناتوانن خۆیان بگرن و لەناو دەچن .

بەم چەشنە سەركردە سەهیۆنیەكان لافو گەزافیان لێدەداو بەقەدوباڵای ئەم هێڵەدا هەڵیان ئەدا ، تاوەكو ئەوەبوو لەچەند سەعاتێكا ئەم لافو گەزافەیان بەهەوادا چوو ، وە سەراپای ئەم هێڵە سەختە لەلایەن سەربازەكانی میسرەوە دەستی بەسەرا گیراو بووبە بنكەیەكی گرنگ بۆ خۆڕاگرتنی لەشكری میسرو بەرەوپێشەوە چوونی و زاڵبوونی بەسەر لەشكری سەهیۆنیا .

هەفتەی باسێك

سـوارە

زۆر كەس وای بۆ ئەچو ، كە گوایە ئیسرائیل هێزێكی وایە لەشكان نایەت و هەر شەڕێك بكات ئەیباتەوە وە هۆی ئەم جۆرە بڕوایەش بەئیسرائیل بەتایبەتی لەساڵی (١٩٦٧)ەوە كەوتە ناو ناوانەوە وە كۆنەپەرستان و كەسانی نا هوشیار كەوتنە بڵاوكردنەوەی ئەو بیروڕایەی كە ئیتر عەرەب ئیسرائیلی لەخاكی فەلەستین و عەرەبی داگیر كراودا پێ دەرنا پەڕێنرێت ، وە بێ گومان نەهێشتنی بڕوای خەڵكی بەتوانا و باوەڕی گەلانی عەرەب بەشێكی گرنگ بوو لە پروپاگاندەی زایۆنیست و ئیمپریالیستەكان . بەڵام ئەمجارە بەپێچەوانەی جەنگەكەی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٧)ەوە هێزی عەرەب ئەو داستانەی شكاندو ئەوەی سەلماند كە ئیسرائیل ئەوهێزە لەشكان نەهاتوە نی یە .

ئەم جەنگەی ئێستا لەنێوان هێزەكانی عەرەب و ئیسرائیلدایە هەرچۆنێك بێت لەقازانجی گەلانی عەرەب چونكە، یەكەمین ، سەرەڕای هەموو ئەو پروپاگاندە دوژمنانەیەی بۆ بەرژەوەندی دەستدرێژكەرە ئیسرائیلیەكان ئەكراو سەرەڕای ئەو هەستە بەشكست كردنەی عەرەب ئینجەش هێزەكانی عەرەب زاتی بەرەنگاربونەوەی هێزی دوژمنیان كردو ئازایانە چونە كۆڕی جەنگێكی قورس و ترسناكەوە ، دووەمین ، هێزەكانی عەرەب نەك هەرزاتی بەرەنگاربونەوەیان هەبوو ، بەڵكو سەركەوتنی عەسكەری پربایەخیشیان بەدەستهێنا ، كە لەیەكەمین هەنگاوی لەشكری میسردا خۆی ئەنوێنێت ، ئەویش پەڕینەوەیان بوو بەو جۆرە بێهاوتایە بۆ ئەوبەری كەناڵی سوێس و هێرش بردنە سەر سەنگەرە تووندو تۆڵەكانی دوژمن و داگیركردنیان ، وە ئینجا لەناو بردنی خەتی (بارلێف) - كە بریتی یە لەدیوارێك ٨٠ كیلومەتر درێژەو ٢٠ مەترە بەرزە وە بێ گومان هێزێكی گەورە خۆی لەپەنایدا مەڵاس دابو - ئەم سەركەوتنانەو بەردەوام بوونی جەنگ بەم گەرمییە، شتێك بوون كە ئیسرائیل وای چاوەڕوان نەئەكرد بۆیە تارادەیەكی زۆر كاری كردۆتە سەر ورەی ئیسرائیلیەكان و خستونی یە ترسێكی زۆرەوەو بەپێچەوانەی ئەمەشەوە چەند عەرەب لە ساڵی ١٩٦٧دا هەستێكی تاڵی بەشكست بەزین كرد ، ئەمەندە ئێستا باوەڕی بەخۆی پەیدا كردۆتەوەو ئەو باڵە ڕەشەی بێهیوایی كە لەمەوپێش بەسەریاكشا بو ئەڕەوێتەوەو زۆر لە جاران زیاتر بە ورەو وزەیەكی گەورەوە ئەچێت بەگژ ئیسرائیلدا ، وە سێیەم هۆ ئەوەیە ئەم جەنگە لەقازانجی گەلانی عەرەبە چونكە هەرچۆنێك بێت ئیسرائیل لەعەرەب زیاتر زیانی پێ ئەگات ، بۆیە ئیسرائیل ئەیەوێت بەرێی بەكارهێنانی هێزێكی زیاترەوە بەپەلە كۆتایی بەجەنگ بهێنێت چونكە تا جەنگ بەردەوام بێت زیاتر هێزەكانی عەرەب قازانج ئەكەن و هێزەكانی ئیسرائیل لاوازو زەرەرمەند ئەبن هۆی ئەم سەركەوتنانەی هێزەكانی عەرەب بێ گومان هەر ڕاستی و وردی نەخشە عەسكەرییەكان نی یە، بەڵكو كەلێ هۆی تری بنچینەیی دەوری گەورەی تیا ئەگێڕێت ، كە بریتین : یەكەمین لە عەدالەتی مەسەلەكەو بڕوای جەنگاوەرانی عەرەب بە دروستی مافەكانیان زور ئاشكرایە ئیسرائیل جگە لەوەی كە خۆی بونێكی دەستكردی ئیمپریالیستەكان ڕاست بۆ بەربەرەكانی گەلانی ناوچەكە ڕاستیان كردوتەوەو وەك بنكەیەكی عەسكەری بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆیان بەكاری دێنن ، جگە لەمەش خاكێكی زۆری چەند وڵاتێكی تری عەرەبیشی داگیر كردوەو جگە لەپەرەسەندنێكی زیاتریشە ، وەئێستا گەلانی عەرەب بۆ دەستخستنەوەی خاكە زەوتكراوەكانیان و گێڕانەوەی مافە پێشێل كراوەكانی گەلی فەلەستین ئەجەنگێن ئەمەش كارێكە كە هەموو گەلێكی مافخوراو زۆر لێكراو ئەیكات و بێ ترس گیانی لەپێناودا ئەدات .

دووەم : یەكێتی ریزەكانی گەلانی عەرەب و هاوكاری برایانەی هێزە چەكدارەكانی عەرەب كە هەموو لە سەنگەرێكدا دژی دوژمنێكی ناوكۆیی ئەجەنگێن بێگومان كە سەربازێكی سوریی ئەبینێت خۆی بەتەنیا نیەو برا عەرەبەكانی تری لە وڵاتەكانی ترەوە شانبەشانی ئەجەنگێن بەورەو باوەڕێكی زۆر بەهێزترەوە بەرەوپێشەوە خۆیان ئەكوتن و چاویان لە قوربانیدان ناترسێ . وە ئەمە جارێكی تریش مەسەلەی یەكێتی دژی دوژمن ئەچەسپێنێت و ئەیكاتە مەرجێكی گرنگی سەركەوتن .

سێیەم : پشتگیری گەرم و كاریگەری گەلانی زۆربەی وڵاتانی دنیاو تاوانبار كردنی زایۆنیستە ئیسرائیلیەكان و ئیمپریالیستە هاوكارەكانیان بۆ نموونە ، شۆڕشگێرانی ڤیتنام ئامادەیی خۆیان پیشانداوە كە بچن و لەپاڵ جەنگاوەرانی عەرەبدا دژی ئیسرائیل بجەنگێن ، وە هەروەها زۆر وڵاتی ئەفەریقایی پشتگیریان پیشانداوە ٤ دەوڵەتی تری ئەفەریقایی لەماوەی ئەم شەڕەدا پەیوەندی دیپلوماسیان لەگەڵ ئیسرائیل بڕیوە تا تەنانەت ئێران و یونان و ئوستورالیش هەڵوێستێكی دۆستانەیان بەرامبەر عەرەب پیشانداوە بەوەی بواریان بەوكەسانە نەداوە كە ئەیانەوێت لەڕێی ئەوانەوە دژی هێزەكانی عەرەب ، بچنە كۆڕی جەنگەوە . ئەمە خۆی نیشانەیەكی ئاشكرای عەدالەتی ئەو مەسەلەیەیە كە گەلانی عەرەب ئێستا لەپێناویدا ئەجەنگێن ، وە ئەوە نیشان ئەدات كە سەركەوتنی هەرگەلێك لەخەباتیا دژی ئیمپریالیزم و هەر جۆرە چەوسانەوەیەك دەركەوتنە هەموو گەلانی تری جیهان دا بایەخێكی ... لانی عەرەب لەم جەنگەدا بایەخێكی تایبەتی هەیە ، چونكە ئەم جەنگە تەنیا ئەنجامی ناكۆكی نێوان هەندێك ڕژێمی عەرەبی و ئیسرائیل نیە ، بەڵكو ناكۆكییەكی توندو تەقاوەی نێوان هەموو گەلانی عەرەب و گەلانی تری ناوچەكە لەلایەك و ئیمپریالیزمی ئەمەریكییە كە ئیسرائیل داردەستە ، كەیەتی لەلایەكی ترەوە . شكاندن و بەزاندنی ئیمپریالیزمی ئەمەریكایی لەڕێی شكاندنی داردەستەكەیەوە سەركەوتنێكی مەزنی ئەوتۆیە كە شان بە شانی سەركەوتنەكانی گەلانی ڤیتنام و كەمبۆدیا و گەلانی تری هیندی چین ئەدات، چونكە شكانی ئیمپریالیزمی ئەمەریكایی بەخەباتێكی دلێرانەی

بروانە ل -٧-

بەیاننامەی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران
لەسەر شەڕی نێوان وڵاتەكانی عەرەبی و ئیسرائیل

هاونیشتمانە بەڕێزەكان !

هەنووكە ئاگری شەڕ لەنێوان وڵاتەكانی عەرەبی و ئیسرائیلدا هەڵگیرساوە . ئەمشەڕە بەرهەمی ڕاستەوخۆی دەستدرێژی ئیسرائیل بۆسەر وڵاتە عەرەبیەكان و داگیركردنی ئەرزی عەرەبی لەلایەن ئیسرائیلەوەیە .

كومیتەی ناوەندی حیزبی دیموكراتی كوردستان (ئێران) بەناوی هەموو ئەندامانی حزب و گشت گەلی كوردستانی ئێرانەوە پشتیوانی خۆی لەخەباتی ڕەوای گەلانی عەرەب دژی داگیركەرانی ئیسرائیل دەردەبڕێ و بەتەواوی لەگەڵ گەلی فەلەستین كە بۆ ڕزگاری نیشتمانی و مافی دانانی چارەنووسی خۆی خەبات دەكا ، هاودەردە .

گەلی كورد بەدرێژایی مێژوو هەمیشە دۆستێكی لەكاتی پێویستدا یاریدەدەری برا عەرەبەكان بووەو ئێستاش هەر خۆی دەگەڵ خەباتكەرانی عەرەبی لەیەك سەنگەردا دەبینێ كە دژی سەهیۆنیزم و ئیمپریالیزم خەبات دەكەن .

ئێمە دڵنیاین كە خەباتی یەكگری گەلانی عەرەب كە پشتیوانی هەموو بەشەرییەتی پێشكەوتووی بۆلای خۆی ڕاكێشاوە ، سەردەكەوێ و پلانەكانی ئیسرائیل كە بەئیمپریالیزمی ئەمریكا پشت ئەستوورە تێك دەشكێنێ .

ئێمە لەم شەڕە ڕزگاریخوازیەدا لەگەڵ گەلانی میسرو سوریاو عیراق و لەگەڵ گەلی نەبەزی فەلەستین و هەموو گەلانی عەرەب داین و ئەوشەڕە ڕەوایە بە شەڕی هەموو ئازادیخوازان دژی كۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانین . پێویستە هێزە نیشتمانیەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەموو توانایانەوە پشتی ئەم خەباتە ڕەوایە بگرن و هەتا سەر یارمەتی پێ بكەن . ئەوە ئەركێكی نیشتمانی و نەتەوایەتی هەموو هێزە نیشتمانی و دیموكراتیكەكانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە .

سەركەوێ خەباتی گەلانی عەرەب دژی داگیركەرانی ئیسرائیل .

یەكگرتوو بێ خەباتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی كۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم .

بژی دۆستایەتی نێوان گەلانی كوردو عەرەب .

كومیتەی ناوەندی
حزبی دیموكراتی كوردستان
(ئێران) ١٢-١٠-١٩٧٣

ڕووداوەكانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی عەرەب و ئیسرائیل هەموو ڕووداوە گرنگەكانی دنیای وەپاش خۆی داوە . لاپەڕەی یەكەمی زۆربەی ڕۆژنامەكانی دنیاو خەبەری هەواڵدەرییەكان بۆ بڵاوكردنەوەی دەنگوباسی ئەمشەڕە تەرخان كراوە . ڕۆژی

لەسەر پەلامارە تازەكەی ئیسرائیل

نووسینی : پێكرێ

شەممە ڕێكەوتی ٦-١٠-١٩٧٣ لەشكری ئیسرائیل لە دوو جەبهەوە پەلاماری هێزەكانی میسرو سوریای داو بەم جۆرە شەڕێكی تازەی هەڵگیرساند كە لەباری پارسەنگی هێزەكانەوە لە نەوعی خۆیدا تازەیە . بەپێچەوانەی شەڕەكانی ڕابردوو كە ئیسرائیل لەماوەیەكی كەمدا دەیتوانی زەبری خۆی بوەشێنێ و بەدڵنیاییی پاڵی لێبداتەوە ، ئەمجارە لەگەڵ بەرگرییەكی توندو بێوێنەی ئەرتەشەكانی عەرەبی بەرەوڕوو بوو .

نەتەوەی عەرەب بە دەرس وەرگرتن لە تاقیكردنەوەی شەڕەكانی ڕابردوو لەمشەڕەدا كە بەهەق دەكرێ بە شەڕی چارەنووسی ناو بەرین ، بە خۆڕاگری و لەخۆبوردوویەكی نەدیتراوەوە هاتۆتە مەیدان و هەتا نووسینی ئەم دێڕانە لە سەرتاسەری جەبهەكاندا دەرسی زۆر گەورەی دوژمنانی ئازادی و سەربەخۆیی گەلانی عەرەبی داداوەو زەبری هێندە گەورەی لە دوژمن وەشاندوە كە بە ئیقراری كاربەدەستانی سوپای دوژمن هیچ كاتێك چاوەڕوانییان نەكردوە .

بەپێچەوانەی چاوەڕوانی فرۆفیشانی كاربەدەستانی سوپای داگیركەری ئیسرائیلی تائیرە ڕەوتی كارەساتەكان بەقازانجی نەتەوەی عەرەب دەچێتە پێش و زەرەرو زیانێكی تەنیا لە چوار ڕۆژەی هەوڵی هەڵگیرسانی شەڕدا لە سوپای

دوژمن كەوتووە زۆر لەوە زیاترە كە لەشەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧ دا پێی گەیشتووە .

تەنیا سێ ڕۆژ بەسەر تازە بوونەوەی شەڕدا ڕابردبوو كە وەزیری دارایی ئیسرائیل ئیعتیرافی كرد كە ئیسرائیل ٨٥٠ میلیون دۆلاری زیان پێگەیشتوە ، لە كاتێكدا ئەوچەك و جبەخانەی لەدەستی دەرچووە زۆر لەوەش زیاتر دێتە بەرچاو كە خۆیان دانی پێیدا دەنێن . بەشاهیدی هەواڵدەرەكانی بیگانە مەعنەویاتی سەربازانی عەرەب زۆر بەرزەو سەربازانی ئیسرائیل بەتەواوی خۆیان دۆڕاندوە .

لەلایەكی ترەوە بیروڕای گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا بەگشتی لایەنگری خەباتی ڕەوای گەلانی عەرەبەو پەلاماری دڕندانەی هێزەكانی ئیسرائیل مەحكووم دەكا . هەروەها سەرنجدەرە سیاسییەكانی دنیا لەڕاست ئیدیعای چاوو ڕاوی دوژمن بەتەواوی « بەقادانەیان دڕاوە »و هەموو خەبەرو دەنگ و باسێك كە لە ڕادیوو ڕۆژنامەكانی ئیسرائیل بڵاو دەكرێتەوە بە دوودڵی و دڕدۆنگیەوە وەردەگرن . یەكێك لە ڕۆژنامەكانی فەرەنسە نووسی كە ئورووپا بە تەواوی لە ئاگاداری بەیاننامەكانی ئیسرائیل بێ بڕوا بووە . تا ئێستا سێ وڵاتی ئەفریقایی پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئیسرائیل پساندوەو ئەمەش نیشانەی نارەزایش لە سیاسەتی ئیسرائیلییە . بەم جۆرە ئیسرائیل لەناو كۆڕو كۆمەڵە سیاسیەكانی جیهاندا بەجارێك وەتەنیا كەوتۆتەوەو بێجگە لە واشنگتون دۆست و پشتیوانێكی نەماوە .

زۆر لەمێژە هەم گەلانی عەرەب و هەم دۆست و لایەنگرانی مەسەلەی ڕەوای نەتەوەی عەرەب ئەو ڕاستییەیان بۆ دەركەوتوە كە هۆی سەركەوتنی ئیسرائیل لەوشەڕانەدا كە بە نەتەوەی عەرەبی فرۆشتبوون قودرەت و هێزی خۆی نەبووە بەڵكە هۆی ئەساسی ئەم وەزعە لە بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا سەپاو هۆی ئەوە كە ئیسرائیل توانیویەتی بە میلیۆنها عەرەبی فەلەستینی لەسەر جێگاو ڕێگای خۆی هەڵكەنێ و بە هەزاران كیلومیتر خاكی وڵاتانی عەرەبی زەوت بكا ، پێش هەمووشتێك پەرش و بڵاوی هێزەكانی عەرەبیەو جا ئەمجار پشتیوانی بێدەریغی ئیمپریالیزمی ئەمریكا لە فاشیستەكانی تەلئەبیب .

لەبەر ڕووناكایی ئەم واقیعیەتە ئەم جارە وڵاتانی عەرەبی بەهەڵوێستێكی تازەو یەكگرتووترەوە هاتوونە مەیدانی خەبات و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە كە كۆتایی بە جەبەڕوتی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم بهێنن و پەڵەی شكانی یەك لەدوای یەكی شەڕەكانی ڕابردوو لە داوێنی نەتەوەی عەرەب بشۆنەوە . هەر ئەو هەڵوێستە یەكگرتوویە كە ئیمپریالیزمی ئەمریكا پاڵپشتی ئەسڵی حكوومەتی فاشیستی ئیسرائیلی بێگەران كردوەو بۆتە هۆی ئەوە كە كۆشكی سپی واشنگتون بە هەڵەداوان بكەوێتە هەوڵ و تەقەلای كۆبوونەوەی ئەنجومەنی هیمنی (مجلس

بروانە ل -٤-

Institut kurde de paris

روژی (٩)ی ئەم مانگە بیرەوەری کۆچی دوایی قارەمانیکی ناوداری کوردە ، روژێکە کە شێخ مەحموودی نەمر لەدنیا چۆتەدەرو لەبەرچاوان وون بوە، بەڵام لەدڵی خەلکا ، لەویژدانی نەتەوەی کوردا ، هەرماوەو هەردەمێنێ ، چونکوو شێخ مەحموود یەکیکە لەو قارەمانانەی کە لەبیر ناچنەوە ٠

لەو جۆرە مناسباتانەدا(تەرجەمەی حال)ی ئینسانەکە باس دەکرێ بەڵام من بەباشم زانی لەباتی ئەمانە باسی ژیان و خەبات و سەرکردەیی شێخی نەمر بکەم ٠

ئەگەر توانیبێتم بەشێکی بچوکی حەقی ئەم قارەمانە کەلەسەر هەموکوردیکە جێبەجێ بکەم ، بۆمن مایەی شانازی‌یە ٠

شێخ مەحموودی نەمر سەرکردەی لێهاتووی نەتەوەی کورد

ر. زەبیحی

هیچ نەتەوەیەك بێ مێژوو نابێ ، مێژووی میللەتان مێژووی خەبات و تێکۆشانیانە بۆ سەربەستی و ئازادی ، بۆ لەناو بردنی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك لەناو کۆمەڵدا ئەگەر خەباتی نەتەوەکان لەلایەکەوە مێژوی ئەو میللەتانە پێك دێنێ و دەینووسێ ، لەلایکی تریشەوە سەرکردەو بەرێوەبەرانی خۆی (خەبات) لەنێو تێکۆشەرانی میللەتەکەدا دەدۆزێتەوە ڕایاندەکێشێتە ریزی پێشەوە ، ئەوانەی بەناوی قارەمان لە مێژووی میللەتاندا باسیان دەخوێنینەوە ئەو جۆرە کەسانەن کە خەبات هەڵی بژاردوون ، هەڵبژاردنی سەرکردەو قارەمانانی هەر میللەت و نەتەوەیەك لەلایەن خەباتی ئەو میللەتەوە ، هەروا کاریکی ئاسایی و کۆیرانەو سووك و هاسان نیەو چەشنی هەموو کاریکی مێژوویی ئەستەم و گرانەو هەتا کومەڵێك پاش کەوتەتر بێ ، خەباتی نەتەوەکەی ئاڵۆزتر و ئەرکی خەباتکەران گرانترو ئەرکی مێژوویی هەڵبژاردنی سەرکردەو پێشەوایانی خەباتیش قورس‌تر دەبێ ٠

× ×

خەباتی تازەی نەتەوەی کورد لەکوردستان ، لەپێناو وەدەست هێنانەوەی مافی نەتەوایەتی خۆی لەنیوەی یەکەمی چەرخی نوزدەهەم‌دا دەست پێ‌دەکا ، ئەگەرچی دەبێ چەند چەرخێك بگەرێینەوە دوایە بۆ ئەو سەردەمەی کە (ئەمارەت)ەکانی کوردستان بەمەرجی (سەربەخۆیی خۆماڵی) خرانەسەر ئیمپراتوریەتی عوسمانی و بەرەبەرە هەرجارە بەبیانویك و هەرجارە یەکێك لەو ئەمارەتانە (سەربەخۆیی)یە (خۆماڵی)یەکەیان بەناوی (خەلافەت)ەوە لێ زەوت کراو تا وای لێهات کە کران بە بەشێك لە خاکی عوسمانی و هەزار هاواریش بەپوولێك ٠ ئەمەش لە سەرەتای چەرخی شازدە مینەوە دەست پێ ئەکات کە :

« سولتان سەلیم مەلا ئیدریسی بتلیسی ناردە ناو کوردان و لای ئەمیرانی کورد و پیاوانی ناوداریان بای مەزهەب و دینی تێدەکردن و داوای لێدەکردن بێنە ژێر ئالای خەلیفەی عوسمانی کە بەپێی فەرمانی سولتانی لەناوەراستی مانگی شەشەکانی سالی ٩٢١ی هیجری و سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٥١٥ م سەربەخۆیی داخلی ئەماراتی کوردی سەلماندوە ئەم بەردەست کردنە رەسمیە سەرەتای دەست بەسەردا گرتنی کوردستان بووە ٠ »

تالەبانی : کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ٣٤

دەست بەسەر کوردستاندا گرتن هەروا بەهاسانی پێك نەهاتووە گەلێ جوڵانەوەی چەکدار و سەرکەشی ئەمیرەکانی کوردی پێك هێناوە ، هەرئەوەندە بەسە کە بزانین ئەم کارە لە ١٥١٥ دەستی پێ کردو لەنیوەی چەرخی نوزدەهەمدا دوایی هاتووەو دواییشی هەر نەهاتوە ، بەنیا ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی لەگەڵ زروفی تازەی دنیادا ڕێکخستووەو گەیاندوویەتە قۆناغیکی پیشکەوتوانەتر ٠

لەو رۆژەوە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئازادیخوازانەی کوردی پێی ناوەتە قۆناغی تازەوە رۆژ بە رۆژ پەرەی سەندووە گەشەی کردوە ، رۆژ بە رۆژ بیروباوەری ئازادیخوازانەو پیشکەوتوانەی نوێی باشتر هەزم کردوە ویرای ئەمە خاسیەتی تایبەتی خوشی کە وەکوو (جمك)ێ وایە لەدەست نەداوە ، بەبەست صفەتی (چەکدار)ی یەکە لەو رۆژەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لەکوردستان چووزەرەی دەرکردووە لەهەرقوژبنێکی کوردستان سەری هەڵدابێ و زۆریش سەری هەڵداوە ، (مظهر)ەکەی لەشۆرشی چەکدارانە بەولاوە شتیکی تر نەبوە ٠

شورشی کوردستان تەنانەت دوای شەری دووەم و دامەزران و رووخاندنی کۆماری مەهابادیش کە بزووتنەوەی کوردایەتی بەتەواوی کەوتە قالبیکی (عصری)و شیوەی خەباتی سەرچاوەو خەیابانەوە ٠ یەعنی شێوەی خەباتی بێچەکی بەخۆیەوە گرت شتیکی لەم راستیە نەگۆڕی و ناگۆڕو ئەوەبوو دیتمان و دەی بینین ٠

لەو رۆژەوە کە بزووتنەوەی کوردایەتی هاتۆتە مەیدانەوە تا ئیستا لەگەلێ شوێنی کوردستان بۆ بەجێ گەیاندن و وەدەست خستنی ئامانجەکانی خۆی بە شێوەی شۆرشی چەکدارانە تەقیوەتەوە ٠

مەبەستی ئەم مەقالەیە نەباسی ئەم شورشانەیە و نەباسی مێژوویی بزووتنەوەی کوردایەتی تەنیا پێویستە بڵێین کە بزووتنەوەی کوردایەتی (کیف متصل)ێ و شورشەکانی کوردستان کە مظهری ئەم بزووتنەوەیەن بەزەبری پاڵەپەستۆی زروف بۆتە (کم منفصل)و ئەمە وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە سەرسوورمانی خویان پێشان دەدەن لەوەی کە بۆچی شورشی کوردستان لە شوێنێکی کوردستان بەرپادەبێ و لەشوێنێکی تر نا ٠

لەساڵەکانی سەرەتای ئەم چەرخەدا : راست لەکۆتایی شەری یەکەمدا بزووتنەوەی کوردایەتی هەنگاویکی گەورەی بەرەوپێش هاویشت و بۆ یەکەمجار مەسەلەی کورد لەبەردەمی (کونفرانسی ئاشتی) قووت بۆوەو لەپەیمانی سیفرد' کە لاکی (کابرای نەخۆش)ی بەش دەکرد باسی دامەزراندنی دەولەتیکی کوردی کرا ، بزوتنەوەی کوردایەتی ، ئەوسا لەکوردستانی جنوبی بلێسەی دەچوە ئاسمان و لەو کاتە مێژوویی‌یەی نەتەوەی کوردا (پیاو)یك لە هەموو پیاوان و (پیاو)ان زۆرترو زیاتر هاتبوە روو ئەگەرچی پێشووش هەر لە روو بوو ، ئەم (پیاو)ە شیخ مەحمود بوو کە هەموو کوردێ لەهەموو کەلێن و قوژبنێکی کوردستان ناویان بیستوە ، شیخ مەحمود لە ساداتی بەرزنجەیی و لەنەتەوەی کاك ئەحمەدی شیخ بوو ، لەم قۆناغەدا جڵەوی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردی گرتبوە دەست ، وورده ووردە بەرەو پیشەوەی دەبرد بەڵام چۆن پیشەوە بردنێك بوو لەهەر هەنگاوێك ڕیگادا صەد کەندو کۆسپ ، صەد هەورازونشێو ، صەد هەڵدێری هەزار بەهەزاری تێدا بوو ، لەهەرهەنگاویکدا (صاحیب)یك (چەپمەن)یك ، (مێجرسۆن)یك یان دەستو پێوەندێکی ئەمانە خۆی تێدا مات‌دابوو ، دەستەو تفەنگ و دەستەو خەنجەرو ٠٠ دەستەو سیاسەت و فیت و فێڵبازی هەڵی دەکوتایە سەر بزووتنەوەی کوردایەتی کە ئەجرەبەش کەم‌بوو ، وەکو دەڵین هەزار فیتمان بەفیتێکیان سەرەڕای ئەم هەموو بەرهەڵستانەی لەبەردەمی بزوتنەوەی کوردایەتی قوت‌دەکرانەوە شیخ مەحمود توانی ئەم بزووتنەوەیە بگەیێنێتە تروپکی ئامانجەکانی و لە ١٨ی مانگی صفر الخیر ١٣٤١ هیجری - ٩ تشرین اول ١٩٢٢ پاش گەرانەوەی لە دەربەدەری خۆی کرد بەحکمداری کوردستان و لەیەکەمین (ارادەی علیەی حکمداری)دا وا بە میللەتی کورد دەڵی :

« امیدو آرزو اکەم کە هەمووتان بەیەك غایەو مسلكو بی فاصلە سعی بۆ دوام امرۆژەو کوشش بۆ تعالی أم ملتە اکەن کورد وەکو یەك عائلەمتفقا و متحدا لەگەڵ مندا بو تحکیمو دوام ام حقە صریحەیەکە دەستمان کەوتوە لازم فرضە سعی و غیرەت بکەین » ٠

وە لەدوایی (ارادەی علیە)دادەڵی :

« ومنیش تا آخر قطرەخون مال خۆم أولادو أتباعم بۆ سعادت ئیوە صرفم کردبوو تکرار ایکەم ٠٠ »

(ارادەی علیە لە ژمارە ٩ی سالی یەکەمی گۆواری رزگاری وەرگیراوەو ئەویش لەژمارە ١٠ی سالی ـ١ـی بانگی کوردستان ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ توماری کردوە ٠

پاش ئەمە شیخ مەحمود هەنگاویکی تریشی بۆ پێشەوە هاویشت و پادشایەتی خۆی لەسەر مەملەکەتی کوردستان ئیعلان کرد ، کتیبی (مشکلة الموصل) لەم بابەتەوە ئاوا دەنووسی :

« ئاژاوە پەرەی گرت و هێزەکانی بەریتانیا ناچاربوون لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا سلیمانی چۆڵ کەن و لە ١٢ی ئەیلولا شیخ مەحمودیان بانگ‌کردو کردیانە متصرفی سلەیمانی (ئاووا !) هەرچەندە وای نیشان دا کە سیاسەتی بەریتانیا وعیراق دەخاتەگەڕ ، بەڵام زۆر خێرا لەگەڵ عەشیرەتەکانی کورد دەستی کرد بە پیلان گێران دژی حکوومەت٠ ولە تشرینی دووەمدا خوی کرد بە پاشای کوردستان و وەزارەتی تەشکیل کرد ٠

(دوکتور فاضل حسین :مشکلة الموصل ، چاپی دوهەم ل ١٥)

بەڵی شیخ مەحمودی نەمر ،لەزروفی کوردستانیەکی پاشکەوتەدا ، لە زروفیکا کە کوردەواری گیرۆدەی داوی خەرافات و خیلافاتی عەشایری و دەرەبەگی بوو ، لەزروفیکدا کە ئەو کەسانەی جڵەوی کومەڵیان بەدەستەوە بوو ، جگە لەقازانجی خویان مەبەستیکی تریان نەبوو ، بەرچاویان هیندە تەنگ بوو کە « سەرلووتی خۆیان بەولاوە هیچیان نەدەدی » ، لەزروفیکدا ئیمپریالیزمی ئینگلیس نەخشەی پەرەپێدانی نفوذی خۆی زۆر چاك کێشابوو ، بە مقەستی ئیستیعمارچێتی کەوتبووە گیانی (قوماش)ی وولاتەکانی روژهەڵات و بە ئارەزووی خۆی لەت و کوتی دەکردو حاکمە سیاسیەکانی ئینگلیزیش ئەو تاکتیکەیان دەبرد بەرێوە کە خزمەتی (ئیستراتیژی) ئیستعماری ئینگلیزی پێوەدی دەهات ، ئالەم زروفە سەخت و نالەبارەدا بوو کە شیخ

بروانە ل ٧

چوار نامەی دلدارێکی یاخی بوو

فاضل شەورۆ

-١-

بۆ کوێ ئەچن ٠٠ منالەسك برسی‌یەکان ؟
بۆ کوێ ئەچن ٠٠ بۆیاخچیە بێ‌کارەکان ؟
قەنارەی ئازارو تاوان ٠٠
بۆ نیگای پڕ خۆشەویستی چاوەکانتان ،
دامەزراوە ٠٠
شمشیری برین و گریان ٠٠
بۆ ئەلقەی ناو دەست و پەنجەی یارەکانتان ،
تیژکراوە ٠٠
بۆ کوێ ئەچن ٠٠ !
تەندوری نانەواکانمان ٠٠ دوکەڵی بێ‌گرو پشکۆن
کارگە بێ بازارەکانمان ٠٠ گۆرستانی ڕێی من و تۆن ٠٠

-٢-

هەژارەکان ٠٠ !
زریوەی چاوی بووتەکان ،
مەرگە ٠٠ ژهرە ٠٠
ژهرە ٠٠ مەرگە ٠٠
منالەکانتان گێژ ئەکات ٠٠
ئارەقەی مەچەکی « خانزاد »
بۆ مەرگی شیعرم گرئەدات ٠٠

-٣-

خەمبارەکان ٠٠ !
کە پەنجەی هەو جارەکانتان ٠٠٠
نامەی خودا ،
بۆ «شیرین » و « خاوەر »ی گەنمەکان ئەبات ٠٠
کەلێوی بێ کارەکانتان ٠٠
چاوی نانی تاڵ ماچ ئەکات ٠٠
مردن ٠٠ لەدۆزەخی مردن ،گیان ئەدات ٠٠
ژیان ، لەبەهەشتی ژیان ،
بۆ بۆنی مەمکی حۆریەکان
کاروانی شادی ڕێك ئەخات ٠٠

-٤-

ئەی رووبارو خەرمانەکان ٠٠
هەژارەکان ٠٠ خەمبارەکان ٠٠
چاوەڕوانن ٠٠ بەهاری جوان ٠٠
نان بهێنێ ٠٠ بۆ دەم و چاوقوپاوەکان
ئاو بهێنێ ٠٠ بۆ ڕێبوارە خنکاوەکان
گوڵ بهێنێ ٠٠ بۆ دلدارە تۆراوەکان ٠٠

چەند سەرنجێ لە کۆمەڵە چیرۆکەکەی احمد محمد اسماعیل

حسین عارف

بەر لەباس کردنی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی کاك ئەحمەد کە ئیستا لەبەردەستاندایە ، یا بە یەکەمجار یەك - دوو ووتە دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی پیشووی « دارەکەی بەرماڵمان» بڵێین ٠ لە شێوەدا، ئوتومت دارەکەی بەرماڵی هەر چیرۆك نووسیکی نەوەی پێش شۆرشی تەمموزی (١٩٥٨) بوو ٠ بگرە ئەتوانم بڵێم : بەشارەزایی‌یەکی کەمتریشەوە لەبەر هۆیەکی ساکار ٠٠ سەرەتای بوو ٠ لەناوەرۆکیشدا بەبێ تۆێشووی تاقی کردنەوەو خۆ خواردنەوەیەکی قووڵی پێ گەیشتوو ، دەوروخولی کارەساتەکانی سەرتیاهەڵدانی خۆی‌ئەدا ٠ لەگەڵ ئەوەشدا « دارەکەی بەرماڵیان» بۆخۆی وەك قەڵەم بەدەستێك ، کە ئەی‌ویست لە کۆڕی ئەدەبدا، ڕێگای چیرۆك نووسین بگریتەبەر ، لەبایەخ و سوودیکی تایبەتی بەدەر نەبوو ٠ کاك ئەحمەد بۆی هەبوو بیپان فەوتێنێ ٠ هەروەکو بۆی هەبوو بڵاویان بکاتەوە ، وەك کردی ،بەڵام گریمان فەوتاندنی دیارە ئێمە ئەمان ئەزانی ٠

لەوێوە دەستی پێ کردووە !
بەڵام ئەی ئاخۆخۆی نەی ئەزانی؟!

***

«دارەکەی بەرماڵمان» وەها بوو ٠٠ سەرەتابوو ٠٠ سەرەتایەکی ئاسایی ٠٠ بەڵام ئێستاو دوای پتر لەسێ ساڵ ، کەلەم ماوەیەدا گەلێك گۆڕان و بەیەکاهاتن لەکۆڕی ئەدەبیاتماندا ڕوویدا ٠ کاك ئەحمەد هەنگاوێکی تر ئەنێ و کۆمەڵە چیرۆکێکی تر ئەخاتە پێش‌چاو ٠ واتە خاوەنی « دارەکەی بەرماڵمان » سوور بووە لەسەر ئەوەی بەردەوام بێت و ڕێگای نووسین بەرنەدات ٠٠ سامن ناڵێم ئەم کۆمەڵە چیرۆکە تازەیەی ، گەیشتۆتە ئەو ڕادەی گۆڕان و پێش کەوتنەی کەمن چەبۆ ئەوو چەبۆ خۆم و چە بۆ گشت چیرۆك نووسەکانمان ئەخوازم٠ نەخێر ٠٠ بەڵام من هێندە ئەڵێم کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی « دارەکەی بەرماڵمان » نی‌یە ٠ بەڵکو نیشانەیەکی ئاشکرای تەقەلادانێتی بۆ بەرەوپێشەوەچوون ٠ خوبەلای منەوە ، ئەوەی لەم ڕۆژانەدا لەپێویستی تەقەلادانی گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوون بگات و لەمێشکی خۆی چەسپ کات ، بیرەوەی گرەوی بردۆتەوەو بۆداهێنان لەسەرڕێیە ٠

من لەم کۆمەڵە چیروکەدا بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەم کەووتم (ئەمان دارەکەی بەرماڵمان نین) ، بۆنموونە تەنها چیرۆکی « دەستی ئۆخەی » ئەکەمە دەستەگوڵی لێ کۆڵینەوەکەم٠ چونکە من بەپێی تێ‌گەیشتنی خۆم ، یەکێکە لەو چیرۆکانەی کاك ئەحمەدکە تەقەلادانی بەرەوپێشەوە چوونی تیا ئەبینم ، وەکە لەبنەرەتەوە ئامانجی من لەنووسینی ئەم پێشەکی‌یە لەروو خستنی ئەو تەقەلادانەیە کەوای ئەبینم بۆمان هەیە تاقەیەك نموونەی بۆبکەینە پێوانە ٠ ئەمە ئەگەرچی کە ژمارەیەکی تریش لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەکە ، لەو تەقەلادانە بەدەرنین ٠

***

لەژیاندا بەگشتی و لەرۆژانی شۆرشدا - هەرشۆرشێك - بەتایبەتی ، زۆر کەس ئەبنە قۆچی قوربانی‌ی گومان لێ‌کردن ٠٠ زۆر کەس بەبێ گوناه بەناپاك ، یا بەدوژمن ئەدرێنە قەڵەم و گەروگول ئەکرێن لەبەرچی ؟! ٠

تەنها لەبەر ئەوەی (ڕای گشتی‌ی کۆمەڵ) هەڵە ئەفەرمۆێت و باسە کە هەم ئاوەژوو تۆش ئەکات و هەم ئاوەژوو هەڵدێنێتەوە !پێویستە ئەوە بەسەیر نەزانرێت کەڕای گشتیش (کە پێك دێت لەژمارەیەکی زۆر لەڕای ئەمو ئەو) ئەشێت وەك هەر یەکێك لەئەمو ئەوەکە لەمەسەلەیەکدا بە هەڵە بچێت ، لەم حاڵەتانەدادوو تەرەف بەشێوەیەکی پڕ لە سەمەرە ڕوو بەڕووی یەکتر ئەوەستنەوە ٠ یەکەمیان گەلێك زاڵ و زەبر بەدەست و دووهەمیان هێجگار ڕەبوون و بێ‌دەستەڵات ٠ ئەنجام بەچی ئەشکێتەوە ؟! لەزۆربەی جارا بەتێك شکاندن و بەزاندنی ئەو تاکە کەسەو لەهەندێك جارا سەرکەوتنی ٠ بەڵام خۆ مەرج نی‌یە سەرکەوتنەکە تەنها لە پاش گەزبوونەوەی ڕای گشتی بێت لەگومان لێ کردنەکەی ٠٠ نەخێر ٠ بەڵکو زۆرجار لەوەدایە کەخوێنی نێچیرەکەی بکاتە کاسەو بەهەڵە چوونەکەی خۆی ، بەئەنجامی ناڕەوای خۆی بگەیەنێت ، کە ئەوسا ئەنجام ئەبێتە گڕی ئاگرێك و ئەچێتە گیانی و تاڵاوی ئەو هەڵەیەی خۆی پێ‌هەڵدێنێتەوە ٠

ئەوەی بەسەر (مام عەبدڵ) ناو چیرۆکی (دەستی ئۆخەی) دێت ، شتێکە لەم بابەتە ،بەڵام بەبێ ئەوەی بەڵام بەبێ ئەوەی ڕووی دراماییی تیا بگاتە ئەو ڕۆپەیەی کە ئەبوو پێ بگات ، وەکو بەڕای من، تەنها بەوە چیرۆکەکە لەو هەڵنووتاندنی تەقەلادانی ئاشت کردنەوەیەی نێوان مام عەبدڵ و ڕای گشتی دێدارزگاری ئەبوو کە ئەوە ڕەخنەگرەی بیەوێت ٠ بچێتە بنج و بناوانی‌یەوە تێ ئەگات کە ڕادەی تێگەیشتن و بە پیرەوە چوونی چیرۆك نووس ، بۆ ئەو مەسەلەیە هەم وورد و قووڵ و هەم ناسکەی لە سەرەتادا ئازایانە خۆی بۆئەکوتێت ، لە قەراغیدا ،یاخود لە ناوەڕاستیدا لێی ئەکەوێتە سل کردنەوەو ئەچەقێت ئەگین هەموو شت ڕوو لەوە بوو کارلە کار بترازێت و مام عەبدڵ تا سەر ئەو دوژمنە (دۆستە)وئەو گومان لێ‌کراوە (پاکە) بێت کەبوو ٠

× ×

مام عەبدڵ لەپەلاماردانی یەکەمی گوندەکەدا ، زنجەکەی بەر سووتاندن ناکەوێت ،دەستی دوژمن شکێت ٠ ڕای گشتی گوند وای ئەویست بەرکەوتایە ٠مام عەبدڵ ئادەمی

بروانە ل ٧

Institut kurde de paris

هاوكاری

وڵات لە هەفتەیەکدا

ژمارە (١٨٩) ١٩-١٠-١٩٧٣

ئەمساڵ ١٨٤١٧ کەسی بێ ئیش کاریان بۆدۆزراوەتەوە

مەکتەبی ئیشدۆزینەوەی دەزگای کریکاران لە ماوەی ئەیلولی رابوردوودا ١٢٠٦ کریکاری ئافرەتو پیاوی لەسەرکار دامەزراندووە .

بەم پێیە لە ماوەی ئەمساڵدا بەهوی ١٩ مەکتەبی ئیشدۆزینەوە نزیکەی ١٨٤١٧ کریکاری بێ ئیشی لەسەرئیش دامەزراون .

ئەوەی شایانی باسە پار ١٥٦٨٣ کەسو پیرار ٢٩٠٠ کریکار لە بێ ئیشی رزگاریان بووبوو .

بەهۆی ئەم مەکتەبانەوە تەنیا ئەم ژمارانە دەری ئەخەن کە لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٧١دا کە روژی دانانی ئەو مەکتەبانەن تاکوتایی مانگی رابوردوو واتە لە ماوەی ٢ ساڵو مانگێکا ٣٦٦٠٨ کەسی بەئیش کاریان بۆ دوزراوەتەوە .

سەرچاوەیەکی لێپرسراو لە دەزگای ناوبراوا وتویەنی ئەم ژمارانەی باسکراوون وایپشان ئەدەن کە رۆژ بە رۆژ ئەم مەکتەبانە چالاکیان زیاتر ئەبیتو زۆرتر ئیشو کار بو کریکارە بێ ئیشەکان ئەدۆزنەوەو لە بێ ئیشی رزگاریان ئەکەن .

عیراق حەوتەمین پاپۆروەرئەگرێت

کومپانیای گواستنەوەی نەوتی عیراق بڵاوی کردۆتەوە کە لە بەندەری (بالباو)ی ئیسپانی پاپوری (بزرکان)ی وەرگرتووە کە حەوتەمین پاپورە لە ئیسپانیا بۆ عیراق دروست کراوە کومپانیای ناوبراو وتویەتی ئەو پاپورانەی وەرگیراون ٢،٥ملیون دیناریان تێچووەو هەرپاپوریک ٣٥ هەزارو ٢٧٠ تەن هەڵئەگریت .

ئەوەی شایانی باسە پاپوری (الرمیلە) یەکەمین پاپور بوو کە کومپانیای ناوبراو لە کوتایی ساڵی ١٩٧١ وەری گرتوە .

هەروەها کومپانیای ناوبراولەم دواییەدا موناقەسەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە پیویستی بە ٤ پاپوری گەورە هەیە کە هەریەکەی ١٢٠ هەزار تەن بارهەڵبگریت ، بۆ ئەوەی لەگەڵ پاپورەکانی تری عیراقیدانەوتی خاو بەریت بو دەرەوەی وڵات .

ئا٠د٠ع

٧٥٠ مامۆستا لەقوتابخانە ئامادەییەکان دائەمەزرێن

وەزارەتی پەروەردە بریاری داوە ئەم ساڵ ٧٥٠ کەس لە دەرچوانی کولیجەکان بە مامۆستا لە قوتابخانە ئامادەییەکان دابمەزرێنێت .

سەرچاوەیەکی لێپرسراو لەو وەزارەتە وتویەتی پاش چەند رۆژێکی تر ئەو مامۆستایانەی دائەمەزرینی بەسەر قوتابخانە ئامادەییەکانی پاریزگاکاندا دابەش ئەکرێن . وە لەلایەکی تریشەوە ٥٤ کەسی تر لە دەرچوانی کولیجەکان دامەزراونو بەسەر قوتابخانە ئامادەییو ناوەندیکانی پاریزگاکانا دابەش کراوون .

٨٥ ماڵەجوتیار لەالعزیزیة زەویوزار وەرئەگرن

بەرێوەبەرایەتی گشتی دابەش کردن بریاری داوە ٥ هەزارو ١٠٠ دۆنم زەویوزار لە ناحیەی « العزیزیە » لە پاریزگای « واسط »دا دابەش بکات بە جۆرێك کە هەر پارچەیەك لەو زەویوزارەی دابەش ئەکریت بریتی بێت لە ٦٠ دۆنم وە ئەم زەویانەش بەسەر ٨٥ ماڵە جوتیارا دابەش ئەکرین .

١٠٠ خانوو لە کەرکوك

وەزارەتی اشغالو اسکان لەم هەفتەیەوە دەست ئەکات بە دروست کردنی ١٠٠ خانوولە پاریزگای کەرکوكدا کە ١٧٨ هەزارو ٦٥٩ دیناری تێ ئەچێت .

ئەو خانوانە لە ماوەی ساڵێكو ٧ مانگا تەواو ئەبنو بەسەر ئەو هاووڵاتیانەدا دابەش ئەکرێن کە دەستکەوتیان کەمەو خانوی خۆیان نیە .. وە لەلایەکی تریشەوە وەزارەتی باسکراو چەند رۆژی لەمەوپیش دروست کردنی پردیکی لە دهۆك خستۆتەموناقەسەوە کە درێژی ٦٠ مەترەو پانی ٨ مەترە ئەبێت .

عیراق نمونەی توتنی چاککراو بۆ ئیسپانیا ئەنێرێت

وەزارەتی ئابوری داواکاریەکی لە دەوڵەتی ئیسپانیاوە پێ گەیشتووە کە نمونەو جۆری توتنەکانی عیراقی بۆ بنیرێت ، هەتا بزانێت بەکەڵکی ئەوەدیت هەندیك لەو توتنە لە عیراق بکرێت .

قوتابخانەیەکی ئامادەیی نوێ لە پردی

رۆژی سێ شەمەی رابوردوو دەست کراوە بە بناغەدانەوەی قوتابخانەیەکی ئامادەیی لە (ناحیە)ی پردی لە پاریزگای کەرکوك ئەو قوتابخانەیە (٢٩) هەزارو (٣٢٣) دیناری تێئەچێت ، وە واچاوەروان ئەکرێت لە (١٠)ی مانگی داهاتودا تەواوبێت .

سکاڵا

لە کاك سید حسین شیخ مصطفی بەرزنجەیی یەوە - لە رانیە - ئەم سکاڵانامەیەی خوارەوەمان بۆ هاتووە : شاری رانیە لەگەڵی دووەوە تائێستا پشتگوێخراوە ، کە پێویستە چارە بکریت .

بۆ نمونە تاوەکوئێستا بەشی ناوخوێی (القسم الداخلی) بۆ قوتابیان لە شاری رانیەدا نییە ، کەبۆتە هۆی ئەوەی زۆربەی قوتابیانی شارەکە بە کۆیرەوەری پلەی سەرەتایی تەواو بکەن ، بەڵام دانیشتوانی دیهاتەکانی دەورو پشتی شارەکە سەبارەت بە نەبونی ئەم بەشە ، وە بێدەرامەتیو دەستکورتی یان تەنانەت لەتوانایا نییە منالەکانیان بنیرن بۆ ناوشارو پیان بخوینن واتە منالەکانیان قوتابخانەیی سەرەتاییشیان پێ تەواو ناکریت بە نەخویندەواری ئەمێننەوە کە بێگومان ئەمە ئەنجامیکی ناخوشو جەرگبرە بۆیە داوا لە لێپرسراوان ئەکەین کە بە پەلە چارەسەری ئەم ناتەواویەمان بۆ بکەن وە هیوادارین لێپرسراوانی پەروەردەو زانیاری ئەمداوا بەجێیەمان زوو بۆ جێبەجێ بکەن .

چی پێویستە

– مەجید نەدیم –

وائەزانم ئێوەش وەك من شتێك رەخنەو توانجتان بە وینەی گەورەو عەنتیکەوە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا هاتبێتە بەرچاو کە جارێك بەسەرو گوێلاکی کتێبگرەوەدا ئەدەنو گاڵتەش بەوانە ئەکەن ئەچن بۆلای کتێبگرەوە بۆ زانینی چارەنووسو لێكدانەوەی بەختی خۆیانو ناسینی کەسوخۆشەویستو ناحەزیان لای ئەم کتێبگرەوانە . ئەم رەخنەوتوانجانەش هەرچەندە شتێکی باشو بەکەڵکە بەڵام رەخنەگروتوانجهاوێژەران تا ئێستا نەیانتوانیوە لە نوسینەکانیاندا چارەسەری بنەرەتی ئەم نەخۆشیانەی ناو کۆمەڵ بکەن چونکە ئێمە ئەکەر بەوردی سەرنج لە نەخۆشی کتێب گرتنەوەو .. شەواڵەو .. ئاگر بەسەر منداڵدا کۆژاندنەوەو .. شەوەو مۆتەکەو مانگ گیرانو بۆ کەبەبارانیو .. سەری چل کەچەڵ نووسین .. بدەین بۆمان دەرئەکەوێت ئەم شتانەزادەی ئەمرۆو چەند ساڵی لەمەوبەریش نین .. بەڵکو زنجیرە رەگێکی گەورەو داکوتراویان هەیە کەلە دێرزەمانەوەیە .. لە ناو ئەو رێژیمی چینایەتیو ئاینیەش داهاتۆتە دنیاوە .. کە شا رەگەکانی بەبیرو زانیاری- کۆمەڵدا واچونەتە خواری .. ئەگەر کۆرپێنێکی بنچینەیی لەگەڵدا نەبێ وا بەئاسانی لەناو ناچێت کەوابو ئەم جۆرە نەخۆشیانەی ناو کۆمەڵ پاشماوەیەکە لە بەشێك لەپلەی زانیاریو سایکۆلوجی رێژیمی دەرەبەگایەتی جا .. تا ئەو رێژیمە چۆکی لەسەر سنگو بیری ئەم کۆمەڵەدا دابێ .. مانای ئەوەیە ئەم شتانەش کەموزۆر هەرئەمێنن .. (لینین) ئەڵێت **(میللەتی روسیا ئازادی دەست ناکەوێت تا تێنەگات لەسەری پێویستە فێربێت چۆن تێئەکۆشی لەپێناوی ژیاندا .. نەك لە تۆلستۆیەوە فێر بێت .. بەڵکو لەوچینەوە کە تۆلستۆی لەدەورەکانی تێنەگەیشتوە .. (هەر ئەوچینەشە کە بتوانێت دنیای کۆن بروخێنێت ئەویش پرۆلیتاریایە) .**

بەڵێ بەدەرکەوتنی روناك بونەوەی هەرکەلێنێك لەئاسۆی ئەم چینە ئەو نەخۆشیانەی کۆمەڵیش بەرەو نەمان ئەبات .. بۆ ..؟ چونکە رێژیمی کۆنیش ئەکەوێتە گیانەڵا کەرێژیمی دەرەبەگایەتیە .. کەوابو .. ئەو رەخنەو توانجانە ... ئەکەر چارەسەرکردنی پێشکەوتنو پیویستیەکانی چینی کریکاری لەگەڵدا نەبێت .. وەك تفەنگ بەتاریکە شەوەوە نانەو کەس رێگای راستی خۆی لەو نووسینانەدا نابینێتو کەڵکی لێ وەرنا گرێت .

ناردنی کەلوپەلی عیراقی بۆ دەرەوە

لە ماوەی ٩ مانگی رابوردودا ٤٧٤ هەزارو ١٦٥ تەن لە کەلوپەلی هەمەچەشنەی وڵات لە بەندەری بەسراوە بۆ دەرەوە رەوانەکراوە ، کە ١٢٤ هەزارو ٦٢٠ تەن گۆگردو ١٤٦ هەزار تەن گەنمو ١٠٤ هەزارو ٦٨٩ تەن خورماو ١٠ هەزار تەن پەینی کیمیاییو (سماد) شتی تری تیا بووە .

هەروەها هەر لەو ماوەیەشدا ٢ ملیونو ٧١ هەزارو ٤٨٩ تەن کەلوپەل لە دەرەوە هینراوە بو وڵات .

دیاری بۆ کتێبخانەی – هاوکاری –

مامۆستا « میرزا محمد امین مەنگوری » لەم دواییەدا لەهەموو کتێبە چاپکراوەکانی خۆی یەکەو دانەیەکی بەدیاری ناردوە بۆ کتێبخانەی – هاوکاری – کە بریتین لە : « زێرنیای ئامیدی ، بۆکێکی ناکام ، گەشتی ئەستێرە ، فەیروز خانی پشتکۆ ، چیروکی ماهراکو » زۆر سوپاس بۆ مامۆستا مەنگوری .

گۆڤاری بەیان

ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٧٣ی گۆڤاری بەیان کە وەزارەتی راگەیاندن دەری ئەکات کەوتە بازارەوە ئەم ژمارەیە گەلێ باسو نووسراوی ئەدەبیو رۆشنبیری بەکەڵکی تیایە ، دانەیەك بەدیاری پێشکەش بە رۆژنامەی – هاوکاری – کراوە سوپاسی هەڵسوڕینەرانی گۆڤاری ناوبراو ئەکەین .

گۆشەی تەندروستی

گورچیلە وەستان

دکتۆر نەوزاد

• وەستانی گورچیلە وەکو پەك کەوتنی ئەلیک ئەندامیری لەشی مروڤ نەخۆشی یەکی سامناکی کوشندەیە وە چارەکردنی ئاسان نییە ، سەرەڕای ئەوەش کە گەلێ ریگای نوێ بۆ چارەکردنی دوزراوەتەوە ، وەکو گورچیلەی دەستکرد وە پەیوەندکردنی گورچیلەی ئادەمیزادیکی تر لەجیاتی گوچیلە پەك کەوتووەکەی نەخۆشەکە .

• وەستانی گورچیلە یان لە نەخوشی یەکانی گورچیلەوە پەیدا ئەبێت وەیان هەندی نەخوشی یە بۆ مروڤ دینننە کایەوە . ئەو نەخوشی یانەی گورچیلە کە گورچیلە وەستان دروست ئەکەن بەگشتی ئەمانەن : هەوکردنی توندی گورچیلە ، کونبوونی گورچیلە، پەیدا بوونی بەرد لە گورچیلەدا، نەخوشی شیرپەنجەی گورچیلە... ئەمانە گورچیلە ئەرزێننو وردە وردە ئەگەر چارەنەکرێن پەکی ئەخەنو ئەیوەستێنن .

• نەخوشی یەکانی تریش کە گورچیلە ئەوەستێنن ئەمانەن پەك کەوتنی دل ، بەرزبونەوەی پاڵەپەستوی خوێن، نەخوشی شەکر ، خوێنبەربوون .

• نیشانەکانی نەخوشی کە بەهوی پاك نەبوونەوە خوێن لەناو گورچیلەدا روئەدەن ئەمانەن : میزنەکردن ، رشانەوە ، تاگرتن ، زانەسەر ، زانی کەڵلەکی تیكچوونی هەناسەدان ، قاچ ئاوسانیو هەروەها لەش ئاوسانی .

• **چارەکردنی :**

لەم روژانەدا چەند ریگایەك بەکار ئەهێنرێت کە گرنگەکانی ئەمانەن : گورچیلەی دەستکرد کە جیاتی گورچیلە پەك کەوتوکە خوێن پاك ئەکاتەوە یاخود گورچیلەیەکی ساغ لەیەکێکی ترەوە ئەگوێزریتەوە بۆ نەخوشەکە وە ئەمەش بە (عملیات) لەخەستەخانەدا ئەکرێت وە (عملیات)ێکی زەحمەتیش دانانرێت .

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەریمان

ئەم هەفتەیەمان کە لە ٢٠ تا ٢٦ی تشرینی یەکەم ئەگریتەوەو ٢٥ رەمەزان تا جەژنی رەمەزان ئەگرێتەوەو ریکەوتە لەگەڵ ٢٨ی رەزبەر تا ٤ی کەلاریزانی کوردی ئەم رووداوە گرنگانەی تیادا قەوماوە :

رووداوی ئاینی :

شەوی ٢٦-٢٧ی رەمەزان -شەوی قەدری (لیلة القدر) پیرۆزە . ١ی شەوال - جەژنی رەمەزانی پیرۆز - ٣ روژە - .

رووداوی کوردی :

لە ٢٠ی تەشرینی ١٨٢٠دامەولانا خالیدی نەقشی سلیمانی بەجێ هیشت .

لە ٢٢ی تشرینی ١٩١٨دامیجەر نوئێل بوبە نوێنەری بەریتانیا لە سلیمانی .

لە ٢٢ی تشرینی ١٩٧٠دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (زانیاری) بڵاوکرایەوە .

لە ٢٣ی تشرینی ١٩٦٨دا زانستگای سلیمانی دامەزرینرا

لە ٢٤ی تشرینی ١٩٣٥دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری روناکی لەهەولێر بڵاوکرایەوە .

لە ٢٤ی تشرینی ١٩٧٠دا بەشێوەیەکی رەسمی ماوەی کارکردن بە پارتی دیموکراتی کورد لەلوبناندرا .

لە ٢٥ی تشرینی ١٩١٨دا لەشکری بەریتانی شاری کەرکوکی داگیرکرد .

لە ٢٦ی تشرینی ١٦٠٧دحسین جان پۆلا - جنبلاط - لەشاری حەڵەب شۆرشیکی بەرپاکرد .

رووداوی عیراقیو عەرەبی :

لە ٢١ی تشرینی ١٩٦٤دا گەلی سودان دژی کۆنەپەرستان شۆرشیان کرد .

لە ٢٣ی تشرینی ١٩٤٣دا شەری - علمین - لەنیوان لەشکری نازیو هاوپەیمانەکان لەمیسرا رویدا .

لە ٢٥ی تشرینی ١٩٢٠دا یەکەم وەزارەت لە عیراق بەسەرۆکایەتی عبدالرحمن النقیب دامەزرا .

رووداوی جیهانی :

لە ٢١ی تشرینی ١٨٠٥دا شەڕی دەریایی - ترافلگاری - نیوان بەریتانیاو فەرەنسا رویدا ، نەلسونی بەریتانیایی سەرکەوت .

لە ٢٤ی تشرینی ١٩٤٥دا پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوکرایەوە .

لە ٢٤ی تشرینی ١٩٦٤دا - زامبیا - سەربەخۆیی وەرگرت .

کورد و کوردستانە کرت بناسە

ابو الشوك (حسام الدولة فارس کور أیوب)

یەکێکە لەمیرو گەورەکانی کورد لە ساڵی ٤٠١ی کۆچی پاش مردنی باوکی بۆتە والی - حلوان - بەڵام - مهلهل -ی برای بەمە دڵگیر بووەو کەوتونەتە شەریکی ناوخۆیی لەساڵی ٤٣٧ سەلجوقیەکان ویستیان ناکۆکی ئەم دووبرایە لەدەست خۆنەدەنو پەلاماریان هێناون ، هەردوو برا پشتیان لەناکۆکی خۆیان کردو یەکیان گرتەوەو توانیان بەربەستی سەلجوقیەکان بکەن ، هەرلەوساڵەوە - ابو الشوك - ئەمری خوای بەجێ هێناو - مهلهل -ی برای جێنشینی ئەو هەرێمەی کرد .

پاشماوەی : لەسەرپەلاماری تازەکەی ئیسرائیل

الامن)ی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانو دۆزینەوەی رێگایەك بۆ وەستاندنی شەڕ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

هەرچەند وەك لەپێشەوە گوترا تائێرە هیزەکانی عەرەبی لەهەموو جەبهەکاندا لەپێشنو زەبری کاریگەریان لە دوژمن وەشاندوە ، بەڵام بۆ سەرکەوتنی یەکجاریو بۆ ئەستاندنەوەی هەموو زەویە داگیرکراوەکانی عەرەبیو وەرگرتنەوەی مافی زەوتکراوی گەلی فەلەستین هێندێك شەرتی ئەساسی هەن کە لەبەرچاوگرتنیان بەبێشك سەرکەوتنی تەواو بۆ نەتەوەی عەرەب دابین دەکاو بە یەکجاری پەلەی شکستو نوشوستی لەداوێنی نەتەوەی سەد میلیونی عەرەب دەشواتەوە .

یەکەم شەرت ئەوەیە کە وڵاتانی عەرەبی ئەودەوڵەتانەی وەك میسرو سوریا راستەوخۆ دەکا لەگەڵ دوژمن بەرەوڕوونو کەوتوونە شەڕی شەرەفو چارەنووسەوە بەتەنیا بەجێ نەهێڵنو بەهەموو توانایان لەباری عەسکەریو مادیو مەعنەویەوە پشتیوانیان بنو بەکردەوە شەڕەکە بکەنە شەڕی نەتەوەی عەرەب بەرامبەر بە دوژمنی هاوبەشیان واتە ئیمپریالیزمو سەهیونیزم . تا ئێستا بەشێك لەوئەرکە پیرۆزە جێبەجێ بووەو بەتایبەتی هەڵوێستی حکوومەتی نیشتمانی عیراق کە بەکردەوە لە مەیدانەکانی شەڕدا بەشداری کردوە جێگای فەخرو شانازیە . بەڵام دابین کردنی سەرکەوتنی یەکجاری پێویستی بەوە هەیە کە هەموو دەوڵەتە عەرەبیەکان یەکگرو یەکپارچە ئیمکانیاتی خۆیان بخەنە کارو لە کردەوەدا بەشداری ئەوشەرە پیرۆزە بن .

دووهەم ، ئیسرائیل بەوە راهاتوە کە هەموو جارێ لە ماوەی چوارپێنج رۆژو هەفتەدا یەك زەبری خۆی بوەشێنێو بۆ ماوەیەکی زۆر پشتێنی لێ بکاتەوەو خەریکی خۆکۆکردنەوە بۆ پەلاماریکی تێبینی کراوو نەخشەبۆکێشراوی تازە بێ . ئیتر فێری ئەوە نەبووە ماوەیەکی دووردرێژ شەڕ بکاو لەراستیدا ئەوەندەش هێزی ئینسانی نیە کە بتوانێ شەڕیکی درێژخایەن بکا . بۆیە پێویستە هێزەکانی عەرەبی ئەمجارە رێگا نەدەن دوژمن بحەسێتەوەو خۆی کۆ بکاتەوە . بۆ ئەوەی سەرکەوتنی یەکجاری وەدەست بهێنن پێویستە ئەوەندە ئەوشەڕە درێژە پێبدەن تا دوژمن بەتەواوی بەچۆکدا دێو سەر بۆ ویستو داخوازی رەوای نەتەوەی عەرەب نەوی

سێهەم ، وەك لەپێشەوە گوتمان یەکێك لە هۆیەکانی بنەرەتی سەرکەوتنی ئیسرائیل پشتیوانی وڵاتانی ئیمپریالیستیو بەتایبەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە . نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ئەو هەموو یارمەتیەی ئیمپریالیزم بە دەوڵەتی دەستنێژی ئیسرائیلی دەکا تەنیا بەشێکی زۆرکەم لە قازانجی ئەونەوتەیە کە لە وڵاتانی عەرەبیەوە بەرەوئەمریکا دەکەوێتە رێگا . لەوەش بگەرێینەوە لەئەساسدا هەڵسووڕانی چەرخی ئابووری وڵاتە ئیمپریالیستیەکان خۆشیان بە رۆیشتنی نەوتی مەڵبەندی خەلیجو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەندە .

بەگوێرەی حیسابێك کە هەر ئەم رۆژانە راگەیەندرا ، ئەگەر بێتو رۆیشتنی نەوتی ئەو مەڵبەندە بوەستێندرێ زەخیرەی نەوتی ئەمریکاو ژاپۆنو هێندێك لە وڵاتانی ئورووپا تەنیا بەشی ٧٢ رۆژ دەبێ . جا بۆئەوەی هەلومەرجی سەرکەوتن دابین بکرێو بۆئەوەی نەوت وەك چەکێکی کاریگەر لەشەڕی رزگاریخوازیدا بەکار بهێنرێ، ئەرکی نیشتمانی هەموو دەوڵەتەکانی عەرەبیە کە هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی عیراق بەرامبەر بە قازانجی نەوتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رەچاو بکەنو زەبری کاریگەر لە قازانجی مادی ئیمپریالیزم لەومەڵبەندەدا بوەشێنن .

تەنیا لەوکاتەدایە کە نەتەوەی عەرەب دەتوانێ هەموو مافە زەوتکراوەکانی بسێنێتەوەو هەقی خۆی لە گەرووی داگیرکەران بهێنێتە دەر .

پاشماوەی : بوئەوەی لە خونفوسیەت بگەین ..

بەمەرجێك زۆرباش دەزانێت ئەو رێکخراوە چییەو بۆچییە ! ئنجا ئایا تاوانی ئەو رێکخراوە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریانە چی بێت ؟ .

رای کاك عبداللە عباس وایە کە جلوبەرگ پەیوەندی بەبیروباوەڕو رادەی مەسئولیەتی ئەو لاوانەوە نییە . بەڵام ئەمە راست نییە چونکە خونفوسێكو تێکۆشەریکی شۆرشگێر لە کوردستاندا ئاسمانو رێسمان جیاوازی نێوانیانە. وەسەبارەت بەبۆشایی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری ئەولاوانە ئەڵێن ئەو لاوانە خۆیان ئەو بۆشاییەیان دروستکردوە بۆ خۆیان . وەکۆمەڵی دواکەوتوی ئێمە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە کە پڕکردنەوەی بۆ ژیانی ئەو لاوانە لەلایەن هیمەتی لاوەکان خوێنەوە بێتو ببێتە باشترین دەرمان بۆدەردی دواکەوتنو سستیو مردوویی جگەلەمە باهەمو خونفوسێك ئاگادار بێت کە سەربەستی مانای سەربەستی لەپۆشینی جلوبەرگو قژدرێژ کردندانییە یاخود سەربەستی مەسئولیەت نییە بۆ لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانە . ئەولاوانەی بەرشەپۆلی خونفوسیەت کەوتون لەکوردستاندا هیچکات چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکرێت کە کەمو زۆر هەنگاوێك بنێن لەپێناوی بەرژەوەندی کۆمەڵدا . وە کۆمەڵیش هیچ ئیمانێکی پێیان نییە چونکە هەتائێستا تاقی کردنەوە کۆمەڵایەتیەکان وەهایان سەلماندوە .

وەهۆی دروست بونی ئەم تەوژمە ئەمانەن :

١ - سایکۆلۆجیەتی تایبەتی خۆیی . لەم بارەیەوە پسپۆڕەکانی سایکۆلۆجی دەڵێن :- خونفوسیەت هۆیەکە بۆ داپۆشینو شاردنەوەی کەمیو کورتی لەلەشی ئەو کەسەدا تابتوانێ بەوشێوەیەی کەدەیەوێ لەکۆمەڵدا دەرکەوێ .

٢ - (غەریزەی جنسی) ئەمە هەرەگرنگ ترین هۆی هاتنەکایەی خونفوسیەتە .

٣ - ئارەزوی لاسایی کردنەوە بەڵام لاسایی کردنەوە تەنها لە سەروسیمادا .

٤ - ئارەزوی یاخیبوونو گۆڕاندنی کۆمەڵ لەناخی خونفوسدا کەئەمەیان لەکۆمەڵی (هیپی)یەکانەوە وەرگرتوە .

لەکۆتایدا ئەڵێین :- خونفوسیەت زیان دەگەیەنێت بەکۆمەڵ چونکە بیری نەتەوایەتیو قوڵ هەڵماڵینو تێکۆشانو خۆکردن بەقوربانی لەپێناوی شۆرشداو بوون بەپێشمەرگەیەکی چەکدار یاخود رۆشنبیر (گۆجو ئیفلیجو کەرۆکوێر) دەکات لەناو ئەم نەتەوەیەدا .

***

پاشماوەی : رایەك

بۆ ئەوەی پێوانەی یاخی بوونو شورشگێریو هوشیاریش کەڵ نەکرێت ، پێویستە بە بالای یاخیبوونی شورشگێرانەو هوشیاریو راستەقینە بپێورێت - کە لەم سەردەمەدا تەنها یاخیبوونو هوشیاری مارکسییانەیەوە هیچیتر - تا بزانرێت کالا بەپڕ بالایە یا کەمو کورت دێنێو بە بەری ناکات ...!

institutkurde de paris

گەلەك تێگەهشتی ئــوشەهرەزا ئو زانایێت هاتینــە
جهێ كاربەدەستییێ لمیرگەها بەهدینا لێژوڤانێت رۆژ ئاڤــا
گەلەكا یاخــو مــەندی كــری بڤیسینا ژیاراڤێ میرگــەهێ
دەمێ دەڤەرا بەهدینا دژییا دبن حوكمێ سولطاناڤە ، لبەرپەرێ
مێژووەكێ كو لســەردەڤەرا بەهدینا نڤیسی مندیت بەحسێ
(سلطان حوســەینێ وەلی) ئەوێ وەكو شوینواریت ماین
حەتا نوكە لئامێدیێ •

دبێژیت دەمێ حوكمــی سولطان سولەیمانی بابــێ
سولطان حوسەینێ وەلی مر ،ســولطان حوسەین یــێ
زیرەكو بجەرگبو ، مروڤەكێ هشیاربو یێ شەهرەزا ،دیسان
دعاتە نیاسین كو زانایەكــێ چاكبو دكتێبێت (فقــە)ی ،
دەرسێت ئاینیئو شەریعەتی د دانە فەقا ، لمزگەفتا كوبناڤێ
وی هاتیە نیاسین لبــەرزیارەتێ وی ، جهێ مەدرەســێ
نەمایەبەلێ (مەرقەدێ) وی یێ لجهێخو • سلطان حوسەین
خوشتڤی یێ خەلكێ جهی بــو ،مێژوڤان دبێژن حوكمــی وی
دەست پێكر لسالا (١٩٤٠)ێ هجری •

سلطان سولەیمانی | گەلــەك سلطان حوسەین دڤیــا چونكی
مللەتــی بقەسلاویدكــر ،ئوبچاڤەكێ بلند بەرێخودداییێ •
سەروكێت كوردا لدەڤــەرا بەهدینا هەمیا پسیاراخو لسەر
هەر گرفتاریەكێ پێ دكــر ئوبقەسلاوی دكر ، لســەرڤێ
چەندێ سلطانێت عوسمانلیارێ بوسلطان حوسەینی ڤەكر ،
كو هەردەمەكێ بچینەستەمبولێ داخازێت وی بوبجهـ
بینن ، بێ ی ڤەگرتنو فەمان ،حەتا فەرمان دەركەفتی كووی
دازیە جهێ بابێ وی •

سلطان حوسەینی دەســت بئاڤاكرنێكر ، مەكتەبــو
مزگەفتو پر درستكرن ، رێخوشو ڤەكرن ، خانی ئاڤاكرن
(خان) درستكرن لنابەینــا هەر قوناغەكا كاروانچیا ئــو
رێڤنگا ، حەتا نوكە هنــدەك ژوان یێت ماین ، وەكی خانــا
(قەدشی ، بادێ ، كــورا ،ئەرەدنا) ئاڤاهیێت ماین وەكی
مەدرەسا (قوبا) لرویباری ئامێدیێ ، مێژوڤان دبێــژن
مزگەفتا كەلا ئامێدیێ دگــەل منارا وێ ژی لوی دەمی یاهاتیە
ئاڤاكرن •

لدەمێ حوكمێ وی ئامێدییێ ئوچەند جهێت كەفتینە بــن
حوكمێ وی كەفتنە وەختەلێ (زێرین) •

دبێژن سلطانێ دینــێ ئیسلامێ لستەمبولێ فەرمانەك
دەركر كو سلطان حوسەین لەشكرێ خوبەرهەڤكــەت
ئوبچیتە شەرێ میرێ ئەردەلانیا سلطان حوسەین بلەشكرێ
خوڤەگەهشتە دەشتا شەهــرەزورێ ، میری ئەردەلانیــا
ئێخستە دبن حساریێ دا دقەلاتا (زەلەمێ)ڤە ، پاشی میرێ
ئەردەلانیا ئێخسیربو ئوچــوقەستا ستەمبولێ كر ئو زڤری
ڤە سەر جهێ خووەكی بەرێ • بەلێ مادبن حوكمێ عوسمانلیادا
دیسا سولطان حوســەینچــو شەرێ میرێت موكریا
دگەل میرێ هەكاریا ئومیرێ برادوستیا • دیسان سلطانێ
عوسمانلی فەرمانەك دەركركو میرێ عەجەما دیسان میــرێت
بەلێ میرنەهات ، ســـلطانیفەرمانكر كو بچنە شـــەرێ
میرێ عەجەم دیسان میــرێت دەڤەرا كوردستانێ هنارتییێ ،
رێك لمیرێ عەجەم گرتــــن ئوكولان لێ طەنگبون حــەتا
دیماهیكێ ژوێ ناحیێ دەركەفتی ئەوا دبن حوكمێ عوسمانلیاڤە ،
ئو نەچو ستەمبولێ •

سولطان حوسەین ئێك ژوان میرابو ئەوێن بەشداربووین
دشەرێ توركا دگەل عەجەما لسالا (١٩٦٠)ێ هجری ،

ژمێژوویا كەڤن

نڤیسینا : عبدی دهوكی

بەردەوام سلطان حوســەینــی
(٥٠٠٠ - ٦٠٠٠) شەركەرێت
كورد دهنارتنە هاری لەشكرێ
سلطانێت عوسمانلی ، چــی
جهێ ئەڤ لەشكرێ كــورد
بەرێخو دابایێ دا داگیركــەن
ئو چ لەشكرنەد شیان خولبەر
وی لەشكری بگرن •

لدرێژیا مێژووی كــورد
دیارن بزیرەكاتیێ ، كی‌یێ‌هاتبا
سەرتەختێ كاربەدەستییێ ئەو
دبەرهەڤ بون بینەلەشكرێ
وی ئوشەرێ بوبكەن بدرستاهی
بێ‌ی چەپو وەربادان • كوردا
ژدلەكێ پاك خزمەت یابوڤان
میراكری یێت بوینە هاریكــار
بودانانا حوكمێ عوسمانلیا ئو
موكوم كرنا وی حوكمــی
چونكی سەروكێت وان سلطان
بون •• سلطانێت دینــێ
ئیسلامێ ژبەرێدا ئو حــەتا
بەری ڤێ دیماهیكی مللەتــێ
كوردێ بدینی‌ڤە نویسیای
بو ژدل باوەری پێدئینا چاك
دزانی كوبو خودێیە ئەوشەر
•• بو دیماهیا قیامەتێیــە ••
یێ‌بهێتە كوشتن لسەر فەرمانا
سلطانا دشەرێدا (غازیــە)
یێ لمالا خو بهێتە كوشـــتن
شەهیدە یێ‌شەرێت ئاسێ
لفەرمانا سلطانێ دینی ئیسلامێ
بكەت بەحشتی‌یە بڤێ دلی ••
بڤێ هزرێ ئوبیرو باوەریــێ
خودشەرپاد قوتا •• ژ خونــە
دگەریان حەتا دمرن ، ئەزدكر
گوبمرن‌زوی دابچنە بەحشتی
باهراپتر ژوان لەشكرا ئەوێت
بەرامبەر شەر دكر دابســەر
بكەڤن داتەرشوتالانا ڤێكەمن
دابزڤرنە مالاخو ناف عەیالێ
خو •• راستە كوردا خزمەتا
باشاپراستی بوهەمی كاربــە
دەستێت خویاكری • بــەلێ
بخوشولنەكریە ، نەزانیــە
چاوادێ‌كەن دێ دبن سەروكاتیا
كێڤە ژ خوكرن شەرێ كەن •
كوردێ شەركەر یێ‌دەست
گەرمــە •• یێ‌سەربلندە •••
باوەریا بخو ئو بزیرەكاتیــا
خویاهەی •• كەسێ ژخــو
مێرین‌تر نابینن دەما پێویبگە
هێتە (كەڤری) ئو چەكاوی
ددەستی بیت چانتانانی ئــو
فیشەكێت زێدە بملی ڤەبیت ،
سێ كە لیێت رەختی تــژی
فیشەك دبەردابن ،دێ كولاڤێ‌خو
خاركەت •• دێ دفەلەكــێ
نێریت دێ خوزانیت هەرئەوە
كەسێ‌دی‌نە •• كوردا حەتــا
بەری دەهـ (١٠) سالا كەسەك
نەدیتیە ژخو كوبدرســتاهی
بوشولكەت هەرێكێ بوخویــە
یێت بخودانە شــولی •• یێت
بووان چوینە شەرو جــەردەو
دزیا ، مێرێت بوكوشـــتین
تالانێت بوئینایین •• چونەگــە
هشتییێ چوبونەمایە ، یێمایەد
ڤی كاودانیدا ، ژبەرێ وەرە
حەتابەری (١٠) سالاكەسەكی
نەگوتیە ئەڤەرێ مللەبە دڤێت
بژیت بسەربەلندی بــێ‌ی
خزمەت كاریا بێ مز •

خەباتا گەنجا

بێ‌گومــان بارێ لسەرملێت
لاوێن كوردستانێ گەلەكێ گرانە
ئەگــەر ئــەم بدرســتاهی
بەرێخودانەكێ‌بدەینێ ، لسەرـ
گیرو گرفتارییێت مللەتێ كورد
تێداژگەلەك لانە •

ئەم‌دێ‌بێنین كو یا پێدڤیــە
هاریكاری بهێتەكرن ژگەلــەك
رەخا ڤە بو ئێكەتیێ ، ئەواهاتیە
پێك‌ئینان ژچەندگەنجو لاوا ،
ئەم هەمی‌دزانین كو ئــەڤ
ئێكەتیە یاسائیایەد كــارو
كەسپاخودا •

لسەرملێت ڤێ ئێكەتیێ •••
ببزاڤاجەحێلو تولازادێ شێینـ
چەند گرهەیێدگیرو گرفتاریێ
ژزنجیرا ژیارامللەتی بزدینین •

پێدڤیە ڤێ‌بزاڤێ بۆخەباتــێ
ئەم‌گرێدەین ببزاڤاپالا وژنــو
جوتیاراڤــە دەست بدەســت
مل‌بمل‌پێكڤە دگەل‌هەمی مللەتی
دگەل‌ڤوتابیاو ماموستا خــو
بكەنەئێك دەنگ‌ئێك خەبــات
دژی‌زورداری •• دژی‌پیلانگێرا
•• دژی ئیستعمارو كەڤنەپەـ
رستا دابشێین ژیارەكاخوش
بیەن كەنجو جەحێلو تولازێت
كورد دبەشدارن دهەمی كارو
كەسپێت‌مللەتی‌دا ، هــەرژ
رێنجبەرێ حەتا ئاڤەدانكرنــا
گوندو شیڤونو‌هالا هەرژ چولی
برێ ئو پەز خودان كرنێ ئــو
چوناكەروانا بوگوهورینا
درامەتو (متا)ی •• بدەخلود-
كاكی حەتادگەهیتە رەزكولانو
سەغبێرا بیستانوجنێكا ، چنكی
لاووتولاز پرتەكن ژ ڤی‌مللەتی
كەس‌نەشێیت كەسپو بزاڤێت
وان‌جوداكەت ژ ڤی‌مللەتــی ،
بەشدارن درەوشتو ئیجادا دا ،
شریكو هەڤگورن د (كولــو
كەســەرادا ، كوڤانێت دەردێ
میللەتی رویدەن لسەرجەرگێ
جەحێلو تولازا ، بەشــدارن
دكەیفو سێرانو شەهیانا دا ،
هەڤالێت قەهــرو عاجزیو
ئازاریا مللەتی‌خونە ، لهەمــی
دەڤەرێت كوردستانێ •

هەردەم لاوێت كــورد
دبەرهەڤن برابونا هەرتشتەكی
كوفایدەوقازانجا مللەتی‌تێدابیت
حەتادگەهیتە هەلگرتنا چەكی
بوشەرێ‌دوژمنی •• شــەرێ
تەعداكەرا لسەرنانو ئاڤێــت
كوردستانێ •

گەنجێ‌كورد هەرێ ئامادەیە
دهاریكاریــا مروڤێت‌گونــدێ
خودا ، چ زبارە و مطارەبــن ،
ئان ئاخەبانو ساڤارقوتان‌بیت
گەنجێت‌گونـدی دەســت
هەلینانەكێ دكەن‌لسەرڤــان
كەسپوكارا ، گەنجێت‌كــورد
دەستێ‌خو درێژدكەنە هەمــی
ئاشتی‌خازا هەمی مرڤێت چاك
هەركەسەكێ دل‌بمللەتــێ
كورد دسوژیت ، دەستەكــێ
برادەریێ•• دەستی هەڤالینیێ،
ژبوخاترا هندێ‌دا ئــەو
ئویێت‌پاشیێ‌وی دهێن‌بژیــن
بخوشی •• دەمێ ژیاراخــو
رابورینن بێ‌ی شەرو كوشتن••
بێ‌سوتن و تالان بێ‌خانــی
هورگوماندن •

راستە پێكهاتنا ئێكەتیالاوێن
كوردستانێ یانویــە دشولیدا ،
بەلێ بارێ وێ هەكەیێ گرانــتر
نەبیتژ پێكهاتنو ئێكەتیێ یێت‌دی
•• سڤك‌ترنینە •

دڤێت‌لپێشیا هەمی‌تشتەكی
بزاڤ‌وخەباتا گەنجائەوبیتو
مللەتێ‌خو بچیكوژنومــێرا
قورتالكەت ژتێ‌نەگەهشتنێ
دڤێت فێركەتە خاندنونڤیسینا ،
ڤی‌مللەتێ بەلنگاز نەهێلنــە-
بهیڤیا چەندكەسەكێت هنــدەرە-
ش‌رەشكا دخوینێ بەرەڤاژی •

ئەگەرمە ئەڤەنەكر •• ئەم
ماینەبگێژاتی ئــو ئالوزیێت
دەمو وەختاڤە •• حــەتـــا
بدیماهی‌تین •• دێ ڤەمینین ،
لدیماهیاوەختی دێ‌پەشێمان‌بین
دێ‌دەلیڤە ژدەست‌مە چیــت ،
چنكی كوســپە ودەرچــكو
سەنگەرەو ئاستەنگ‌خلاسی‌نابن،
دگەل‌هەر دەمەكێ رۆژ دهەلێت
گرفتاریەكانوی پەیدابیت •

ڤەكرناڤــان گولولكێت‌ئالوز
خەماتولازو جەحێلایە بەلــێ
دڤێت‌نەهێلنەبتنێ ، هەركەسەك
ژلایێ‌خوڤە خودانیت گونەهەكار
دراستا ڤی‌مللەتی‌دا •• هاریكاـ
ربیت حەتاڤی مللەتی‌دەێخیــت
ژگرفتاریێ ، ژئاستەنـگـا
نەزانیناخاندنو نڤیســینا ،
داملگــەت بشێیت چاكتــر
ئوبەرفرهەتر هزرو تەخمینێت
خو بكەت دهەمی‌كولانێــت
ژیاریێدا ، ژبو قەرێژەكــا
بوخاترا ژیارەكا خوشتر
بەرفرهە •

ما مرۆڤ چدزانیــت •••
دویرنینە بهزارا فەیلەســوف
ئومەژیتیژ دبن‌ڤان پشتی‌یــت
چولی‌ئوستریا ڤەبن ، نەشیاینە
عاقلێ‌خو بدەنەشولی ئوهزراخو
كویرودویر بكەن‌یێت ماین‌وەكی
خو هندی دیتو بەر گوهاكەفت
هەرئەو دمینتەد مەژیرا •

كی‌دزانــین بەلكی‌گەلــەك
هونەرمەندو شاعێرپەیدا ببانە
دناف‌ڤان رێزیت زەحمەت‌كێش
یێت كودبن پشتی یێت ستریافە
فریــاین ، چەندا ژڤانــا
مللەتێ مە داشێت فایــدەی
ژێ‌بینیت ! •• بەلێ بهــزارا
فایدەنەگەهاندینە مللەتی یــت
چەلختادا فرین ئان دەهبــایێت
خارین •• ئان‌یێت سوتین •••
ئان ئاڤێ یێت برین ئان‌بــێ
بكوشتن‌بن ئاخ بوین بــێ‌ی
تولوشوین جەحێلــو گەنجێت
مللەتێت دەرڤە یێت‌دویر نــەـ
زیرەكترن ژێت‌مە نە دمەژی‌تیرو
روهن‌ترن نــە بكێرهاتــی‌ترن
بەلــێ رێزیت‌وان ددرســتن
هەرێكێ شولێ‌خودكەت بــێ‌ی
كو مایێ‌خود شولایێ‌دی بكەت ،
هزرێت‌وی دێ‌مینە بشولێ‌وی‌ڤە
بەلاف‌نابن ، دێ‌شێت پتر •••
زێدەتر كویرتر •• بەرفرهەتر
•• هزراخو بدەتەسەر •

ئەڤێ هوسا نەشێت تەخمیناخود
تشتەكی‌دابكەت یێ‌نەدیتــی
یێ‌چوژێ نەزانیت •

گەنجێت‌كــورد روندكێت
پیروجان پاڤژدكەن دابەس‌بكەنە
گری لسەركەلەخێت شەهیدێت
مللەتی لدرێژیامێژووێ ئەوێت
هاتینەكوشتن دمەرو جەنگادا ،
لدویریا رێڤەچونا مللەتــی ژ
بوخاترا ژیارەكا خوشتر •

لاوێ‌كورد هەڤالەكێ دلوڤانە
دگەل‌خەمو كەسەرو ئەگــەرا
وێ‌هەردەم رویدەن دناف‌رێژـ
یت مللەتی‌دا (دنڤ‌دلی) پیرە
مێرو پیرەژنا د دەن كـــو
یاخوشبتر یاهــەی •• دێ
هێت‌نێزیك ، دانەكەنەگــری
ئوژبمــار لسەركەلەخێت لاو و
جەحێلا ، چنكی ئەو تێدگەهــن
بوچی دهێنەكوشتن •• ئــو
ژبەرچ دێ‌مرن ، هەربو خاتــرا
ژیارەكا چێترە ژ بووانــــە
یێت‌پاستی وان‌دهێـــن دا-
نێـــت بەرێخوئازا كـــەن ،
بهزارا كوڤان وكول یێت‌مابــین
یێت بن‌ئاخ‌بوین نەگەهشتینێ ،
یێ بكەسەراخو چوین ، جەگەرا
خۆنەدیتیە تێـــر لدەڤ‌خو ،
ئەڤیناوان یامایـــەد دلی‌دا ،
ڤایانا خوگوری تفالو بچیكێت
مللەتی‌كری ، تفالێت مایــن
دچاف‌پەنگیای ژرۆندكـــا ،
یێ‌لهیڤیاكەسو كارێت‌خــو ••
دبەرپا ببێژن •• دابنڤن ••
خەونێت تفالیینێ ببینــن
بێ‌شەرو شوق بێ‌ی گوللــە
وئاگر بێ‌ی‌كوشتنو كەلــەخ
ژڤان بكێرهاتیا یێت چوین چو
خراندن •• دابنڤن‌رەحەت ••
دناف باغچەو كولیلكادا •• پێ
لهیڤیادە یكوبابا •• نەهێنــە
كوشتن •• نەهێنە بەرزەكرن
•• دێ‌هێن •• جانێ‌وان
زەمرنی •• ژگولا •• دەستا
پێ‌لهنداف •• دپارێزن ••
تێدوەرین وەكــی تفالێــت
ڤیتنامــێ •• داپێكڤەبمرن ••
بطوپەكێ بتڤەنگەكێ •• لبەر-
سینگێ‌دایدایــێ •• ناگــەهیت
بكەتــــەگری •• ناگەهیــت
شیری‌بخوت •• ئــــاڤ‌دێ
وەرپێچپیت •• ئاگردێ سوژێت
•• دێ‌مینە بێ‌خانی چ گیتەنابن
سەرێخوبدەنەبن •• بەلــێ
خەباتالاوا دێ‌پارێزیت ، دوژـ
منێ‌درونده دێ‌دەتەپاش ، داژـ
یارەكا خوشتربەهن •• دگــەل
لاوێت‌جیهانی •• لسەربیرو-
باوەریەكێ •• بدلەكێ‌ساخ ••
چنكی دوژمن ئێكە كلیرێ‌بیت •

(چەپەر)

بەرپەرەك

نڤیسینا : شالوك

شاعرێ‌مەیێ بناڤودەنگ (مەلائەحمەد ئەمینێ نالبەند)
یێ‌هێژایە كو هەرجارەكێ مروڤ سێ‌چار بەتیاژ شیعراوی
بەلاڤكەت ، دانەهێتە ژبیركرن لنك‌دویرو نێزیكا •
دیوانا ڤی‌شاعرێ‌هویێ‌دیار نەهاتیەچاپكارن ، پرتە شیعر
یێت‌ماین هەرجارنا دێ‌بەلاڤكەین •
مەلا ئەحمەدی بعەرەبــی شێعرێت‌گوتین ، هەرچەنــد
ناگەهنە شێعرێت شاعرێت عەرەب بەلێ بــو شاعــیرێ
مەهونەرە لسەروێ كوهندێ دزانیت •• هندتێدگەهیت ئەڤێت
گوتین ، ئەڤ شیعرەیاگوتی دەمێ‌لناف (گولیا) قەزا زاخــو ،
پاتێكەلە ژكواردیێ ئو ژ عەرەبی :

× - ×

مدير قد أدار الحكم فينـــا
رضينـــا بالمديـــر والاداره
ربحنا حينمـــا جئتم الينـــا
قرابتكم لنـــا خير التجـــاره
عدالتكم قد عمت قرانـــا
فزاد الكسب فيهـــا والعماره
اذا أنت تفمنـــا بجنـح
الى الموت نأخذ تلك المـــراره
وان ترحـم علينا حينمـا نلقى
فيرفــع رأسنا مثل المنــاره
نشيع العدل منكم في البـلاد
ونجعل شعرنا فيـــه الاشاره
فمن غضب المدير عليــه يوما
تجــارته ظلت خســاره
وضابطنـا حميـد الانظامي
أوامــره علينـــا كالبشــاره
دهوكـــي سلوكـــي الخصال
فضاقت عن محاسنه العبــاره
فنعم الامران على (الگليــه)
هما أسـدا الحميه والجسـاره
فيــا بشرى لمن رحمنـا عليه
ويا خسرانـــه من أرى النزاره

× - ×

مدیر ضابطن هەردو دوشێرن
ژترساوان لەوالمن هەرهەواره
وەكی‌ئەمرەك ژوانڤی لسەرمن
ژوێ‌ترسێ شەڤورۆژا مەصــاره
چوجارامن خراب‌ناكەن ژعەیبا
نەمن فلســە نەمن ئانە نەپـــاره
أنـــا الكردی والاكراد فخری
فيكف أخاف من أهــل الســداره
ئەزم شاعربئەزمانێ خوشێرم
نێ‌كەس هەتكامن نابەت چوجاره
لنــا قدر أهــل الحكومــة
لخير العرب في وقت الاغــاره
لئاف‌كوردا ئەزم ئەفروكەشاعر
ژبەر شێعرێ هولهـە میابهــاره
كوشاعر ددلدا مسكینە ظاهر
بەلێ‌ئەوشێرەكێ هەرمشت هاره
نەخوزیاوی كەسی شەرێ‌ڤەكۆلیت
لسەردێ دائـم توزو غوباره
مدیرو ضابطو حەمدی بەگێ‌مە
لڤێرێ هەرسیا ئەڤروقــەراره
هیڤی‌من‌هەیە ژڤان‌عاجزنەبن كەس
تڤەنگامن بوحەربێ یاســواره
ڤەقیرم كوئەزێ‌بێ گونەهمە نێ‌ئەزبەلامە
جەما دێ‌چلمن‌كەن ئەزئەڤ قەداره
بەلاخوژ من ڤەكەن هەچیا بكەم ئەز
خوزیكاوی كەسی یێ‌بدەت‌من پــاره
ئەزێ‌ی بــێ گونەهمە نێ‌ئەزبەلامە

• • • • • • •

قەلەم‌وەختێ ددەست‌مندا لــەیزی
یەقین شێرە بــلا ظاهر كوداره
بلابترســن هەمــی‌دوژمن ژبەرمن
ئەزم ئەحمەد مەشیعراخوحساره

(شالوك)

پارچەكا فولكلوری

برادەر عزیز عەلی ئەڤ پارچا (قەت) ئانكو یابری ژمەرا
یاشاندی بەلێ مخابن چیرۆكاوێ بومــە بدرستی ئــەڤ
پارچە هۆزانە ڤرێ نەكریــە هیڤیدارین ژخوینەڤانێن هێژا
راستییا ڤێ پارچێ بومە بهنێرنو هەكە هنــدە چیرۆكــێن
فولكلوری بزانن بومە بشینن و سوپاس •

- هاوكاری -

هەكە ئەزێ رابم بدارێ لاندكا خو بێژم ••
لایێ ••لایێ •• لایێ ••
سەرێ منێ بلاندكا من فەكەتیە ڤێ بەلایێ ••
ئەزێ رابم دارێ لاندكا خو ببەمە بانێ ڤێ بێلایێ ••
پێدارەم تاكەكی ژتاكێن ڤێ سەرایێ ••
لایێ •• لایێ دێ بنڤە سۆناهییا چاڤێن دایێ ••
خوزی حاكمەكێ عادل لگوندێ مە رابا خالەت ئینابانە
شوینــا دایــێ •••
یالبەر لاندكێ بەژنەكا بلندە دوو چاڤێن گەشن
كوڤیكەكا چەند شرینە •••
لایێ •• لایێ •• دێ بنڤە بیناهی‌یا چاڤێن دایێ ••
گەلێ دوستو كافرێن كوفرێو عەرەبێن بنێ بەروبێ ••
وە ئاگەهە ژدەیكا لاندكا من نینە ••
گەلێ دوستا هەكەر چویە مالێت جیرانا داگازیەكێ بخو
بكەمــێ •••
هەكە چویە مالێت بابا دابخو قاسدەكی ڤرێكەمێ ••
لایێ •• لایێ •• خوزی حاكمەكێ عادل لگوندێ مە رابــا
خالەت ئینابانە شوینا دایــێ ••
بەلێ هەوە نەگوت سینگێ وێ یێ كەتیە بن فەرشێت
گران •••• هندی گازی دكەمێ گازیێت من قەت
ناگەهنێ •••لایــێ •• لایــێ ••
بشەڤێ هەتا دبیتە بانگێ سوبێ••
ئەز دبەر دارێ لاندكا خورا دبێژم ••
لایێ •• لایێ •• دێ بنڤە بیناهی‌یا چاڤێن دایێ ••

كرێسك

ما •• بەرێخودا شــویناداریت نوبەدارێ گرتیخــانێ
لسەر لەشێ ، خو جهێ دارایێ وەرمتی سەرێ خو هژانــد
هزراوی دویر چو بخوكوت ••یێ حەقە بناسێت ڤی‌بەلنگازی
نینن •• ئەڤێ هو لمن كــری نزانیت •• كا •• یاچاوایە ••
ژبەرچ ئەز دڤێرە ڤەمە •• منچ كریە راوەستا لبەر دیــوارێ
گرتیخانێ •• ما •• تەماشەی‌هەڤالێت خو كر لێڤێت خو ژ
سەرێك هەلاندن داتشتەكێ‌نوی بو وان ببێژیت بــەلی ••
دەڤێ خو مچاندە ڤە چنكــوسیبەرا كەلەخێ نوبەدارێ هاتە
بنك‌ڤە ئو یێ‌دارێ خۆ دهژینت‌چاڤێت سەری‌را سور بوین
هندی یێ ماندیبوی بقوتانــاگرتیاڤە ، هات •• نێزیك بــو
دەستێ خو دا سمبێلا خو یێ‌بادەت ، كرە ڤیرێ ••یت بێژیت
•• كەس ژهەوە خو نێزیكی‌یێ دی نەكەت ••

وی زانی كو نوبەدار دگرتی‌خانێ‌ڤە چ حەزبكەت دێ شێیت
كەت بەلێ لدەرڤە •• لناف‌مللەتی •• وی هەڤالێت هەین
•• یێ شول دكــەن •• یێت‌خەبتن داگرتن نەمینیت •• یێ
تێگەهاندنێ بەلاڤ دكـــەن‌دا هەمی بزانن ژبەرچ خەلك
تێنەگرتن ، كی‌یە ڤانا دكریت•• گەهشتە ڤێرێ دهزراخودا
•• راوەستا •• هاتە بـــەرچاڤا شكلێ‌وان یێ نەخوش••
لێڤو لمتورا •• دفنێت مەزنێت قینە ••
سور •• چاڤێت پەنگیــای مللەت یێ بێهن فرهەیــە
ژ كەربوكینێ لسەر ڤەقیرو لسەر نەخوشییێ •• بــەلێ
ژارا •• دەڤێ دریایێ مچیــای دئاخفتن وی‌بگرەیێ هەبخەند

ژبری •• ژڤەهرو تولێســت
رووژێت بەرێ •• زك مەنــدف
لبەرێ خۆ دهاژون ســــەرێ
گرۆڤرێ پاتك ستویرێ راست
ژبەر مالێ حەرام ، ددانێــت
مەحین ژبەر درێژیا ســالێت
خارنوگو شت ڤەرۆتیــێ ••
لەپێت وەرمتی تبلێت كورت••
دنژی هونگرســنیرێت زێری
بوان تبلێت كورت كاربەدەست
هەكە رابوژ ئاریان كـــەس
ناراوەستینیت •• لێمشـــتە
•• ئاڤابوشە دێ دگەل خووە
رێپچیت •• چاكو خرابا بونــە
مانا ئیستعمارێ ئوڤان دیڤەلانكا
•• ڤان حەرام خورا لســەر
بەركا ڤەقیرو ژارا دێ تولێت
بابو باپیرائێت وان یێت گونــە
هكار لكورو نەڤیا ڤەكــەت
چنكی یێت پاشی بابو باپیــرا
ژی هەر یێ لبیرو باوەریێــت
بابا ، یێت گونــەها وان دا
دكــەلن یێ لسەر رەوشــتا
وان دچن ، یاژ خالا وان‌ڤە ••
دێ بو ژی هەر وەسا بیت ••
دێ بو وان مینیت ••

عاجزی •• نەخوشیــی ••
ئێشان •• ترس •• زوی ژبیرا
مروڤی دچن ••دگەل خلاسبونا
وێ •• دگەل دەمێ خوشییێ
•• دگەل كەیفــێ مللەتی •••
مروڤ هەمیا ژبیردكەت ،گەلەك
یێت ماینە دگرتی خانا ڤە ئەو
دبچیك •• یێت دەركەفتــین
دپیر •• نەخوشیا شوینا لسەر
سەروچاڤا كولای بمەهولــكێ
قەهرو عاجزیا • بەلێ هــەر
ئەورێكە ••نابیتەدو ••راستە

بروانــە ل ٧

institut kurde de paris

نامەیێکی پایزی

خۆشەویستم :
یادی دوێنێ
لەبۆتەی بیرەوەریما
ئەتوێنمەوە
مرواری فرمێسکەکانم
لەبەستەیێکی تازەدا
ئەهۆنمەوە !
خۆشەویستم :
هەرچیم هەیە هۆش و هەستم
بەدوای گەڕان بەشوێن تۆدا
ماندوو وێڵن
ئەندێشەی پەرت و ئاڵۆزم
هەرگیز خەوی سەرباوەشت
جێ ناهێڵن !
خۆشەویستم :
لێت ئەپرسم
لەتیشکە بێهێزەکانی خۆر
لە شەپۆلە گرژەکانی وپێش ئاوابوون
لەچرپەی قامیشەلانی قەراغ نقومبون
لەلێوی پەمەی ژاڵەی بەرۆکی سی گۆم
لەسروشتی شکۆداری دواچۆم
لەدەنگە پڕجۆشەکانی کۆنای نیوەشەو
لەمانگی چاوتروکاوی
ناوکە ژاوەی هەوری بێ خەو
لەپایزی لێومژراوی
تشرین
ناچاری خەندەو پێکەنین !
لێت ئەپرسم خۆشەویستم
لەهەر شتێ
بێتە سەرڕێ بیروهەستم
لێت ئەپرسم
بێ ئەوەی کەس
وەرامێ بداتە دەستم !

ئازاد دڵزار
قوتابخانەی چوارباغ - کۆیە

چیرۆک

سەنگەری مەرگ

ظاهر احمد سەوز

شار خرۆشا ، جەجاڵ هەستا ، خەڵقی خورمای بابی یان خواردووە ، کەس لەکەس ناگات هاوار هاوارە ، هەریەکە پڕ بەدەم ئەقیژێنێ .

مار خۆرەکان ماریان بەدەمەوەیە ، مارەکان جارجار هەڵئەگەڕانەوەو ئەنوسان بەپەنا ملی خاوەنەکانیانا .

سوارەکان لەپێشەوە غارغارین ئەکەن ، تەپڵ و دەف لێدەرەکان ئاگایان لە خۆیان نەماوە ، ژن و منداڵ و پیری سەر شۆستەکان ئەگرین ، گەنجە بویمباغ سور لەملەکان پێکەنینیان یەت ، چاوبرکێیانە ، مرقەمرقیانە وێنەگرەکە وێنەی یادگاری ئەگرێ ، مەبەستی کڕینی خەڵقی و دەوڵەمەند بوونی خۆیەتی ، کوێرەکان دەست ئەکوتن و کەڕەکان نازانن چ باسە . لا لەکان بەئیشارەت تێ ئەگەن ، هەندێکی کە خۆیان گەمارۆداوە لە سەنگەرەکانیاندا چاوەڕوانن بگەن بە ئامانجو مەبەستیان .

- کێ تێ بگەیەنین ؟
- تۆ بۆ ئەوەندە بێباوەڕیت !
- بێ باوەڕ نیم بەو ڕێگایەی گرتومەو بەو بیروباوەڕە هەڵم گرتووە ، بێ باوەڕم بەو خەڵقە تێنەگەیشتووە کە بە هەموو دەهۆڵێک هەڵئەپەرێ .
- هەموو خەڵقی نین ، هەندێک بەرژەوەند پەرستن .
- ئەی کوان ئەوانی کە !!؟
- کەواتە کوێریت ، نابینیت
- کوا کێ ببینم !!؟
- کەواتە ڕاستە ئەکەم کە ئەڵێم کوێری نابینیت . ئەی من ، تۆ ، ئەو کە لەناو سەنگەراین و چەک لەسەر شانمانەو پەنجەمان لەسەر پەلە پیتکەیەو مێشکمان مەبەستێکی تیایەو بۆ شتێ یەک هەوڵ ئەدەین .
- بەمن و تۆو ئەو تەواو نابێت .
- مەرج نییە ، ئەمڕۆ ئەوەندەین ، سبەینێ زۆر ئەبین و لەناو ڕەش و ڕووتا پەرە ئەسێنین .
- بۆچی ؟!!
- ئەوەی من و تۆو ئەو هەوڵی بۆ ئەدەین .
- زۆر ئەخایەنێ .
- گرنگ نییە ، ئەبێت دان بەخۆمانا بگرین ، هەموو شتێ یەک لە جیهاندا هەر بەمشێوەیە هاتۆتە کایە .
- جا فریای من ناکەوێت .
- فریای کورەکەت ئەکەوێت فریای کوری کورەکەت ئەکەوێت
- جا بەمن چی ؟!
- بۆ ئەوەی کورەکانمان هەمان قسە نەکەن ، بەئازاری لەش و برینەکانمان ڕێگە ساز ئەکەین ، بەخوێنی لەشمان تاریک و مژی لێڵی ڕووناک ئەکەینەوە ، بە پێڵوی چاو دڕکی سەر ڕێگا گسک ئەدەین ، کێلی قەبرەکانمان ئەکەین بە نیشانەی ڕێگا ، بە فرمێسکی چاوی هەتیوو دایکی کۆست کەوتو ئاوی جەنگاوەرەکان ئەدەین و مەتارەیان بۆ پڕ ئەکەین بەنووکی خامەی دەستی ڕوشن بیران خەت ئەکێشین بە چەکوش و پاچی دەستی کرێکاران وولات ئاوەدان ئەکەینەوە .
- وس بە ، جگەرەکەت ، دووکەڵەکەی .
- با نەفەسێکی کەی لێبدەم دواجگەرەیە
- ئەقەنەکەی وابزانم برادەرانی خۆمانن نزیک ئەبنەوە
- هەناسە مەدە ، مشەت نەیە ، تا لێیمان نزیک ئەبنەوە .
- **نزیک بوونەوە ، دەرکەوتن باشتر ئاشکرا بوون ، دوژمن خۆت ئامادەکە .**
- دەرەقەتیان نایەین زۆرن .
- بێ بیروباوەڕن بەزۆر هێنراون بۆ شەر ، ئێمە لەوان زۆرترین خاوەن و هەڵگری ئامانجێکین .
- مشت بگرە ، فیشەک بەزایە نەدەی ، باشتر نزیک ببنەوە .
- ئەکوژرێین .
- **مەترسە بیروباوەڕەکەت ئەمێنێت ، تۆڵەت ئەسێنرێ .**
- گرمە هەستا ، فیشەک وەک بارانی بەهار هاتەخوارێ ، لە خوێنی خۆی و هاوڕێکەیدا گەوزا ، هاواری کرد قوڕتان بەسەر بە کوشتنی ئێمە کۆتایی نایەت ، کلپەی سەندوە ، گڕی بەرز بۆتەوە ، ڕووناکی بەخشیوە ، یەکتر ئەناسین ، دوژمن و دۆست جیائەکرێتەوە ب ... ب ... ب ...)

پۆستەی خوێنەران

● **کاک محمود حمە ئەمین نانەوا لە چوارقوڕنە :**
ئەو نووسینەی بۆت ناردوین داخمان ناچێ دەسخەتەکەتمان بە باشی بۆ نەخوێندرایەوە تەنیا ئەوەمان بۆ دەرکەوت سەرنجت لەنەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی داوە کە ئەویش ئەوەیە گوایە هەندێ خەڵک لای ئێوە لەجیاتی ئەوەی بەرێزەوە بانگی یەکتر بکەن ئەیکەن بە شەڕەجنێو ! دیسان چەند ڕوداوێکی لەمشێوەیەت بە نمونە هێناوەتەوە و داوات کردوە کە لە جیاتی (شەڕەجنێوو قسەی ناوونائۆرە بە یەکتر وتن) دەست لەمل یەکتری بکەن و ڕێزی یەکتری بگرن .. ئێمەش ئەڵێین پێشنیازەکەت جوانەو خۆزگایە هەمو مرۆڤێک بەدڵپاکی و دەست لەمل کردن و ڕێزگرتنی خەڵکی ترەوە بژیایە .. بەڵام ئەترسین ئەو شەڕە جنێوە لەسەر زۆرەنان بێ .. ئەگەر خوانەخواستە وابێ ڕەنگە ئێوە بتوانن بەئاسانی چارەی بکەن .

● **کاک محەمەد کەریم دانشگای بەغدا :**
هەڵبەستەکانت (هەستی جەنگاوەرێک) ئەمەیان چەند جوانە ئەڵێت :-
جەنگاوەرێکم
من دوا هەناسەی ژینی خەباتم
بۆ هەتاوێکە
بەخەو ئەیبینم
بسکەی چاوانم
پێکەنینێکە
چنگی لەباڵی ژیان گیرئەکا ..
بەڵام هەڵبەستەکەی تر (تفەنگ) قسەی خۆمان بێ بۆ بڵاو کردنەوە دەستی نەدا . ئەگەر بەقسەی برای خۆت ئەکەی لەنووسیندا سەرنجی بارو ڕۆژگارو دۆخی نووسینەکەت بە وردی بدە بۆ ئەوەی بێ پەروا ئاواتەکانت بە خەڵکی بگات .

● **کاک عەفان شوانی لەکەرکوک :**
هەردوو پارچە هەڵبەستەکەتمان پێ گەیشت برا .. پارچەی (دڵدارەکەم) ئەوەهەر مەپرسە ! ئەوی تریان (گۆرانییەک لە شاری ئازارەوە) ئەمەمان لێ هەڵبژارد:
هێزی نیە ڕێم پێ بگرێ
خۆشەویستیت
لەناو ناخما بسڕێتەوە
ئەگەر هەزار تەلیسموداو
لەڕێگەما بنێتەوە
هیچ کار ناکات
گیانە ئەگەر جامبازەکان
کورپەکەشم سەر ببڕن
دیسانەوە خۆشم ئەوێیت

● **کاک (ڕوزبێ) نووسراوێکی بۆ ناردوین :**
لە نووسراوەکەیا گلەیی لەوخاوەن خانووانە ئەکات کە خانو بە مرۆڤی سەڵت (بێژن و ماڵ) نادەن .. کاک (ڕۆزبێ) ئەمە بە نمونەی دوواکەوتنی کۆمەڵ و پاشماوەی چاولێکەری سەردەمی دەرەبەگایەتی و فەرز کردنی هێندێ ئاگر بڕ لە نێوان چینەکانی کۆمەڵدا دەست نیشان ئەکات .
کاک ڕۆزبێ ئەڵێ : ئەگەر لاوێکی بێ ژن و ماڵ لە گەڕەکێکدا یا لە ماڵێکدا ژوورێکی دەس کەوێ ئەوا بەکرێ یەکی زۆر گرانی ئەیدەنێ .. کاک ڕۆزبێ گەلێک شتی تری نووسیوە بەڵام ئێمە هەر ئەوەندەمان هەڵبژارد ، جگە لەوە کە مەسەلەکە مەسەلەیەکی گشتی نیەو بەنیا پەیوەندی نێوان ڕەوشتی کۆمەڵایەتی چەند بنەماڵەیەکە .

● **کاک عبدالخالق گەراری لە قوتابخانەی ناوەندی سەلاحەدین :**
ئەمەش پارچە هەڵبەستەکەتەو پیشەکی پیرۆزبایی سەرکەوتنی شیعرەکەت لێ ئەکەین .
ئازیزەکەم
ئەی ڕوناکی ڕێی ژیانم
جوانترین گوڵی لەگوڵزاران
تۆ ڕێڕەوی بۆ دڵداران
(لەتێ نانی)
بۆ تێر کردنی گشت هەژاران
بۆ وەی کەوا هەردەم گیانە
لەڕێی نەجات سەرگەردانە
چیت بۆ بڵێم
لە گەرووی تاڵی پڕخۆڵم
تەنیا یەک وشەی شیرینم
ئەمیش سەربەستی ژیرینم

● **کاک ئەبو بەکر شاخی لەدێی (بیرەسپان) لە کەرکوک :**
پارچە شیعری (دڵدارەکان) تمان پێ گەیشت ، نووسیوتە هەموی بڵاو بکەنەوە ئینجا پەنجە لەسەر کەمو کورتیەکانی دابنێن ..
بەڵام ئێمە هەر ئەوەندەی لێ بڵاوئەکەینەوەو هیوادارین شاعیرێکی لێهاتوو بدوزیتەوە لەم ڕووەوە یارمەتیت بدات .
دڵدارەکان ..
دڵدارەکان ..
بەو ئەوینەی ، وەک (زاواوبوک)
وەک .. لاولاوە
ڕیشەی لەدڵتان ئالاوە

بڕوانە ل -٧-

مۆریس مۆتەرلینگ

عزیز گەردی

لە فارسییەوە کردوویە بەکوردی

مۆریس مۆتەرلینگ لە ٢٩ی ئابی ١٨٦٣ لەشاری گانی بەلچیکا لە بنەماڵەیەکی ناسراو هاتۆتە دنیاوە . خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەوێ لە قوتابخانەی یەسوعیان تەواوکردووەو چۆتە زانستگای پارێزەری . پاش تەواوکردنی زانستگا مۆتەرلینگ گەڕایەوە بۆ شاری گان و لەوێ خۆی بەپارێزەری خەریک کرد ، بەڵام زۆری نەخایاند کە پشتی لەوە کردو کەوتە ژێر زەبری تەلیسمی ئەدەبەوە ..

لەتەمەنی بیست و چوار ساڵیدا داستانێکی بەناوی (کوشتاری بێ گوناهان)و یەکەم هۆنراوەی لەگۆڤارێک بڵاوکردەوە ، لەهەمان ساڵدا سەری هەڵگرت و ڕووی کردە پاریس ، لەوێ لەگەڵ ڕەمزییەکانی فەرەنسادا برادەرایەتی پەیداکرد ، ئەو برادەرایەتییەی ڕەمزییەکان لەناخەوە کاری تێکردو هەست و سۆزی بزواند .. پاش ماوەیەک پاریسی بەجێهێشت و گەڕایەوە بەلچیکاو لەسەر خاک و خۆڵ و مولکی پشتاو پشتی باپیرە گەورەو ئەژدادەکانیا کەوتە نووسین و گوڵچاندن و هەنگ بەخێوکردن .

پاش دوو ساڵ ئەو هۆنراوانەی کە لەگۆڤارو چاپکراوی جۆراوجۆرەوە بڵاوی کردبوونەوە ، هەمووی کۆکردنەوەو ڕێکی خستن و بەناوی « گوڵدانی گەرم » لەبەرگێکدا چاپی کردن . ساڵی ١٨٨٩ یەکەم شانۆگەری بەناوی « شاهدوختی سوێر » نووسی . (ئەکتاف میرابۆ)ی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسایی ئەم شانۆگەرییەی بەرامبەر بە شانۆگەرییەکانی شێکسپیر دایەقەڵەم ئیتر مۆتەرلینگ بەجارێ ناوبانگی بڵاوبووەوە ..

چەند ساڵێک لە بەلچیکا مایەوەو لەم ماوەیە گەلێ شانۆگەری بەنرخی نووسی .. جگە لەوەی کە بەرهەمەکانی (نۆڤالیس)و (ئەمرسۆن)ی وەرگێڕایە سەر زمانەکەی خۆیان چونکە زۆر ڕای لەنووسینەکانی ئەم دوو نووسەرە بوو ، بەشتی زۆر نایابی دەدانە قەڵەم ساڵی ١٨٩٦ کۆچ و کۆچباری لێکناو ڕووەو فەرەنسا کەوتەرێ ، لەهەمان ساڵا نوبەرەی بەرهەمی فەلسەفی خۆی بەناوی « گەنجینەی خاکەساران » خستە بەردەستی خوێنەرانەوە .. گەورەترین ئاهەنگ سازو ئاوازی ئەو حەلە وەکو (گابرێل فۆرە)و (کلود دبوسی)و (پول دوکا) بۆ ئاوازدانان ئیلهامیان لەبەرهەمە بەرز و بەپێتەکانی (موتەرلینگ) وەردەگرت .

لەساڵی (١٩١٠)و بەدواوە مۆتەرلینگ زیاتر خوویدایە خوێندنەوەی فەلسەفەو .. تا توانی گەلێ بەرهەم لەم مەیدانەوە بێنێتەکایەوە ، کتێبی (ژیانی هەنگ)و (پەرستگای شراوە)و گەلێ شتی تری دەربارەی مێش و مەگەزی نووسی .. لەم کاتەدا بۆجاری دووەم کۆڕی ئەدەب و زمانی فەرەنسایی لەبەلچیکا پاداشتی ئەدەبی شانۆگەری پێبەخشی . ساڵی ١٩١١ پاداشتی (نۆبل)ی وەرگرت . هەر لەم ساڵەدا کۆڕی ئەدەبی فەرەنسایی داوای لێکرد کە تیا ببێتە ئەندام بەڵام مۆتەرلینگ ئامادە نەبوو دەست لەخاکی بەلچیکا بەربدا ، بەمهۆیەوە بۆی نەکرا جێی خۆی لەکۆڕی ئەدەبی فەرەنسایی بگرێ . ساڵی ١٩١٤ کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد لەگەڵ ئەوەشدا کە بەساڵاچوو بوو تەمەنی (٥٢) ساڵ بوو ، بەدڵ ویستی بەرگری لەخاک و نەتەوەکەی بکات و لەگەڵ لەشکری بەلچیکا خۆی باوێتە گوورەی جەنگەوە بەڵام ویستەکەی نەهاتەدی و داوایەکەی قبوڵ نەکرا . ئیتر ناچاربوو بەدرێژایی ساڵانی شەڕ قەڵەمەکەی بکا بەچەکێکی بڕندەو شەڕی دوژمنی پێبکا .

پاش کپ بوونەوەی شەڕو گەڕانەوەی هێمنی و ئاسایش ، مۆتەرلینگ کۆشکێکی کۆنی لەناوچەی (مدان) کڕی و خۆی تیا مات کردو بە کڕو بێدەنگی کەوتە خوێندنەوەی فەلسەفە بەڵام وازیشی لە بەرهەمی شانۆگەری نەهێناو چەند شانۆگەرییەکی تازەی نووسی ئەمە لەلایەک ، لەلایەکی تریشەوە لەئەنجامی خوێندنەوەی زۆری مەگەزناسی دوو کتێبی بەناوی « ژیانی مۆرانە » و « ژیانی مێروولە » لەساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٣٠ چاپکرد .

ساڵی ١٩٣٩ کە یەکەم چەخماخەی شەڕی دووەمی جیهانی لێیدا مۆتەرلینگ چووە پورتوگاڵ و لەوێوە ڕووی کردە ئەمەریکاو سەرەتا لە نیۆیۆرک و پاشان لە هەرێمی (فلۆریدا) جێگیربوو لەوێ تووشی بوو بەتووشی نەخۆشی یەکی سەخت و ، بەڵام بەهۆی پەنسلین کە تازە دیترابووەوە لەدەست مەرگی ئێستەرەم ڕزگاری بوو . ساڵی ١٩٤٧ گەڕایەوە بۆ فەرەنساو دوا ساڵانی تەمەنی خۆی لە کۆشکێکی کوێستانیدا کە پێی کەوتبووە دەوروبەری بەندەری (نیس) بەسەربرد ، هەرلەوێ مایەوە تا لەساڵی ١٩٤٩ لەتەمەنی (٨٧) ساڵیدا ماڵاوایی لە دونیای جەنگ و فەلسەفەو گوڵ و مێروولە کردو گەڕایەوە ئەو شوێنەی لێی هاتبوو .

ناوبانگی مۆتەرلینگ پتر لە هۆنراوەو شانۆگەرییەکانیدایە .. بەرهەمی شیعری کە بریتییە لە پەنجا پارچە شیعرو لە کتێبی « گوڵدانی گەرم » کۆکراونەتەوە کارێکی زۆر بەهێزوگوڕیان بووە بۆ پێگەیشتن و پێشکەوتنی ڕەمزییەکان .. هەروەها لە شانۆگەریشدا هەروەکو زۆربەی ڕەخنەگرەکان گوتوویانە شانۆگەرییەکانی مۆتەرلینگ لەگەڵ چاکترین شانۆگەری کۆنی یۆنان و بەرهەمەکانی شکسپیر بەرابەر دەوەستن ..

لە ئەدەبی گۆرانەوە

یەکێک لەگۆرانیەکانی « لانگستۆن هیوز »

گۆڕینی : ئازاد عەزیز سورمێ

(١)
ڕاستە ئەو ڕۆژەی ،
پشتمان لەژێر ، قامچی زۆردار
چەمابووەوە ..
ڕۆژێ بوو تاڵ ..
- بەڵام ڕۆیی -

(٢)
ڕاستە ئەو ڕۆژەی ،
منداڵەکانمان بێ قوتابخانە بوون
لاوەکانمان بێدەنگ بوون
لەجیهانا ..
ئافرەتانمان :
وەکو بووکە شووشەی یاری
لەژێر دەستی ،
کۆمەڵێ دز ، ئەیانالاند
ڕۆژێ بوو تاڵ
بەڵام ئەو ڕۆژە .. ڕۆژێ بوو
لە کەشکۆڵی درۆزنەکاندا
یاداشت کرا !!

(٣)
ئەو ڕۆژە ، ڕۆژێکی تاڵ بوو
کاتێ کەوا : دڕندەکان
ئەڵقەی پەتیان .. لە ئەستۆدا
ئەقرساندین !!
کاتێ کەوا : گڕی ئاگر
قاچەکانی ئەسووتاندین !!
لەکاتێکدا :
بەگۆرانیە خەمبارەکان
دڵی خۆمان ئەدایەوە !!
بەڵام ئەو ڕۆژە .. ڕۆژێ بوو ، کەزمانی تیا ئەسووتێ !!

(٤)
من ئێستاکە چاک ئەزانم
کەوا تەنیا :
دەست و بازووە ڕەشەکانم ،
ڕەش وەکو خاک
دەتوانن کە :
لەشی ڕەشم ئازاد بکەن ..
ئەی دزەکان ..
پیاو کوژەکان ..
لەمەو بەدوا .. هیچ ناتوانن
دانەکانتانم لێ گرکەن ..
جا بەلافەوە پێم بڵێن :
« ئەی توولە ڕەش !!
تۆ نۆکەری و من ئازادم ..!! »
چونکەئەو ڕۆژگارە ڕۆیی ..

(٥)
وا ئێستاکە :
لەسەر زاری زۆربەی زۆرا
لەناو بۆتەی .. هەزارەها ،
دەمی ڕەشدا !
ددانی تیادا ، ئەبریسکێتن !!
زنجیرەیەک ، لەووشەی نوێ
دەر ئەقوڵێ ..
هەرچەندە کە :
ڕابوردووی ڕەش ،
تاڵی کردوون !!
بەڵام .. بەڵام
بۆ دوارۆژ ، زۆر شیرینن ..
یەک پشتی یەکی گرتووە
زۆر بەهێزن
دڵنیاشن کەتەواوی
خاک و زەوی .. پڕ ئەکەن !!

(٦)
بۆ پێشەوە ئاگر هەڵکەن !!
جیهانی ڕەش
جیهانی سپی
یەک جیهانە
جیهانی کرێکارانە !!
بۆ پێشەوە ..
ئەوا ئاوات لەژێر خۆرا
چاوتان بۆ هەڵئەتەکێنێ
بۆ پێشەوە ..

لانگستۆن هیوز : شاعیرێکی شۆڕشگێری قولەڕەشی ئەمەریکایە .. ساڵی ١٩٦٧ ، کۆچی دوایی کرد ..

institutkurde de paris

پاشماوەی : ـ چە نــــدسەر نجێ لە کۆمەڵە ٠٠

زادێکە وەك هەر یەکێك لـەبەرێز ئەندامانی ڕای گشتی ٠ لەسەرەتادا پێی خۆش بوو ٠هێرشەکە بە سەرچوو خەڵکەکە گەڕانەوە گوند ٠ زنجەکـەی ئەمو کۆشـکەکەی ئاغـای دەرەبەگ بەپێـوە مابوون ٠ئەمە لەخواوەبوو ٠ هـەزاران سەڵاوات لە دیاری پێغەمبەرو شێخو مشایەخان زنجەکـەی ئەم بەپێوە ماوە ٠ بەڵام خـواخۆی ئەیزانی کە دڵی بـــە خەڵکە زنج سووتاوەکان زۆرئەسووتا ٠ پڕ بە دڵ جـەزی ئەکرد هینەکانی ئەوایـش نەسووتانایە ٠ بەڵام گوناهـی ئەم چی‌بوو ؟!

چی‌بەدەست بوو ؟٠ کەچی‌مقۆ مقۆ ئەکەوێتە نـــاو گوندەکەوە ٠ بوچی تەنهـازنجەکەی مام عەبدوڵو کۆشکی ئاغا بەر سووتاندن نەکەوتن؟!ئەمە بێ‌مەڵامەت نی‌یە ؟! ئۆبڵێی پیاوی ئاغانەبێت ؟! ئۆبڵـێی یەکرێ گیراوی دوژمن نەبێت؟! ئەی بۆچێ زنجەکەی بـــەرسووتاندن نەکەوت ؟! ٠٠باوەڕێ وەڵا ٠٠ پیاوی ئاغایە٠٠سەد بە دوژمنە ٠

ـ پس ٠٠ پس ، ٠٠ پس٠٠مام عەبدل پیاوی ئاغایـە !
ـ پس٠٠ پس٠٠ پس٠٠پس ـ پس ٠٠ پس ٠٠ پس ٠٠ دوژمنە !

ئیتر مام عەبدل گـەڕکرا٠٠ گول کرا٠٠ نەفرەتـی لێکرا ! ٠ئەویش لەلای خۆیەوەژیانی لا تاڵ بوو ٠٠ خـەوو خۆراکی لێ حەرام بـــوو ٠ئەبـوو بە ئاواتەوە بێـــت زنجەکـــەی بســوو تێنرێت ٠ماڵی تاڵان بکرێت ٠ زنـەکەی (خوانە خواستە) ٠٠ ئـــێ !ئـەی چۆن ؟! نابێ بێ‌سەلمێنێ کە پیاوی ئاغا نی‌یە ٠٠ کــــەبەکرێ گیراوی دوژمن نی‌یـە !

ئەوەی بە ئاواتی‌یەوە بـووخوا بۆی ڕەخساند ٠ گوندەکە بۆ جاری دووەم کەوتەوە بـەرشاڵاو ٠ سوپاسی بۆ یـەدو- قودرەتی خوای مەزن ٠ئەمجارەزنجەکەی وەك هی ئەو عالەمی خوایە ، بەر سووتاندن کەوت٠ئەجات ٠٠ بووەوە بە مـــام عەبدلەکەی جاران ٠ڕای گشتی فەرمانی بۆ دەرکرد کـــە لە خۆیانە ٠ ئەی چۆن ؟!زنجەکەی‌سووتا ٠ ئەویش وەك نـەوان، بۆ دروست کردنەوەی زنجـی‌نوێ ، کەوتە زەل‌کێشان !

هەق لە چیرۆکەکەی کـاك ئەحمەددا ، بەم شێوەیە سـەر ئەکەوێت ٠ وەك ئەبێـــــن شێوەیەکی زەبوون‌و زەلیلە ٠ شێوەیەکە پڕ لە پاڕانـــەوەودەستە وستانی ٠ پڕ لەپشت بەستن بەکارێك ٠٠ هــــەرکارێكو لە هەر یەکێکی تـرەوە کە فەرمانی پاکی‌و دڵسـۆزی‌پێ‌بەبەخشێت ٠ ئەگەرچـی لە دوژمنیشـــەوە بێت واتە لـەئەنجامدا هەر دوژمن بوو کـە فەرمانی پاکی‌و دڵسۆزی بـەمام عەبدل بەخشی لـە ڕووی ڕای گشتیدا ٠ سەیرە !٠٠٠ئەی ئەی ئاخۆ ڕای گشـتی گوند بۆی نەبـــوو هەر زووبڵێت ، دوژمن بە فریـــای نۆکەرەکەی خۆی (مـــامعەبدل) کەوت‌و ئەمجـــارە زنجەکەی ئەویشی سووتاند ؟ڕای گشتی نەبوو بڵێت:دوژمن ئەو هەڵە گەورەیەی جـــاری‌پێشووی خۆی ڕاست‌کردەوە؟!

با٠٠بەڵێ ٠ دەسا هەڵتوتاندنی کاك ئەحمەد لەم چیرۆکـــەدا ئالێرەدایە ٠ ەهق‌و ڕاســــتی‌لەناخی دڵو دەروونی مـــام عەبدل خۆیدا بوو بۆیە ئەبووئەنجامیشی لەوێوە دەســـگیر بخستایەو لە ڕووی ڕای گشتی‌گوندا بێ‌تاقاندایەتەوە کە ئاخۆ مام عەبدل پیاوی ئاغایـــە ؟!سەر بە دوژمنە ؟! یاخود ڕای گشتی هەڵەی فەرمووەو گەرەئەو لە ئاستی ئەودا بە چۆکـا بێت ٠ دیارە ڕای گشتی لـەم‌حاڵەتانەدا هەرگیز بە چۆکـا نایەت ٠ بۆیە بەسەرهاتەکـەبەردەوام ئەبێت ٠ ڕای گشتی غەزا ئەکات‌و تاکە کەسەکـەبەرگری ٠ ڕای گشـتی زاڵ ئەبێت‌و تاکە کەسە کــــەشەهید ٠

شەهیدی هەرە مەزنو نەمرلە لای من ، شەهیدێکە لــەم بابەتە ٠

ئەمە پوختـــەی باســـی‌چیرۆکی (دەستەی ئۆخەی)یە، کەوا ئەزانم باسێکی ووردو بایەخدارو ناسکەو جێگـەی ئافەرینە بۆ کاك ئەحمەد ٠

وەکی تریش چیرۆکەکـە ،لەڕووی هونەریەوە لەپێش- کەوتن بەدەرنی‌یە ٠ ناوەرۆکی‌ووردو ناســـك ، هــەردەم شـێوەی ووردو ناســـکی گەرەکە ٠

« لەوکاتەوەی بریاریـاندابلێین ـ نەء ـو بوونە تانـەی بانگلێنەی وورگ زلـە چـاوەدڕۆقیوەکەی دێ‌کەیان ٠ بۆ دوومین جار زنجەکـانیان وەك‌خێوی ئەفسانەی کورد ، دەمی ڕەشیان لێ‌پەیدا بـــوو ٠٠هەناسـەی دووکەڵاوی‌یـان ئەکـرد بەقوڕگی شەوا » ٠

هەر ئەم دەست‌پێ‌کردنەو بەم شێوەی داڕشـــتنە پڕو چڕەی کە پەل بۆ زۆر مانـــاوباس‌و خــــواز ئەهاوێت ، نیشانەیەکی ئاشـــکرای‌پێش‌کەوتنی چیرۆك نووســـە لەچاو (دارەکەی بەرماڵمان)دا٠

جووتیارانی دێ‌یەك کــــەلەژێر چنگی دەرەبەگێکـــایە ، لەڕوویا وەرئەگەڕێنەوەو ئەڵێن- نەء ـ ٠

بۆچی ئەڵێن ـ نــــەء ـ ؟!وەرامێکی ئاشکرامان نادا‌تـــە دەست ٠ تەنها هێندە بەبێت کە ئەو ـ نـەء ـە بۆ جـاری دووهەم ئەبێتە هۆی‌سووتاندنی‌زنجەکانیان ڕەنگە لەســـەر مولکانە بێت ٠ ڕەنگە لەسـەرداوێن پیسی بێت ، ڕەنگـە ! بەڵام ئاخۆ چە خوێنەرێـکی‌ئەم چەند دێرە (خوێنەری ئەم ڕۆژانە) ، هەرزوو لەناخـداسەرنجی بۆ شۆڕش ناچێت ؟! بەڵێ ئەچێت ٠

کەچووش، دیارە هەربەوبارەگشتی‌یەدا چاوەڕوانی بەردەوام بوونی کارەسات‌و ئەنجـامی‌ئەکات ٠ کەچی چیرۆك لەناکاو زنجیرەی دیمەنە گشتی‌یەکە ئەقرتێنێ‌و ئەمان گوێزێتەوە بۆ دیمەنی جیهانی ناوخـۆی‌تاکە کەسێك ٠٠ مام عەبدلێك! لەوێدا لەئاستی خەمێـــکی‌ساکاری مرۆڤێکی نــــاو دێ‌یـەکەدا گیرمان ئەدات ٠ئەم‌گواستنەوە بێ درێـژ دادڕێ بێ درێژ دادڕی‌یەی چیـرۆك‌نووس ،لەو دیمەنە گشتی‌یەوە بۆ ئەم تایبەتی‌یە ، چـەلــەم‌سەرەتایەی چیرۆکەکەیداو چـە لە لاپەڕەکانی تریدا ،نموونەی تەقەللادانی نوێ خوازی‌و بەرەو پێشەوە چوونێتی لـــە ڕووی هونەریەوە ٠

دوای خوێندنەوەی گشت لاپەڕەکانی چیرۆکەکە ، ئینجا لە ڕووی هونەری‌یەوە ئەگەینەئەو ئەنجامە گرنگەی کــــە سەرەتای خەمە ساکارەکـەی‌مام عەبدل ، لەســـەرەتای چیرۆکەکەوە دەست پێ‌ناکات(بەپێی نووسینی) ٠

بەڵکو بەپێچەوانـــەوە ،کۆتایی هاتنی‌کەوتۆتە سەرەتاو دەست پێ‌کردنی لە ساتێکدا‌یەکە بە شێوەیەکی هونــەری شـــاراوەتەوە لـەدوو توێی‌چیرۆکەکەدا ٠زنجیرەیەك ئاڵو گۆڕکردنی کات‌و شـــوێنی‌کارەساتەکانی چیرۆکەکەش ، بوونەتە هۆی سەرکەوتنی ئەوشێوە هونەری‌یەی خەمـــە ساکارەکـەی پێ‌خراوەبە پێش‌چاو ٠ بۆ نموونە با شـــوێن پێی ئەو زنجیرە ئـــاڵوگۆڕکردنەی کات‌و شـــوێن هەڵ‌بگرین :

یەکەم : دیمەنێکی فراوان :دێ‌یەك لەدێهاتەکانی کوردستان لەژێر چەپۆکی دەرەبەگێکدایە٠٠ شۆڕش هەڵ ئەگیرسێت دەرەبەك ئەچێتە پاڵ دوژمـن٠جوتیارەکان ئەڵێن ـ نەء ـو بەسەرهات دەست پێ‌ئەکات ٠

دووهەم : کاتی ڕاستەقینـە٠٠ یاخود کـاتی حاڵی حازری کارەسات : سووتاندنی جاری‌دووەمی دێ‌و خەمە ساکارەکەی مام عەبدل ٠

سێهەم : دیوی ناوەوە :هەست‌و نەستی مام عەبدل‌و ژنەکەی لەم جاری دووهەمەدا٠

چوارەم : سەرەتای بـاس: گەڕانەوەیەك بۆ ڕابـوردوو ٠ هەڵگیرساندنی شـۆرش ٠٠حـەزو ئارەزووی دەرەبەگ‌و هەڵویســــــتی (ڕەش‌وڕووتەکانی) دێ ٠

پێنجەم : ئەنجامی گشـتی- نەء ـ : سووتاندنی یەکـەم جاری دێ ٠

شەشەم : ئەنجامی تایبەتی:خەمەکەی مام عەبدل‌و داکشانی بۆ ناوەوە ٠

حەوتەم : گەڕانەوە بـــۆ(کۆتایی ـ سەرەتا) :هەردوو تێکەڵ ئەبن بەیەکتر ٠

هەشـــتەم : قرتانـدنی بەسەرهات : زەڵ کێشـــانو نف کردنی مام عەبدل لـــەدروست‌کەری ڕێگای دێ ٠

جگە لەمە ، نووسەر هەوڵی‌داوە لەداڕشتنندا (شـێوەی بروسکە) بەکار بێنێت ، کـەلەڕاستیدا گونجاو تــــرین شێوەی داڕشتنە بۆ ئەو زنجیرەئاڵ‌و گۆڕکردنەی لەکــــات‌و شوێندا ٠ وەهەروەهـــــاتەقەلادانی خەست کردنەوەی ووشەو ڕستە لەهەندێك جارابەو نیازەی مانایەکی فـــراوان تریان پێ بەدەستەوە بـدات،وەك « دووکەڵی خەست ، وەك قینی دەروونیان پێچی‌ئەخواردومنارەکەی قووت ئەدا ٠ وەیا « دەمی ویردی بـــێ‌تاقەتی‌ی ئەجوو » ٠« وەیـــا اوولەی چەکێ ،بەر لەپۆستاڵی‌خاوەنەکەی گەیشتە داڵانەکە » یا خود « لـەماڵی مـام عەبدل‌خۆرگیرا » ٠

بەڵام لەپاڵ ئەم کۆششـــەبێ ووچانەدا کە کاك ئەحمـەد کردوێتی ، بۆ ئەوەی خـــۆی‌لەکۆت‌و زنجیری شـێوەی کلاسیکی ڕزگار بکـــات‌لەهونەری چیرۆك نووسیندا ، کە کۆششێکی پیــــرۆزو پەسەندە ، ئەبینین لـــەزۆر ڕووەوە هێشتا کەم‌و کــووڕی‌هەیەو خۆی پێوە مانـــدوو نەکردووە ٠ گەورە ترینیـــان‌لاوازی‌یە لەزمانداو ئاڵۆزکاوی لە داڕشتنی ڕستەو بەکارهێنانی ووشەدا ٠ بێ‌گومان زمـان وەك پردێك بۆ پەڕاندنـەوەی‌هەست‌و بیرو هۆشی نووسەرو ڕاگەیاندنی‌بە خوێنەر بایەخێکی‌هێجگار زۆری هەیەو نابـێ فەرامۆش بکرێت ٠

بۆیە نووسەر چەندە بەسەرئەو زمانەدا زاڵ بێ کـەپێی ئەنووسێت ، باشتر ئەتوانێت پوختەی مەبەست بـــدات بەدەستەوە ٠

پاشماوەی : ـ شێخ مـــەحموودی نەمر ٠٠

مەحموودی نەمر جلـەوی بزوتنەوەی کوردایەتی گرتبوە دەستی مەردانەی خـــۆی‌و پاڵەوانانە بەرەو پۆپـــەی ئامانجەکانی نەتەوەی کـــورد دەی ئاژۆت تـا گـــەیاندیە ئەو شوێنەی کە لەوکاتـەدا هەر ئەوە دەکراو هیچی‌تر ٠

ئامانجی سەربەخۆیی شتێکی تازە نەبوو ، کە شێخ مەحموود داینابێ‌و ڕەچاوی کـردبێ بەڵکو هەر لە سەرەتای پەیـدا بوونـی بزوتنەوەی کوردایەتی ئەمە ئامانجی بوە ، شـاعیر فەیلەسووفی کورد « ئەحمەدی خانی » لەدیباچەی (مەم‌و‌زین)دا دەڵی :

**«بەختی‌مە ژبۆ مەرا ببێت‌یار
جارەك ببەتن ژخاب‌هشیار
«ڕابیت ژمەژی جیهان‌پەنا هەك
پدا ببەتن مە پادشاهەك »**

وە مێژووش پیشانماندەدا کە پێش شێخ مەحموودیـــش گەلیك لەو کەسانەی بە پێـی زرووفی کـــات‌و شوێنی‌خۆیان هاتوونە ڕیزی پێشـــەوەی خەباتی کوردایەتی ، هـــەر ئەو مەبەست‌و ئامانجەیـــان هەبوە کە شێخ مەحمـــوود ڕەچاوی کردبوو ، ئەگەرچـــی هەندێکیان وەکوو (بەدرخان)و (میری ڕەواندز) نزیکیـــان کردبۆوە بەڵام هیچکەسیان وا سەرنەکەوتن لە شـــێخ مەحموودی قارەمان سەرکەوت بێ‌گومان ئەم سەرکەوتنـــەی (شیخ) بێ‌هۆ نەبـــووە ، جاهەندی کەس (بەتایبەتی غەیرە کورد) وای لیک‌دەدەنەوەکە یارمەتی ئینگلیز بووە شێخ مەحموودی کردوتە (ملك)ی‌کوردستان هەروەکوو خەڵکی تریشی لە ڕوژ هەڵات کـــردە(ملك) ٠ ئەمانە دەبـــێ یانەزانن یا مەبەسـتیکی‌تایبەتی‌یان هەبی‌و خۆیان کێل بکەن وە بەلای ئێمەوە ئەمەیان‌ڕاسترەو ئەم مەبەستەیان شەخصی بێ هیچ بایەحێـکی نی‌یە ٠ ئەم جورە کەسانەی وابیر لە مەسەلەکە دەکـەنەوە- ئەگەر هێشتا مابن ـ وابباشە (یادداشتەکانی میس بێـل)و کتیبەکـــەی (ئیدمونس)ی نووسینەکانی حاکمـــــەسیاسی‌یەکانی تری ئینگلیـــز بخوێننەوە کە پێش دامەزراندنی‌ڕژیمی پاشایی لە عیــراق کاریان‌کردوە ، بەتایبەتـــی‌قسەکانی مەندوبی ســـامی بەریتانیا ڕۆژی ١١ی ئابـــی ١٩٣٠ لەسلەیمانی بەتەواوی بناغەی بیریان هەڵدەتێکێنێ ،دوکتور شاکر خصباك ئــەم مەسەلەیەی زورچـــاك‌ڕوون‌کردۆتەوەو ئاوا دەڵی :

(کاتێ شەری یەکـەمی جیهانی‌بەتیکشکانی دەوڵەتی عوسمانی کوتایی‌هـات ، کوردو عەرەب بۆ نزگاربوون لە نیری حوکمی عوسمانی بەتایبەتی‌و هەموو بێ ـگانەیەك بەگشتی ئاواتیان یەك بوو ، دەیانویست بۆخویان حوکمی خویان‌بکەن ، جا ئەگەر کورد لەسەرەتای ئەم قۆناغـــەدا ، داوای دەوڵەتێکی (سەربەخۆ)یـان‌دەکرد ئەوە ناگەیینی کە قازانجیان لەگەڵ قازانجـی عەرەب بەرەنگاری یەك‌دەبوو، عـــەرەب ڕوژیکێ لە ڕوژان نەیانویستوە دەسـت بەسەر کوردستاندا بـگرنو بیخـــەنە سەرخاکی خۆیان‌و « باخەڵکەکەی هـەر زەقەی چاویان‌بێت » زیاتر لەمەش بەریتانیا لێکی‌دابووە کــە دامەزراندنی‌هەرجـــورە حوکمێکی میللی کوردی ئاخری‌یەکەی سەر دەگێشێتە ڕزگاری‌تەواو کەماڵ وکوردستانی لەدەست دەردەچێ ، بەتایبەتی‌لەناو کوردا تاقمێکی سەربەخۆی نەبوو کە پشـــتیان پێ‌ببەستێ‌و حکومەتەکەی بۆ بگێــڕن هەروەکوو لە (عیراق)، ئەرکانی حکومەت دەست‌و پێوەندی بریتانیای گـەورەو دەست نیێژی ئەو بوون » ٠

(الکرد والمسألة الکردیة : د٠ خصباك چاپی‌یەکەم ٠ ل- ٨١) ٠

ئیستا کە عامیلی (پشتیوانی ئینگلیز) لە شیخی نەمر ، لـە حیساب دەراوێژراو وەهیـــچ پێویستی بەئیسپات کردنیش نەبوو چونکوو شەڕەکانی شیخ لەگەڵ ئینگلیز خوی شاهیدیکی زۆرچاکە بۆ ئەوەی کە ئینگلیز نەك هەر شێخیان نەویستوە بەڵکوو زۆریشـــیان دەدزی (ڕقیان لێی‌بوو)، جا بابزانین هۆی سەرکەوتنی شێخ چـــی بوەو بۆچی ئەوەی بۆ نـــەلواوە بۆ خەڵکی‌تری پێش‌خۆی نەلواوە ؟٠

شێخ مەحموود وەکوو هەمو دەیزانین لەبنەماڵەی سـەیدەکانی بەرزنجەیی‌و لە تایەفەی کاك ئەحمەدی شێخ بوو کـە لەناو کومەڵی کوردســتاندا شوێنێکی گەورەیان هەبـوو خەڵك بە پیرۆزیان دەزانـــی، شــەخسیەتی شێخ مەحموود هەر لە دەوری عوســـمانی‌دا دەستی کردبوو بە خـــــۆ دەرخستن ٠

شێخ وەکوو ئینسـانێك پیاویکی (متواضـــــع)و ڕووخۆش‌و نوکتەبـازو ڕوح سوك بوو ، دەسـت‌و دەم‌و داوێنی پاك بوو ،ڕیزی هەمو کەسێکی دەگـرت ، بەدەست‌و تفەنگی خۆی ئازابوو ٠ویداکار بوو،خۆی لەشەڕ نەدەپاراست‌و لای شەرم بوو خەڵك شـــەڕ بکەن‌و خۆی تەماشاکا ،زیرەك بوو ، خەڵکی لەبیر نەدەچووە یەکیکی جاریك دێ‌بـــای جاریکی‌تر تووشی هاتبایـەوە دەیناسیەوە،زۆرجار هەڵکەوتوە دوای چەند ساڵ یەکێـــکی دیوەو ناوی لەبیرچۆتـەوە لێی پرسیوە « ئەرێ‌تۆ کوڕی فلان کەس نیت ؟ » ٠

شێخ مەحموود پیاوێـــکی زاناو تێگەیشتوو بوو ، پیاوی خوێندەوارو تێگەیشـــتووی خۆش‌دەویست ، کتێــبو خوێندن‌و شێعرو ئـەدەب لای بەنرخ بوو ، لەبـــاری سیاسیشەوە ئەگەرچی لەهیچ مەدرەسەیەکی سیاسی نـەی خوێندبوو بەڵام توانی خـۆی بگەیەنێتە پلەیەك لەگەڵ پیاوە سیاسی‌یەکانی ئینگلیز دەربەری دوکتور کەمال مەزهـــەر ئەحمەد لە ژمـــارەی ١٤٥٤ی ڕوژنامەی (تەئاخی)دا ڕۆژی ٨-١٠-١٩٧٣ ووتاریـــــکی بەنرخی بەناوی (وثائــــق‌و حقائق جدیدة عن حرکــــات الشیخ محمود) بلاو کردوتەوە دەڵی :

« یەکێك لە هیزە هـــەرە گرینگەکانی ئەوخەباتــــــە ئازادیخوازانەی کە شـــێخ مەحموود سەرکردەیی دەکرد، بەپێچەوانەی بەشـــی زۆری بزووتنەوەو ڕاپەڕینەکـــانی کوردی پێشوو یا هاودەوری ، ئـــەوەیە کە لە چوارچێـــوەی تەقلیـــدی خۆجێیی کـــە کە مەوداو ماوەی جووڵانەوەی خەباتـی نەتەوایەتی میللەتـی کوردی تەنگ دەکــــردەوە ، دەرچوو ، شـێخ مەحمــــوود هەرکە پێـی نایە مەیــدانی سیاسەتەوە بە دووربینی خۆی تێگەیشت کە پەیوەندی لـــە گەڵ هێزە نیشتمانی‌و سیاسی- یەکانی‌تر چ لە کوردستان‌و چ لە وولاتانی ڕوژ هەلات یــا دەوڵەتەگەورەکان چەنــــدە گرینگە ٠ » ٠

جا بەلای منەوە هەمـــوو ئەوانە کۆبوونەوەو هـــۆی سەرکەوتنی شێخ مەحموودیان پێکهێنـــاوە چونکوو شـــێخ مەحموود سەرکـــــردەی ڕاستەقینەو خۆشەویستی نەتـەوەی کوردبوو کانـــی حوکمداری‌و پاشایـــەتی سەرکردە بوو ،کە ئیستیعماری ئینگلیزی (نفی) کـــــرد سەرکردەبوو ، ئەو ساڵانـەش کە لەداریکەلی دانیشتبو هەر سەرکردەم بوو سەرکردەیـی ڕاستەقینەو خۆشەویستی شیخ مەحموود کاتی زۆرچـــاك دەرگەوت کە (عبدالاله) چوو بۆ سلەیمانی‌و خەڵك لەباتـی ئەوەی گوی بدەنە (وصــی) ڕوویان کردە شێخ مەحموودو لەدەوری کۆبوونەوە ، تەنانەت لە مردنیشیدا هەر سەرکردە بوو ، ئەوەی بوتەرمی شـێخ مەحموود کراوە لە کوردستانا بۆ هیچ‌کەس نەکراوە هەروەها ئەو ڕەفتارە ناشیرینەی کۆنە پەرەستانی ئەو دەورە لەگـەڵ تـەرمە پیرۆزەکەی شـــێخ کردیان لەگەڵ کەس نەکراوە٠ شێخ مەحموود لای میللەتـــی کورد ئەوەندە گەورە ، ئەوەندە خۆشەویست بوو کونەپەرستان بەمردوویش لێی دەترسان٠ لێکۆلینەوەی ئەو مـــاوە مێژوویی‌یەی کە شێخ مەحموودی قارەمان لەکـێڕی خـــەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمـــان جڵەودار بوە کاریك نیە کـە بە مەقالەیەکی ئاوا جێ‌بەجـــێ بکری‌و پێویستی بەلێکولینەوەو سەرنجدانیــــــکی ووردو زانستی‌یانە هەیەو گومانـــی تیدانیە وسودێـکی زوری دەبی‌بۆ مێژووی خەباتـــی نەتەوەی کورد ٠

پـاشماوەی ـ کریسك ـ

گرتیخانە قەیدو مەربەتێـت میرانە ٠٠ بێ کەسپو کـارد بیت ، دهێتە بدویر ئێخستـن ژجهێ خەباتێ ٠٠ بەلـــێ ئەختیاریە ٠٠ مەکتەبەیە ٠٠ فێربونە ٠٠ زانینێ ئو تاقـەتێ ددەتە خەباتگەرا ٠٠شەهرەزاتر لێدهێن فیر دبنە نەخوشیێ٠ دزانیت نەخوشی یاچاوایـــە پێدحەسیت یێ بەلنگاز چـــاوا دژیت لسەر دونیا بەرین ٠هێن دەستێ زوردارادا هەمی ڕوژێت وی وەکی ڕوژێت وینە یێـت گرتیخانێ ڤە ٠ گەلەك تشتێت هەین حەتا مروڤ نەبینیت ئان بسەرێ مروڤی نەهێت مروڤ چاك نزانیت چەندا نەخوشە٠٠ چەندا تەحلە چەندا بێێشە ٠٠ هەکە مروڤ هەرێ تێر بیـــت نزانیت حالێ یێ برسی چیە ٠

درستکرن‌و وەرگێرانا :
علی نقشبندی
ژرۆژناما « الثورة »

پاشماوەی : هەفتەی باسێك٠٠

توندو تیژ ئەکرێت‌و لە بۆتەی ئەم خەباتەدا گەلانی ناوچـــەکە بەجۆرێك قاڵ ئەبن کە ڕەوتی شۆرشگێرانەیان بەهیچ هێزێك ڕاوەستێنرێت تا دوا قەڵای ئیمپریالیزم‌و هەموو بنکە کــۆنە پەرستیەکان لەناو ئەبەن‌و هەموو جۆرە چەو سانەوەیە کیانی لەگەڵا ئەنێژن ٠ جگە لەوەش کە بەزاندنی ئیمپریالیـــزمی ئەمەریکایی دەست‌و پێوەندەکانی‌لەم ناوچەیەدا مانای‌ڕوخاندن‌و لەناو بردنی بنکەیەکی گرنگیتی لە ناوچەیەکی گرنگی جیهاندا، بۆیە دوژمنایەتی کردنی ئیسرائیل بەنیا ئەرکی گەلانی عەرەب نیەو بەڵکو ئەرکێکی پیرۆزی هەموو گەلانی جیهانە کە ئەوەتا ئەمرۆ دڵسوزانە پیشکەوتن خوازان ئینتەرناسیونالیســـتانی دنیا بەجێی دێنن ٠ لەگەڵ ئەمەشدا ئەبێ گەلانی ناوچەکـــە لەهەموو لایەك زیاتر دڵسوزانە ســـەیری مەسەلەکە بکەن‌و بەقوولی تێی بگەن‌و بەشێوەیەکی کاریگەرانە لەپێنـــاوی لەناوبردنی ئەو بنکە ئیمپریالیستیەی ئەمەریکادا پشــــتگیری گەلانی عەرەب بکەن‌و بە مەسەلەی خۆیانی بزانن ٠ وە وەکـــو وتمان وا سەیری مەسەلەکە نەکەن کە ئەوە جەنگی نێـــوان ئیسرائیل‌و هەندێك ڕژیمی عەرەبە ، وە لەبەر ئەوەی کــــە هەندێك لەو ڕژیمانە بەکۆنەپەرست‌و نادروست بزانین ئیتــر حەزبە شکستی هێزەکانی عەرەب بکەین ٠ ئێستا کە هەندێك لەو ڕژیمە عەرەبیانەی لە جەنگدا بەشدارن یان لە کۆنەپەرستیدا نوقمن دەیان دەماری شۆفێنیزم‌و کۆنەپەرستیان بەهـــــەر جۆرێك بێ تیایە ئەگەر ئیسرائیل جەنگ بەرێتەوە ئەم ڕژیمانە نین کە تیا ئەچن بەڵکو گەلی عەرەبـــی خــــاوەن حەق‌و زوڵم لێکراوە کە تیا ئەچێت ، وە ئەم ڕیژیمانە ـ وەکو ئەردەن‌و سعودیەو هینی‌تر ـ کە لەبەر هەر هۆیەك بێت دێن‌و لەشەردا بەشدار ئەبن لە یەك کاتا ئەبێت هان بدرێن‌و زیاتر پەلیـان پێوە بنرێـــت بـــۆ نـــاو کـــۆڕی جـــەنگ‌و چڕی ناکوگی ناوخــــۆی گەلانی عەرەب‌و ئەم ڕیژیمـــانە دوابخرێت بۆ دوای سەرکەوتن کــــەبێ گومان ئەوسا باشتر چارەسەرو لابەلا ئەکریت ئەبێ هەموویەکیکمان بەم مەسەلەیە بە چاوێکی ژیرانەو دڵسوزانە بکوڵێتەوەو هەندێك بیرکردنەوەی تەســـــکی نەتەوە پەرستانە وامان لێ‌نەکات کـــە بکەوینە هەڵوێستێکی واوە کـــە لە دوا شی‌کردنەوەدا هەڵویســـتی ناڕاست بیتە دوژمنی مەسەلە پنچینەیەکانمان ٠ وە پێش هەموو شتێك ڕۆڵەکانی گەلی کورد کە خۆشیان ساڵەهای ساڵە دچاری چەوساندنەوەو زۆرلی‌کردن بوین نابێ هەرگیـــز دژ پشتگیری چەوساندنەوەی گەلێکی‌تر بکەن ، وە ئەبێ لەڕیگای تێگەیشتنێکی عیلمی ژیرانەوە ئــەو بیرورا چــەوتانەی دوژمنانمان چەند ساڵە خەریکی چەسپاندنین لە مێشـــکی زۆرمانا ، کە گوایە عەرەب دوژمنانە لەرەگوریشە هەڵکیشین٠ ڕاستە کە هەندێك ڕیژیمی کونەپەرستی عەرەبی گەلەکەمانیان چەوساندۆتەوە ، بەڵام ئایا ئــەو ڕیژیمـــانە لەهەمان‌کاتدا بەجۆرێکی تر گەلی عەرەبیشیان نەچەوساندۆتەوە ٠ وەئایا ئەو چینەی دەسەڵاتی بەدەست بوەو کـــوردی چەوساندۆتەوە نوێنەری هەموو گەلی عەرەب بوە ؟ بێ‌گومان نەء ، چـــونکە هەرچەندە گەلێ کەس خۆیان گێل ئەکەن بەڵام ئەو ڕاستیە شتیك نیە ئەوەندە شارراوە بێت‌و نەکەوێتە بەرچاو وە ئەوە زۆر ئاشکرایە کە لە کومەڵگایەکی فرەچیندا هەرچینێــك دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت چینە ناکۆکەکانی ئەچەوسێنێتەوە ، بەرئەوە با پیشکەوتنخوازو هەموو دڵسۆزەکانی گەلەکەمان زیا بین‌و شوین پروپاگاندەی بێ‌بنچینەو بیر کردنـــەوەی تەسکی ناعیلمی‌نەکەوین‌و بوار نەدەین کە جۆرە پروپاگاندەی وا دوژمنانە جێی خۆی بگرێت‌و بەئامانج بگات ، باچـــەند لەتوانادایە دژی ئیمپریالیزم‌و داردەستەکەی کـــە زایۆنیستە ئیسرائیلیەکانن بجەنگین‌و پشتگیری گەلانی تێکۆشەر لەپێناوی مافەرەواکانیاندا بکەین ، خەباتمانیان توند لەگەڵا گرێ بدەین وەك هیزێکی مەزنی یەکگرتوو بەرەو پیش‌بڕۆین ، وە ئەنجام سەرکەوتن هەر بۆ خەباتی ڕەوای گەلانەو تێ‌شکان‌و بەزین بۆ ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستان‌و هەموو دوژمنانی گەلانە ٠

پاشماوەی : لەشیعری یەمـــەنی ٠٠٠

عەدەن ، ئەی مەڵبەندی دلێرانی دوورگە
ئەی جەنگاوەری کـــۆڵ‌نەدەر ٠٠
ئەی بانگەوازی ، بـابانـی‌کپ‌و بێ‌دەنگ ٠٠
تینوی سەربەستی نـــەمدورگە ٠٠
لە باوەشی گرمـــەی بۆمبای ٠٠
ئەم شارە ئازیزە ســـەردەهێنێت ٠٠
بۆیە ، کاتێك ٠٠
هەتاو دەستی تیشـــکی‌خۆی بۆ درێژ دەکات
بەچۆکا ٠٠ لەسـەر دەم‌دەکەون ٠٠
بەهەر دوو لەپ بەری چاوی‌خۆیان دەگرن ٠٠
دەیانەوێت ، بۆ باوەشـی‌دۆلار ڕاکەن ٠٠

پاشماوەی : مێـژووی عـــەتر

ئەم کارەبکەن ، وە لەم کارەدا ئەوەندە سەرکەوتن ناویـان لێنان (ئوستاد) وەئیتالیـەکانیش هەر لەمانەوە فێـری دروستکردنی عەتر بوون ٠

بەهـــۆی شـــەری (صلیب)ی‌یەوە فەرەنسایـیەکانیش فیری دروســــتکردنی عەتر بوون ٠ بەڵام ئەوان هەر لەسەرەتاوە عەتریان بـــۆ ئارایشت‌و خۆرازاندنەوە بەکار ئەهێنا ٠٠ شارەکــــانی (پرسپولیس)و دەوروپشتی عەتریان بەدیاریەکی ئاسمانی ئەزانی‌و لایان زۆر پیرۆز بو ٠ لەباخچە هەڵواسراوە بــــە بەناوبانگەکاندا ئەو کـــوڵ‌و ڕیحانانەیان ئەچاند کە عەتری لێ دروست ئەکرا ،وەگرنگترین گوڵێك کە لە (بالیـــون)دا ئەچێنرا بریتی بوو لە(میموضلە یاسەمین ، گوڵی ســـور ، لەیلا) ٠٠ وچەند چەشــــنە گوڵێکی تر ٠

ئاردەلان لەگوڤـاری ـ خواندنیها ـی فارسیەوە کردویە بەکوردی

پاشماوەی : پۆستەی خوێنەران

٭٭٭

**نەك جارو دوان
بەژمارەی (شــــەوانی
ژوان)
سوێندتان ئەدەم
هەتا ٠٠!
دڵم بەئاوی ڕۆشنی(ڕاستی)
تـان
بشۆنەوە ٠٠
هەتا ٠٠
کۆنە برینەکان
بە خوێنی زام
دوا خوشەویستی تـان
بشۆنەوە**

فاضل شەورۆ

ئەم ئاوازی سازی بەرز بوەوە دەنگی ناساز پوكایەوە!

● ماوەی شەش ساڵە ..دەنگێكی ناسازو گێژ ..
لە ئەشكەوتێكەوە ..
تاریك‌و نوتەك‌و گومان لێكراو ..
دژی گەلی عەرەب ..
گەلی فەلەستین .. بەرز ئەبێتەوەو ..
بڵاو ئەبێتەوە ..
- گوێی بۆ شل ئەكرێت ..!
● ڕاستە ، ئاوازی سازو.. دەنگی دلێریش ..
لە چەند گۆشەیەكی ترەوە ...
وەك شنەی شەماڵ ئەیدات بەلای مرۆڤدا ..
- بەلام ....
كزو ..لاوازو بەدیمەن بێ‌وزە !
● گوایە .. خاوەن سەرمایە گەورەكان ..
وزەدارو .. زرنگ‌و ..بەدەسەلات‌و ژیرو حەكیمن..!
گوایە گەلان ، یان ڕەنجبەران ..
بێ‌وزەو كەللە ڕەق‌و كورت بین‌و ناحەكیمن ..
... جارێكی تریش ..
- بەلام ،..
دەنگە كزو لاوازەكە ، ئاوازە بێ‌نازەكەی جاران ..؟
● تا ئەهات ، تاوی ئەسەند ..
نازی پەیدا
ئەكردو ورۆژمی ئەهانی ..
لەكوێ ؟!
● لە كوردستان ..،
لە ڤیێتنام‌و .. ڤیێتنان
تیان‌و ..
لە هاڤاناو .. گۆلان ..
لە شەرم الشیخ‌و .. گینیا
بیساو ..
- هەر ئەروات‌و ناگیرێستێە
وە ..
تا هەموو گۆشەیەكی دنیا
ئەگرێتەوە ..!
- ئەوسا .. ئەو ساكێ
ئەحەسێتەوە ؟!
● گەلان ..
ڕەنجبەران !

ر ، ئ ، ب

هەرجارەی نوسینێك ●●●

رایەك بۆ لێكدانەوەی « خونفوسیەت »

فوئاد قەرەداخی

ڕاستە كە سەرو سیمای هیچ یەكێك بەلگە نی‌یە بۆ رادەی ئامادەبوونی ، یا كەم بایەخدانی ، بە هاوبەشی‌كردنی خەباتی شورشگێرانەی گەلەكەی ، بەلام هەموو ڕواڵەتێكی كۆمەلایەتی - بمانەوێ یا نەمانەوێ - سەرچاوەیەكی چینایەتی هەیە كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەباری ژیانی ماددی خەلك‌و باری سیاسی‌و ڕۆشنبیری كۆمەلگاوە هەیە .

بەم پێ‌یە لە لێكۆلینەوەی هەر ڕواڵەتێكدا ، ئەبێت سەیری ئەو بارە كۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و ڕۆشنبیری‌یە بكەین كە ئەم ڕواڵەتە دروست ئەكات ، پاشان حوكم بدەین بەوەی كە ئەم ڕواڵەتە نیشانەی چی‌یەو بەلگەی چیمان ئەداتە دەست .

لەسەرێكی ترەوە ، هەر ڕواڵەتێك ، ئەبێت بەپێی باری تایبەتی هەر كۆمەلگایەك هەلسەنگێنرێت . ئەگەر نیشانە بێت بۆ جولانەوەیەك لەدژی یاساو نەرێتی دواكەوتووی كۆمەل‌و ، بۆ ڕزگاربوون بێت لەو خوو ڕەوشتانەی كە كۆمەلگا بەزۆری زۆردارەكی سەپاندوویەتی ، ئەوا جوولانەوەیەكی پەسەندەو دیسان - بمانەوێ یا نەمانەوێ - جێگەی خۆی ئەگرێ‌و ئەبێتە كارێكی باو لەژیانی ڕوژانەی خەلكدا . خۆ ئەگەر تەنها بریتی بێ لە لاسایی‌كردنەوەو لە كۆمەلگایەكی ترەوە خوازرابێت كەلەڕوی باری سیاسی‌و ئابوری‌وكۆمەلایەتی‌و ڕوشنبیری‌یەوە جیاوازبێت وە لەگەل بەرژەوەندی‌یە ڕاستەقینەكانی كۆمەلانی خەلكدا نەگونجێت‌و هیچ كارێك نەكاتە سەر پێشخستنی پیویستی‌یەكانی گەشەكردنی كۆمەلایەتی ، ئەوا نەك هەروەك گێژەلووكەیەك دێت‌و دەڕواو نامێنێت بەلكو بۆ ئەوەی ڕێگای ئاسایی گەشەكردنی كۆمەلایەتی بەرێك‌وپێكی‌و خاوێنی بمێنێتەوە ، پیویستە كەسە هوشیارەكانی ئەو كۆمەلگایە بەگژیا بچن‌و ڕیسوای بكەن‌و هەولی چارەسەركردنێكی ئانستی‌یانەی بدەن تابتوانن زیانی تارادەیەكی زۆر كەم بكەنەوە .

هەر لەم بڕی سەرنجەوە ، پیویستە بڕوانرێتە ڕواڵەتی (خونفوسیەت) . ئەو كەسەی لێی ئەكۆلێتەوە - بۆ ئەوەی لێكولینەوەكەی وورد بێت - پیویستە بیبە ستێتەوە بەم قۆناغەوە كەگەلی كوردی پیا ئەڕوات . هەروەها بیبەستێتەوە بەئەركەكانی لاوانی كوردو هەرزەكارەكانی ، لەئاستی ئەو بارە مێژوویی‌یەو ئەو پیویستی‌یانەی كە سەركەوتنی مەسەلەی ئازادیخوازانەی كورد گەرەكیەتی تا بزانین تاچ ڕادەیەك ئەوە دووركەوتنەوەیە لەو ئەركانە یا نزیك بوونەوەیە لێی . هەروەها چاكترین شێوە بۆ لێكدانەوەی (خونفوسیەت) ئەوەیە لەڕووی چینایەتی‌یەوە بێت بۆ دەست نیشان‌كردنی سەرچاوەی سەرهەلدانی ئەم ڕواڵەتە ، وە بۆ ناسینی ئەو چینانەی كە ڕواڵەتەكە هەست‌و ئارەزوو و جیهان بینی دەرئەبڕێت ، بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو چینانە جەماهیری كرێكاران‌و جووتیاران‌و زەحمەتكێشانی گەلەكەمانن یا چینی بورژوازی‌و وورده بورژوازین ، وە ئایا ئەو توێژە كۆمەلایەتی‌یەی ئەم ڕواڵەتەیان تیا تەشەنە ئەكات ، هەر مەسەلەی بایەخدان بەخوێن (الانا) یان لامەبەستەو سەرنج دانیان بۆ كۆمەلگاو باری ژیانی ماددی جەماهیر ، لەسووچی بەرژەوەندی (تایبەتی) یەوەیە ، یا جۆری بیركردنەوەیان خۆیی (ذاتی) یانەی‌یەو مەوزوعی‌یانە سەرنج ئەدەن‌و لە سووچی بەرژەوەندی فراوانی (گشت)ەوە تێی ئەڕوانن !

« خونفوسیەت » وەك ڕواڵەتێك ، كە ئیمڕۆ لە زۆر لای ئەم دنیایەدا سەری هەلداوە ، ئەبێت بە یەك چاو سەیری نەكرێ . ئیدانە كردنی یاستایش كردن‌و پیاهەلوتنی ئەم ڕەفتارە ، ئەبێت بە پێی باری هەر كۆمەلگایەك بەجیا دیاری بكرێت . بەو پێ‌یەش حوكمی ئەوەی بەسەرا بدرێت ، كە كارێكی لاسایی‌كردنەوەیە یا یاخی‌بوون ، كارێكی شۆڕشگیری‌یە یا وون بوون ، كارێكی هوشیارانەیە یا وێل بوون‌و سەرلێ‌شێواوی ..

بڕوانە ل -٤-

عەتر لە مێژوودا

نزیكەی شەش هەزار ساڵ پێش زاینی میسرێكان نو بیاز عەتر بدۆزنەوە ، ئەو گیاو گولانەی كە عەتریان لێ ئەگرتن لەزەوی‌و زارەكانی (یەمەن)دا ئەچێنران ، میسرێكان لەپێشدا لە ئبوواره ئاینی‌یەكاندا عەتری گولیان بەكار ئەهێنا ، زۆری پێ نەچوو ئەم نەریتەیان تەرك كرد ، عەتری گول لەوسەردەمەدا یەكێك بووە لە بەرهەمە گرنگەكانی ولاتی میسر كە بۆ بازاڕەكانی دەرەوەیان ئەنارد .

كاتێك كە جولەكەكان بەخولامی گەیشتنە لای فیرعەونەكانی میسر فیری دروست كردنی عەتر بوون‌و ئیتر فێركردنی لە هەموو كاتێكدا بەكاریان ئەهێنا .. بەشیكی زوریشیان لە گول‌و گیاكانی كێوەكانی (همالایا) دروست ئەكرد وە بە نرخی ئالتون ئەیان فرۆشت‌و هەروەها بەعەترو ڕیحانەو گیا بۆن خۆشەكان لاشەی فیرعەونە مومیا كراوەكانیان بۆن خوش ئەكرد .. یونانیش بنكەیەكی گرینگی عەتر دروست كردن بوو ، ئەو عەترانەی كە ئێستاش دروست ئەكرێن‌و بازارەكانی پێ ئەرازێنەوە ناگەنە ئەو عەترەی كە لەو سەردەمەدا لە (قبرس)دروست ئەكرا . یونانێكان بەنیا لە كاروباری پزیشكی‌دا بۆ داوودەرمان عەتریان بەكار ئەهێنا . ئەویش چەند پزیشكیكی شارەزا ئەیان توانی

بڕوانە ل -٧-

لەشیعری یەمەنی دیموكراتی هاوچەرخ

شیعری:عەبدول عەزیز مەقالیح
وەرگێڕانی : ئەرسۆ

ئەی شارە شۆڕشگێڕەكەم ..!
هەژارەكان ، تێكوشەران ،چەوساوەكان ..
گشت ئەوانەی ، خەو بەرۆژێكی نوێ
خەو بەشۆڕشی چەوساوەكانەوە ..
بە یەمەنی كۆمونیستەوەدەبینین ..
هێزو پێزی بانگەوازی ....
ڕێگای دووری ئەم كاروانە ..
لە بیلبیلەی چاوەكانی‌تۆ دەبینین ..
ئەی شارەكەم ..
دەزانی من چۆن تۆم دەوێ ؟
وەكو تیشكی هەتاو ، سووربێت
وەك چۆن ئەستێرە تۆی‌دەوێ ..
گۆڕستانی چلكاو سوور بێت ..

بڕوانە ل -٧-

كوردستان‌و كورد

كتیبی كوردستان‌و كوردكە دكتور عبدالرحمن قاسملو دایناوە ، مامۆستا عبداللەحسن زادە كردویەتی بەكوردی هەفتەی داهاتوو ئەكەوێتە بازارەوە .

ئەوی عەرەبی‌یەكەی خوێندبێتەوە ئەزانێت كە بەرهەمێكی نایاب‌و بەنرخە لەبەرئەوە لە كتێبخانەی كوردی‌دا شوێنێكی بایەخدارو گرنگی ئەبێت ، هیوادارین ئەم جورە بەرهەمانە هەمیشە ڕوو لەزیادبوون بن .

بۆئەوەی لەخونفوسیەت بگەین

ئومێد ئاشنا

● خونفوسیەت شەپۆلێكی ئالۆزاوە ئارام دەبێتەوە
● خونفوسیەت لای ئێمە لاسایی‌كردنەوەیەكی كوێرانەیە .
● جنس یەكەمین هۆیە لەدروست‌بوونی خونفوسیەتدا
● جیاوازی نێوان خونفوسێك‌و ڕۆشنبیرێكی شۆڕشگێر ئاسمان ورێسمانە .

ئەم مەسەلەی خونفوسیەتەوگەشەكردن‌و گرنگی‌پێدانی لەلایەن كەسانێكی زۆر لەنەتەوەكەمانەوە كە زۆربەی لاوانن پێویستی بە لەسەردوان‌و شی كردنەوەیەكی قولەو بەمەرجێ (لەسەر بنچینەیەكی‌زانستیانەی كۆمەلایەتیانە) بێت . دەربارەی ئەمە كاك فەهمی قەرەداخی لەژمارە (١٨٥)ی ئەم ڕۆژنامەیەدا ڕێپورتاجێكی ئامادەكردو لەپاش ئەوە كاك (عبداللە عباس) بەشێوەی وەلام دانەوەیەكی كاك فەهمی لەژمارە (١٨٧)ی هەمان ڕۆژنامەدا چەند بیروڕایەكی نووسی ، لێرەدا پێش ئەوەی بێمە سەر دەربڕین‌و بیروڕای خۆم دەربارەی ئەم مەسەلەیە لەسەر هەردوو نووسینەكە چەندسەرنجێكم هەیە :

١ - ڕێپورتاجەكەی كاك فەهمی زیاتر جەماسەت‌و گالتە پێ‌كردن‌و تانەلێدان بالی بەسەردا كێشابوو واتە لەسەر بنچینەیەكی زانستیانەی كۆمەلایەتی مەسەلەكەی شی نەكردبوەوە .

٢ - تەنیا باسی خونفوسیەتی كردبوو لەسلەیمانی‌دا وەك هەر لەسلەیمانیدا ئەمە هەبێ .

بەلام نووسینەكەی كاك عبداللە عباس ئەو تیابوو كە ڕاستەوخۆ مەسەلەكەی بەستووە سیفەتەی ناهەمواری كۆمەلایەتیەوە . پێشەكی نووسینەكەی بەباری خالێ گرنگ دەست پێ‌كردبوو . یەكەم دەلێت (باڵەلاوەكانمان) بەسێ بگەیەنین سەربەستی‌مەسئولیەتە) وە دووەم ئەگەڕێتەوە بۆ بناری‌ڕۆشنبیری‌و لێ‌ڕوانینی هەریەك لەئەندامانی كۆمەڵ لەوخونفوسانە چونكە هەركات شەپۆلێكی نوێی نەبینراو دێتە كۆمەلەوە ڕەخنەگرانی هەیە . ئنجا ئەو ناوو ناتۆرە لێ‌نانە لایەنگیری خونفوسیەتی‌یەو لایەنگیران‌و ئەگەڕێتەوە بۆ تەبیعەتی ئەورەخنەگرە خۆی چونكە خونفوسێكی بریندار نەكردوە .

لەخالێ سێ‌یەمیدا ئەتوانین بلێین كە ئامادەبوون (استعداد)ی ئەولاوە ئەتوانێت ڕاست‌وناڕاستی ئەم خالە دیاری بكات چونكە ئەگەر ئەولاوە خۆی ئارەزووی نەبێت‌و نەیەوێت بچێتە ڕیزی ئەو ڕێكخراوەوە

بڕوانە ل -٤-

گۆشەی ئافرەتان

بوكە شوشەی منالان

خوشكی بەرێز :
كڕینی بووكە شووشەو یاری جوان ، بۆ منداڵەكانت، كارێكی جوانەو پێویستە ، چونكە منداڵ زۆر دلی بەو جۆرە شتانە خۆش ئەبێت بەلام بەتەنیا كڕینی ئەو جۆرە شتانە بۆ منداڵەكانمان بەس نیە وەك مەبەست لەوەبێت لەكاتی گریانا ژیریان بكەینەوە یا: بۆ ئەوەی لە خۆمانیان دوور بخەینەوە‌و بەو بووكە شوشانەوە خەریكیان بكەین خوشكی بەرێز پێویستە ئەوە بزانی لەهەموو شتێكا ئاگاداری منداڵەكەت بیت ، ئەو بوكە شووشەو ئامرازی یاریانەی بۆی ئەكڕیت‌و بەدیاری ئەیدەیتی پێویستە بۆ پەروەردە كردنی منداڵەكەت ئەوەبەگران نەزانی ئەوەیەك لەكاتی خۆت تەرخان بكەیت بۆ فێركردنی منالەكەت بەوەی ئامرازی یاری‌و بوكەشوشانە بەباشی بەكاربهێنێ بەم كردەوەیە منالەكەت فێری ئەوە ئەكەیت شتومەكی جوانی منالانەی لەدلدا خۆشەویست ببێت ، بەوە هەر لەسەرەتاوە فێری ئەوە ئەبێت پارێزگاری شتومەكەكانی خۆی بكات بەتایبەتی ئەو شتومەكانەی كە خۆی سوودیان لێ وەرئەگرێت‌و پێویستی پێیانە .

- شیرین عباس -



دەوری ئافرەت جەنگاوەر ..

لەفلیمێكی نوێی سۆڤیەتدا

تا ئیستەش ڕووداوەكانی جەنگ لەلایەن نووسەرو شاعیرو هونەرمەندەكانی سوڤیەتەوە بایەخێكی زۆری پێ ئەدرێت‌و تائیستەش تۆماركردنی فلیمی سینەمایی لەو بارەیەوە بەردەوامە كەبەدرێژی بەگژاچونی نازیەكان‌و خۆڕاگرتنی گەل بەرووی داگیركەراندا پیشان ئەدات ..

نوێ ترین فلیم كە لەم بارەیەوە لەیەكیتی سوڤیەت دەرچووە ، فلیمێكە بەناونیشانی« بەرەبەیانێكی هیمن » كە هونەرمەند « ستانیسلاف روستوفسكی » دەری‌هێناوە ، چیروكی ئەم فلیمە « پوریس ناسیلیف » نووسیویەتی ، ئەوەی شایەنی باسە ، هەردووكیان لەكاتی جەنگا، لەبەرەی بەگژاچوونی نازیەكاندا سەربازبون .

ناوەرۆكی ئەم فلیمە دەوری ئافرەت شان بەشانی پیاو لەكاتی جەنگدا نیشان ئەدات .

ئەمەش چەند وینەیەكە لەفلیمی ناوبراو لەگەل وێنەی دەرهێنەرەكەی .

هەندێ كەس گێلانە سەیری مەسەلەكە ئەكەن چونكە شەیتان كەس ناباتە بەهەشت

● سەركەوتنی سەهیونیەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا ، سودبەكێ ئەگەیەنێت‌و زیان بەكێ ؟! ئەمە لەلای هەموو ڕۆشنبیرێكی نیشتمان پەروەر ئاشكرایەو پێویست بەلێكولینەوە ناكات .

● بەلام ، ئەگەر ئەو كەسانەی كە تائیستا دوو دلن لەمەسەلەكە ، نەختێ بیربكەنەوە كە سەهیونیەت ، ڕێژیمێكی ڕەگەزپەرستی عەسكەری داگیركەرو دار دەستی ئیمپریالیزمەو دژی هەموو جولانەوەیەكی نەتەوایەتیو پێشكەوتن خوازییەو بنكەیەكی كارامەو لەباری پیلان‌و جاسوسیەت‌و ئاژاوە نانەوەیەو لەوێوە نەخشەی لەخشتە بردن‌و لەناوبردنی هەزاران جولانەوەو كەسانی نیشتمانی پێش‌كەوتن خواز ئەكێشرێت . هەر بەتۆزێ بیركردنەوەو خۆ گیل نەكردن ، بۆیان ڕوون ئەبێتەوە كە پێویستە هەموو نەتەوە پەروەرو ئازادی خوازێك خەباتی خۆی یەك بخات لەگەل خەباتی ئەوانەدا كە ئەچن بەگژ هار ترین دەستو پێوەندی ئیمپریالیزمی ئەمەریكادا بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای خۆیان گێڕانەوەی هەزاران خێزانی ئاوارەو سەرگەردان بۆ ناو مالەكانی خۆیان‌و ڕزگاركردنی كۆرپە نارداره‌كان لەسوال كردنی‌سەر شەقامەكان وچوونەوەیان بۆ قوتابخانەو باخچە زەوت كراوەكانیان ! وا بە ئاشكرابەو دوو دڵ‌و ڕاراو گێلانە ئەلێین « كە شەیتان كەس ناباتە بەهەشت ! » و بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی كوردیش یەك جەمسەرە لەگەل بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی دنیا .

- نووسینی - دەوا -

institut kurde de paris